RÛDAW
ژمارە (527) دووشەممە 2018/10/29 - 7ی گەلاڕێزان 2718 (750) دینار

## پێنج ڕێکخراوی ناحکومی دەدرێنە دادگا

**ڕووداو- هەولێر**

پێنج ڕێکخراوی ناحکومی بە تۆمەتی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی و فێڵکردن لە خەڵک و کۆمپانیاکان دراونەتە دادگا. یەکێک لە کەیسەکان پەیوەندی بە سێ ڕێکخراوەوە هەیە کە 560 ملیۆن دیناریان بە ناوی چالاککردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لە ڕێگەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە وەزارەتی دارایی وەرگرتووە. ڕێکخراوێکی دیکەش کە 40 ملیۆن دیناری وەرگرتووە، بە تۆمەتی بە هەدەردانی سامانی گشتی لەلایەن دەستەی دەستپاکییەوە دراوەتە دادگا. کەیسێکی دیکە کە ئێستا لە دادگایە، کەیسی ڕێکخراوێکە بە ناوی پرۆژە بۆ ئاوارەکان 15 ملیۆن دۆلاری لە کۆمپانیاکان و خەڵک وەرگرتووە. ئەکرەم جەمۆ، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی دەڵێت: "ئەو ڕێکخراوە نزیکەی 15 ملیۆن دۆلاری خەڵک و کۆمپانیاکانی لەلایە و نەیداوەتەوە، ڕێکخراوەکە بەناوی هاوکاریکردنی ئاوارەکان چەندین تەندەری لە بواری تەندروستی و کەلوپەل و دروستکردنی کابینە وەرگرتووە. کەیسەکە لە دادگایە و یەکلانەکراوەتەوە".

ئەکرەم جەمۆ، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە (ڕووداو)ی گوت گەندەڵییەکە لە سەردەمی ئەواندا نەبووە و پێشتر کراوە. ساڵانە 15 ملیار دینار بۆ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تەرخان کراوە، بەڵام لەدوای دەستبەکاربوونی ئەوانەوە حکومەت هیچ بودجەیەکی بۆ کار و چالاکی ڕێکخراوەکان تەرخان نەکردووە.

«2



**جەلال مەلەکشا لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕووداو:**

### شێعر ژیانی منی بە قوڕدا کرد

### کێ دەبێتە پارێزگاری هەولێر؟

5

**کۆنە دیپلۆماتکارێکی عێراق:**

### کورد دەبێ بە سێ کێشەوە بچێتە بەغدا نەک 20 کێشە

7

# یەکێتی جێگری سەرۆکی حکومەتی دەوێتەوە

ئەگەر جێگری سەرۆکوەزیران وەرنەگرین ڕەنگە بەشداری حکومەت نەکەین

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

3




**ئابووری** 8

### چارەنووسی 31 هەزار فەرمانبەری گرێبەست نادیارە



**ڕاپۆرتە هەواڵ** 2

### کچێک و کوڕێکی کورد لە ڕێگەی پەبجییەوە دەبنە هاوژین

**تاراوگە** 14

### گادفازەری بەرلین کوردە



**کۆمەڵایەتی** 13

### گەنجێک لەسەر مانگایەک دەکوژرێ



## لە کەرکووک زەوییە کشتوکاڵییەکان لە جووتیارانی کورد قەدەخە دەکرێن



**ڕووداو- هەولێر**

بە بڕیاری ڕاکان ئەلجبووری، پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووک، بەکارهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە جووتیارانی کورد لە ناحیەی سەرگەڕان قەدەخە دەکرێ. زاهیر عەلی حەسەن، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک، هاوپێچ نووسراوێکی پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووک بۆ هۆبەی کشتوکاڵی سەرگەڕان ناردووە، تێیدا جەخت لەوەکراوەتەوە، نابێت جووتیارانی سەرگەڕان زەوییە کشتوڵەکانیان بەکاربهێنن. وەک لە نووسراوەکەدا هاتووە، بەمەبەست لەو کارە ڕێگریکردنە لە دروستبوونی ناکۆکی، تاوەکو ڕێوشوێنەکانی ئەو لیژنە تەواودەبن، کە لەوبارەوە لەلایەن سەرۆکوەزیرانەوە ڕاسپێدراوە. بەو پێیەش بێت 38 گوندی سنووری ناحیەی سەرگەڕانی سەر بە قەزای دوبز لە پارێزگاری کەرکووک ناتوانن، کاری کشتوکاڵی لەسەر زەوییەکانیان بکەن.

### یەکێکیان 15 ملیۆن دۆلاری بردووە

# کەیسی 5 ڕێکخراوی ناحکومی لە دادگایە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

چەند ڕێکخراوێکی ناحکومی بە تۆمەتی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی و فێڵکردن لە خەڵک و کۆمپانیاکان دراونەتە دادگا. یەکێک لەو ڕێکخراوانە بەناوی هاوکاریکردنی ئاوارەکانی شەڕی داعش 15 ملیۆن دۆلاری لە سەرچاوەی جیاواز وەرگرتووە، بەڵام هیچ پرۆژەیەکی پێ دروست نەکردووە.

ئەکرەم جەمۆ، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو کاتەی ئێمە ئەو پۆستەمان وەرگرت، دیوانی چاودێری دارایی کاری لەسەر دۆسیەی چوار ڕێکخراو دەکرد کە تۆمەتبار بوون بە گەندەڵی و دوای ئەوەی دەستەی دەستپاکیش ئاگادار کرایەوە کەیسەکانیان درایە دادگا".

یەکێک لە کەیسەکان پەیوەندی بە سێ ڕێکخراوەوە هەیە کە 560 ملیۆن دیناریان بە ناوی چالاککردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لە ڕێگەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە وەزارەتی دارایی وەرگرتووە. ئەنجومەنی وەزیران و دیوانی چاودێری دارایی لیژنەیان لەسەری پێکهێناوە و دەستەی دەستپاکی بەدواداچوونی بۆ دەکات.

ڕێکخراوێکی دیکەش کە 40 ملیۆن دیناری وەرگرتووە، بە تۆمەتی بە هەدەردانی سامانی گشتی لەلایەن دەستەی دەستپاکییەوە دراوەتە دادگا.

سەرۆکی یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کە گوایە لەگەڵ دوو ڕێکخراوی دیکە 560 ملیۆن دیناریان وەرگرتووە، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە کە ئەو پارەیەی وەریانگرتووە ئەوەندە بووبێت و دەشڵێت هەموو پارەکەیان لە چالاکییەکاندا خەرجکردووە.

سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە کە (ڕووداو) بەهۆی ئەوەی کەیسەکەی هێشتا لە دادگایە و بڕیاری لەبارەوە نەدراوە بە باشی نەزانی ناوی بڵاوبکاتەوە، گوتی: "پرۆژەکەمان تایبەت بووە بە ڕێکخراوەکان. سێ ڕێکخراو لە شەش پارێزگا جێبەجێیان کردووە، زیاتر لە 300 ملیۆن دینارمان وەرگرتووە، 420 ڕێکخراو کە تازە دامەزرابوون، ناوەکانیان لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دراوەتە ئێمە بۆ ئەوەی ڕاهێنانیان پێ بکرێت و فێر ببن چۆن ڕاپۆرت دروست دەکەن، چۆن حیسابی بانکی دەکەنەوە، هەرسێ ڕێکخراوەکە هەموو ڕاهێنانەکانمان بەتەواوی جێبەجێ کردووە و ناوەکان دیارە".

کەیسێکی دیکە کە ئێستا لە دادگایە، کەیسی ڕێکخراوێکە بە ناوی پرۆژە بۆ ئاوارەکان پارەی لە کۆمپانیاکان و ئاوارەکان وەرگرتووە. ئەکرەم جەمۆ، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی دەڵێت: "ئەو ڕێکخراوە نزیکەی 15 ملیۆن دۆلاری خەڵک و کۆمپانیاکانی لەلایە و نەیداوەتەوە، ڕێکخراوەکە بەناوی هاوکاریکردنی ئاوارەکان چەندین تەندەری لە بواری تەندروستی و کەلوپەل و دروستکردنی کابینە وەرگرتووە. ئێمە و خاوەن پارەکانیش سکاڵامان لەسەر تۆمار کردووە، پێشتر چەند کەسێک لە ڕێکخراوەکە گیران، بەڵام دواتر بە کەفالەت ئازادکران و هێشتا کەیسەکە لە دادگایە و یەکلانەکراوەتەوە".

ئەکرەم جەمۆ گوتیشی: "ڕۆژی 2018/10/15 دەستەی دەستپاکی دووبارە سەردانی کردین و لەسەر ئەم کەیسانە داوای دۆکیومێنتەکانیان کرد و ئێمەش پێمانداون".

بەپێی ڕێککەوتنێکی 14 خاڵی کە لەنێوان دەستەی دەستپاکی و فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ڕۆژی 2015/5/6 واژۆکراوە، بۆ کارکردنی هاوبەش، دەستەی دەستپاکی بۆی هەیە لێکۆڵینەوە لەو پرۆژانە بکات کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە جێبەجێ دەکرێن، بەمەرجێک پاڵپشتی دارایی لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابین کرابێت، بۆیە ئێستا دەستەی دەستپاکی لێکۆڵینەوە لە کەیسی چوار ڕێکخراودا دەکات.

ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکیش دەڵێت: "بەپێی ئەو سکاڵایانەی لە دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان هەیە و پەیوەندی بە گەندەڵی و بە هەدەردانی پارەوە هەیە لەلایەن کەسی یەکەمی ڕێکخراوەکان، تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە، تاوەکو تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکانیش ناوی هیچ ڕێکخراوێک ئاشکرا ناکرێت".

بەگوتەی ئەکرەم جەمۆ، گەندەڵییەکە لەکاتی ئەواندا نەبووە و پێشتر کراوە، ساڵانە 15 ملیار دینار بۆ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تەرخان کراوە، بەڵام لەدوای دەستبەکاربوونی ئەوانەوە حکومەت هیچ بودجەیەکی بۆ کار و چالاکی ڕێکخراوەکان تەرخان نەکردووە.

لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان 4000 ڕێکخراو تۆمار کراون، 350یان ئینتەرناشناڵن، 100 ڕێکخراویان عێراقین و ئەوانی دیکەش ناوخۆیین.

وەک سەرۆکی فەرمانگەکە دەڵێت، تەنیا 25%ی ئەو ڕێکخراوانە چالاکن.



لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان 4000 ڕێکخراو تۆمار کراون

### قومارخانەیەکی گەورە داخرا

# 3 قومارچیی ژن لە هەولێر دەستگیر دەکرێن



ئەو ئافرەتە کازاخستانیانەی لەو قومارخانەیە کاریان کردووە، مانگانەیان 2000 دۆلار و ڕۆژانەیەکی زۆریان هەبووە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

لەنێو شوقەکانی پرۆژەی ئیمپایەری شاری هەولێر قومارخانەیەکی گەورە داخرا. 11 کەس لەنێو قومارخانەکەدا دەستگیرکران کە سێ لە قومارچییەکان ئافرەتن و خەڵکی کازاخستانن، هەروەها ئافرەتێکی عەرەب لەگەڵ سەرپەرشتیاری قومارخانەکە و 6 پیاوی دیکەش دەستگیرکران.

شەوی 2018/10/22 هێزەکانی پۆلیسی شارەوانی و بنکەی پۆلیسی بەختیاری لە شاری هەولێر قومارخانەیەکی گەورەیان لەنێو پرۆژەی نیشتەجێبوونی ڕۆیاڵ ئێمپایەر داخست و 11 کەسیشیان لەنێو قومارخانەکەدا دەستگیر کرد کە چوار ئافرەتی بیانی و حەوت پیاوی کورد بوون.

(ئا.ع) کە بەڕێوەبەری هۆڵی قومارخانەکەیە، دەڵێت: "خاوەنی قومارخانەکە پیاوێکی تورکە. من بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری هۆڵی قومارخانەکە بووم. لەنێو قومارخانەکە یارییەکانی ڕۆلێت پۆکەر و تکساس دەکرێ کە هەندێکیان بە ئامێری ئەلیکترۆنی و هەندێکیشیان بە کاغەز و پول دەکرێن".

لەنێو دەستگیرکراوەکاندا 3 ژنی کازاخستانی هەن کە پێشتر لە کازاخستان و تورکیا و قوبرس قوماریان کردووە. (ک.ن)ی 33 ساڵ، کە یەکێکە لەو ئافرەتانە دەڵێت: "ماوەی سێ هەفتەیە لە قومارخانەی شوقەکانی ڕۆیاڵ ئێمپایەر وەکو کاپتن و سەرپەرشتی مێزەکان کاردەکەم. پێشتریش لە کازاخستان و قوبرس و ماوەی 10 ساڵیش لە تورکیا ئەو کارەم کردووە".

گوتیشی: "لەگەڵ دوو ئافرەتی دیکەی کازاخستانی بەناوەکانی (ا.م)ی 28 ساڵ کە کاری کۆنترۆڵکردنی سەر مێزەکانی قومارخانەکە بوو، هەروەها (ن.ب)ی 35 ساڵ کە کاپتن بوو لە قومارخانەکە کارمان دەکرد".

(ز.م)ی 33 ساڵ کە ئافرەتێکی عەرەبە و بە قسەی خۆی وەکو خزمەتگوزار لە قومارخانەکە کاری کردووە، دەڵێت "لەنێو ئەو شوقەیەدا چەند جۆرێکی قومار دەکران، زیاتر بە شەوان قومارەکە دەکرا. من چەند ڕۆژێک بوو لەوێ کارم دەکرد. چا و قاوە و خواردنەوە کھولییەکانم پێشکەشی میوانەکان دەکرد، بڕیار بوو مانگانە هەزار دۆلارم بدەنێ، بێجگە لەوە ڕۆژانە 50 دۆلارم وەکو بەخشیش وەردەگرت".

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو ئەو ئافرەتە کازاخستانیانەی لەو قومارخانەیە کاریان کردووە، مانگانەیان 2000 دۆلار و ڕۆژانەیەکی زۆریان هەبووە، چونکە یاریزانی باش بوون، شارەزا بوون لە فێڵکردن لە قومارچییە کوردەکان و هەڵخەڵەتاندنیان. بۆ ئەوەی پارەیەکی زۆریان پێ بدۆڕێنن.

> قومارچییەکی کورد 600 هەزار دۆلاری دۆڕاندووە

### "لە قوبرس فێری قومار بووم"

(م.چ) یەکێکە لەو قومارچیانەی لەنێو شوقەکەدا دەستگیرکراوە. چیرۆکی فێربوونی قومارکردنی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لە کۆمپانیایەکی نەوت کاردەکەم، مانگانەکەم 4000 دۆلارە. زوو زوو سەفەری وڵاتانم دەکرد. لە سەفەرێکمدا بۆ قوبرس چوومە قومارخانەیەک، لە یەک یاریدا 2700 دۆلارم بردەوە. لەو ڕۆژەوە پێموابوو باشترین ڕێگا قومارە بۆ ئەوەی پارەیەکی زۆرم دەستبکەوێت، بەڵام ئێستا جگە لەوەی هەموو پارەکانم دۆڕاندووە، 80 هەزار دۆلاریش قەرزدارم".

(م) دەستبەداری قومارکردن نابێ و دەڵێت: "ماوەی 8 ڕۆژ بوو لەو قومارخانەیە یاری ڕۆلێتم دەکرد بۆ ئەوەی قەرزەکانم بدەمەوە، چونکە کارێکی لەوە باشترم دەستناکەوێت کە بتوانم قەرزەکانمی پێ بدەمەوە".

ئەوانەی سەردانی قومارخانەکەیان کردووە کەسانی دەوڵەمەند بوون، لەنێویاندا خاوەن پێشانگای ئۆتۆمبێل و خانەنشینی پلە باڵا و فەرمانبەری کۆمپانیای نەوتیشی تێدابووە و پارەیەکی زۆریان لەو شوێنە دۆڕاندووە.

(ئا.م) کە لە هەموویان بەتەمەنترە و خانەنشینی سەربازییە دەڵێ: "چەند جارێک چووم بۆ قومارخانەکەی ڕۆیاڵ ئێمپایەر و یاری پۆکەر دەکەم. ئەگەر 100 جاری دیکەش دەستگیر بکرێم هەر بەردەوام دەبم لە قومارکردن، چونکە لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە، قومار وەکو ماددەی هۆشبەر وایە ناتوانم وازی لێبێنم".

### هاوژین و چوار منداڵەکەی لەدەست دا

(ئا) تاوەکو ئێستا چەندین مارکێت، دووکان، خانوو، ئۆتۆمبێل و پارەیەکی زۆری لەڕێگەی قومار داناوە کە بە زیاتر لە 600 هەزار دۆلار مەزەندەی دەکات. بێجگە لەوەش هاوژین و چوار منداڵەکەشی لەدەستداوە. برایەکی (ئا) دەڵێت: "براکەم خانوو، چەند دووکان و مارکێتێک، ئۆتۆمبێلی گرانبەهای هەبوو، هەمووی لە قومار دۆڕاند. هاوژین و چوار منداڵەکەشی لەدەستدا و لێی جیابوونەوە. زۆر هەوڵمان لەگەڵیدا تاوەکو واز لەو کارە بهێنێ، بەڵام هەر بەردەوامە لەسەری و دەڵێت ناتوانم وازی لێ بهێنم".

> ئەوەی لە قوبرس بردمەوە لە هەولێر دۆڕاندم
> قومارچییەک

مقەدەم سۆران مەحموود، بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی شارەوانی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەڕێگەی زانیاری و هەواڵدەرەوە ئاگادار کراینەوە لە قومارخانەیەک لەنێو شوقەکانی ئێمپایەر. هێزەکانمان چوونە شوێنەکە و 11 کەسیان دەستگیر کرد. چوار ئافرەتی بیانی و حەوت پیاوی کورد بوون. پەراوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کرایەوە و ئێستا بە بڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی 389 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون".

### لیژنەی فتوا داوایان لێدەکات سەردانیان بکەن

# کچێک و کوڕێکی کورد لە ڕێگەی پەبجییەوە دەبنە هاوژین

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێکی کورد لە ڕێگەی یاریی ئەلیکترۆنیی پەبجییەوە، هاوبەشی ژیانی دەدۆزێتەوە و هاوسەرگیری دەکات، بەڵام فتوایەکی یەکێتی زانایان دوودڵی کردووە و دەپرسێ: "دەبێ هاوسەرگیرییەکەمان حەڵاڵ بێ؟". یەکێتی زانایانیش داوا لەو گەنجە دەکەن سەردانیان بکات.

ئەحمەد گەنجێکی تەمەن 23 ساڵە، دانیشتووی دەرەوەی شاری هەولێرە، ماوەی مانگێکە لەگەڵ (س)ی تەمەن 19 ساڵ بوونەتە هاوژین. ئەوان لەڕێی یاریی پەبجییەوە یەکدییان ناسیوە.

ئەحمەد بە (ڕووداو)ی گوت: "من کرێکارم، ئەو ڕۆژانەی ئیشم هەبووایە بە شەو یاریی پەبجیم دەکرد، ئەگەریش ئیشم نەبووایە، بە ڕۆژ هەشت سەعات یاریم دەکرد، لەڕێگەی ئەو یارییەوە کچێکم ناسی، دوای ئەوەی دووجار یەکدیمان بینی، بڕیارمان دا هاوسەرگیری بکەین".

ئەحمەد مانگێکە لەگەڵ (س) پێکەوەن، ئاگادارە سێ کوڕ و کچی دیکەش لە ڕێگەی ئەو یارییەوە یەکدییان ناسیوە و بوونەتە هاوژینی یەکدی، بەڵام فتوایەک لەبارەی ئەو یارییەوە، ئەحمەدی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە.

ئەحمەد دەڵێت: "دوای ئەو فەتوایە وەک بڵێی تاوانێکمان کردبێ دوودڵین، چونکە ئێمە موسوڵمانین .ئێستا بەهۆی ئەم فەتوایە چیرۆکی هاوسەرگیریمان بە ناشیرینی لەلایەن خەڵکەوە سەیر دەکرێت و حەزناکەم کەس بزانێت بەو ڕێگەیە هاوژینەکەم ناسیوە".

پەبجی PUBG، کورتکراوەی (PLAYERUNKNOWN'S BATTLEGROUNDS) یەکێکە لە یارییە ئۆنلاینەکان و جۆرەکەی Battle Royaleـە، واتە ئەم جۆرەیان بریتییە لەوەی چەند یاریزانێک لە شوێنێکی دیاریکراودا یاری دەکەن و لە کۆتاییشدا تەنیا یەک کەس براوە دەبێت لەناویاندا، یارییەکە لەلایەن کۆمپانیای Blue holeـەوە دروستکراوە. ماوەی چەند مانگێکیشە ئەم یارییە لە کوردستان بڵاوبووەتەوە و خەڵکانێکی زۆر بە تایبەت گەنجان لەسەر مۆبایلەکانیان داونلۆدیان کردووە و یاری پێدەکەن.

بەهۆی زۆر سەرقاڵبوونی گەنجانەوە بەو یارییە، لیژنەی فتوای سەر بە یەکێتیی زانایانی ئاینی لە شاری سلێمانی قسەی خۆی لەبارەی یارییەکەوە کرد و حەرامی کرد.

پێشتر د.عیرفان ڕەشید، سەرۆکی لیژنەی فەتوا لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەکەماندا لە ڕۆژی 2018/10/24 کە لە سلێمانی بەڕێوەچوو، بڕیار درا کارکردن بە یاری پەبجی حەرام بکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم یارییە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکانێکی زۆر، بە تایبەت گەنجان، بەم کارەوە سەرقاڵ بن و کاتەکانی خۆیان بەفیڕۆ بدەن". بەڵام لە لێدوانێکدا بۆ هەفتەنامەی (ڕووداو) دەڵێت: "ناتوانین بەڕەهایی بڵێین ئەم یارییە حەرامە، بەڵام هەر شتێک ببێتە هۆی ئەوەی ئالوودەی ببیت و کاتت ببات و نەتوانی کاربکەیت بەو هۆیەوە، حەرامە".

بۆ ڕەوینەوەی دڵەڕاوکێی ئەحمەد و هاوژینەکەی، مەلا محەممەد ئێنەیی، ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان داوا لەو گەنجە دەکات سەردانی لیژنەکەیان بکات بۆ ئەوەی گوێی لێ بگرن و لەنزیکەوە وەڵامی بدەنەوە کە هاوسەرگیرییەکەیان حەڵاڵە یان حەرامە.

مامۆستا محەمەد ئێنەیی سەبارەت بە یارییەکە گوتی: "ئێمە هێشتا بڕیارمان لەسەری نەداوە، چونکە لیژنەی باڵای فەتوا تا دیراسەی تەواوی بابەتە نەکات و زانیاری تەواوی لەسەر نەبێت هیچ فەتوایەک بۆ حەڵاڵی و حەرامی دەرناکات". هەروەها گوتیشی: "کات بەفیڕۆدان حەرامە جا چ پیاو لە ئەرک و مافی خێزانی و بەرپرسیارێتی دووربخاتەوە یاخود بە پێچەوانەوە بۆ ئافرەتیش".

سەبارەت بە فتواکەی لیژنەی فتوای سلێمانیش، مەلا محەممەد ئێنەیی گوتی: "ئەوان بە سیغەی مونکەر قسەیان لەبارەی یارییەکە کردووە و گوتوویانە پەسەند نییە، بەڕەهایی حەرامیان نەکردووە".

مەلا لاوەند نەوزاد کە گوتارخوێنی مزگەوتی کێلییە لە سلێمانی، دوای فەتواکەی لیژنەی فەتوای سلێمانی ڕایگەیاند کە ئەو یارییە حەرام نییە و بڕیاری دا لەمەودا ئەویش ئەو یارییە بکات. مەلا لاوەند گوتی: "دڵنیایی دەدەمە ئەو گەنجە کە لەڕێگەی پەبجییەوە هاوسەرگیری کردووە، هاوسەرگیییەکەی حەڵاڵە و هیچ کێشەی نییە، با هەر لە ڕێگەی پەبجییەوە ژنی دووەمیش بێنێ".

## گۆڕان وەزیرەکانی بۆ حکومەتی داهاتوو ئامادەکردووە

**ڕووداو–هەولێر**

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) گۆڕان بەربژێری جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانیشی ئامادەکردووە چونکە مەیلی حکومەتدارییان لە ئۆپۆزیسیۆن بوون زیاترە، بەڵام ئەو بڕیارەیان هەڵگرتووە بۆ کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی دوای دانیشتن لەگەڵ پارتی. نزار مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە ڕووداوی ڕاگەیاند: "مەرجی ئێمە ئەوەیە وەک هەموو حیزبێکی سیاسی کارنامەکەمان لەناو کارنامەی حکومەتدا جێی بکرێتەوە، بەپێی ئەو دەنگ و قورساییەی کە هەمانە پێویستە لەناو حکومەتیشدا بەرنامەی هەڵبژاردنەکەمان جێی بکرێتەوە و بەو شێوەیە کاری لەسەر بکرێت". کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دووەم هێزی سیاسی کوردستانە لە دووڕیانی بەشداریکردن یان نەکردنی لە کابینەی نوێیەمدا وەستاوە.



یەکێتی پێیوایە سەرۆکایەتی ئەم خولەی پەرلەمان سەر بەکێشەیە و وەریناگرێ

# یەکێتی جێگری سەرۆکی حکومەتی دەوێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

بەرپرسانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نیگەرانیی خۆیان گەیاندووەتە پارتی لەبارەی پێداگیری لەسەر کارکردن بە پێوەری ژمارەی کورسی لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتدا. یەکێتی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ هاوبەشێکی سەرەکی بێت لە حکومەتی نوێدا.

درێژەکێشانی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا دەرفەتی هێوربوونەوەی گرژییەکانی نەداوە بۆ دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی تایبەت بە پرسە نێوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان یەکێتی و پارتی. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "بە پارتیمان گوتووە، وەک هێزی دووەم مامەڵەمان لەگەڵ نەکرێ بەشداریی حکومەت ناکەین."

هەرچەندە یەکێتی شاندێکی دانوستاندنکاری پێکهێناوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ پارتی و لایەنەکانی دیکە تاوەکو لە پێکهێنانی کابینەی نوێیەمدا ببنە هاوبەشێکی سەرەکی ئەو حکومەتە، بەڵام لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەکەن و بەرچاوی شاندەکە ڕۆشنتر دەکەنەوە و هێڵە گشتییەکانی گفتوگۆکردن بۆ شاندەکە دیاری دەکەن. چونکە یەکێتی پێیوایە کە پارتی نایەوێ لە کابینەی چوار ساڵی داهاتوودا گۆڕان ئاوت بکرێ.

عەدنانی حەمەی مینا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی چاوەڕوان دەکات گفتوگۆکان بەم نزیکانە

> **ئەگەر جێگری سەرۆکوەزیران وەرنەگرین ڕەنگە بەشداری حکومەت نەکەین**
>
> ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی

دەستپێبکەن و دەڵێ شاندەکەی ئەوان کە عومەر فەتاح، ئەندامی دەستەی کارگێڕی یەکێتی سەرۆکایەتی دەکات، بە هەر ئەنجامێک گەیشتن، دەیهێننەوە بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی و لەو کۆبوونەوەیە بڕیاری لەسەر دەدرێ "یەکێتی هێزی دووەم و لایەنێکی کاریگەری سەر گۆڕەپانی سیاسییە و هەر هێزێک بیەوێ لە چوار ساڵی داهاتوودا ئارامی بەرقەرار بێت، دەبێ بەشداری جددیی یەکێتی لە حیساباتی خۆیدا بهێڵێتەوە".

سەرباری ئەو هۆشدارییە ناڕاستەوخۆیانەی دەیداتە پارتی، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە لە نێوان ئەوان و پارتیدا خاڵی ناکۆک زۆرن بن: "کێشەکانی ئێمە و پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم زۆر گەورە نین و دەتوانین ڕێکبکەوین."

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991ـەوە، ساڵانی شەڕی نێوخۆیی لێدەربچێ، هیچ حکومەتێک دروست نەبووە کە پارتی و یەکێتی هاوبەشی سەرەکی نەبووبن تێیدا. تەنانەت لە کابینەی هەشتەمدا کە بزووتنەوەی گۆڕان پلەی دووەمی لە یەکێتی وەرگرت و 6 کورسی زیاتر لەوی هێنا، یەکێتی ڕازی نەبوو پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بدرێتە گۆڕان و ناچاری کرد سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ. بەپێی زانیارییەکان لەنێو بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتیدا ئەو بۆچوونە دروستبووە کە نابێ حیزبەکەیان پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ، ئەگەر جێگری سەرۆکی حکومەت بدرێتە گۆڕان.

سەرچاوەیەکی ئاگاداری یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: "بزووتنەوەی گۆڕان نیوەی کورسییەکانی یەکێتی بەدەستهێناوە و ناکرێ پۆستی جێگری سەرۆکوەزیران بدرێتە گۆڕان و داوا بکرێ یەکێتی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ". وەک ئەو باسی دەکات، چوارساڵی داهاتوو چارەنووسسازە، بەوپێیەی کۆمەڵێک یاسای گرنگ کاریان لەسەر دەکرێت وەک "یەکلاکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، یاسای چاکسازی، دەستووری هەرێمی کوردستان، پارتیش ژمارەی کورسییەکانی زۆرن و هەر لایەنێک سەرۆکایەتی پەرلەمانی لابێت، ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر دەبێتەوە".

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەدوای یەکلاکردنەوەی تانەکان و پەسەندکردنی فەرمیی ئەنجامەکان لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەرییەوە، دەبێ سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری لە ماوەی 10 ڕۆژدا بانگهێشتی ئەندامانی خولی نوێی پەرلەمان بکات. ئەگەر ئەو بانگهێشتەش نەکرا، دوای تێپەڕبوونی 10ڕۆژ، پەرلەمان بۆ خۆی دەتوانێت لە یازدەمین ڕۆژدا کۆببێتەوە. هەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەتەمەنترین پەرلەمانتار بەناوی ڕێڤینگ محەممەد هرووری کە پارتییە، سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکات، بەڵام چاوەڕوان دەکرێ پێش ئەوە شاندی پارتی دەست بە دانوستاندنەکانی بکات لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت.

نەرمین عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە لە کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراوی سەرکردایەتی حیزبەکەیدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە حیزبەکەیان دەیەوێ چ جۆرە کاغەزێک بخاتە بەردەم شاندی پارتی بۆ دیاریکردنی بەرنامەی حکومەت و ئەو پۆستانەی دەیەوێ وەریانبگرێت "باسی بەستنی کۆنگرەی یەکێتیش دەکرێ، چونکە ئێستا بووەتە خواستی بەشێک لە سەرکردایەتی، بەڵام بۆ پرسی پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ پارتی قسەکراوە و لەسەر ڕێککەوتنمان گفتوگۆمان لەگەڵ پارتی کردووە، بەڵام لەبارەی پۆستەکانەوە قسەمان نەکردووە و ئەوە جێهێڵدراوە بۆ ئەو شاندەی یەکێتی کە گفتوگۆ دەکەن."

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلولدا، 21 کورسی بەدەستهێناوە.

> **"هەر لایەنێک بیەوێ ئارامی هەبێ دەبێ یەکێتی لەبەرچاو بگرێ"**

لە کابینەی هەشتەمی حکومەتدا جێگری سەرۆکوەزیران و وەزارەتەکانی تەندروستی، ئاوەدانکردنەوە، شەهیدان و ڕۆشنبیری و خوێندنی باڵای هەبووە. بەڵام بەرپرسانی یەکێتی پێیانوایە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان و تورکمان و مەسیحییەکان بەشداریی بکەن، پۆستی وەزاریی کەمتریان بەردەکەوێ، هەر بۆیە چاویان لەوەیە بزووتنەوەی گۆڕان بەشداریی نەکات تاوەکو بەدەستهێنانی یەکێک لە سەرۆکایەتییەکان گرانتر لەسەری نەکەوێت.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ: "لەسەر ئاستی سەرکردایەتی خواستی بەشداریی لە حکومەت جددییە و بەشێکی زۆر لە خانەی ڕاپەڕاندن و جڤاتی نیشتمانی پێیانباشە، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نێو هەڵسوڕاو و ئۆرگانەکانی خوارەوە گوشاری زۆرتر دەکرێ بۆ ئەوەی بڕارەی بوون بە ئۆپۆزسیۆن سەربگرێ و گۆڕان بەشداریی حکومەت نەکات."

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی و مووچەی خانەنشینی بکاتە کاری لەپێشینە بۆ لابردنی پاشەکەوتی مووچە و بۆ ئەوەش پێویستی بە ئارامییەکی سیاسی زۆرتر هەیە. عەدنانی حەمەی مینا، دەڵێ ناکۆکی نێوان یەکێتی و پارتی هەرچەندە زۆریش بن، بەڵام ئەزموونی کاری هاوبەشیان زۆرە و هەردەبێ پێکەوە کار بۆ داهاتووی باشتر بکەن "هاوکاری و هەماهەنگی نێوان یەکێتی و پارتی دەبێتە گرەنتی ئاسایش و ئۆقرەیی لە کوردستان، بۆیە چاوەڕێ دەکەین لە ڕۆژانی داهاتوودا گفتوگۆی باش هەبن."

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئاشکرای دەکات کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە بارەی پێکهێنانی حکومەت و پۆستەکانیشەوە قسەیان لەگەڵ پارتی کردووە "ئێمە دەمانەوێ بچینە نێو وردەکاریی گفتوگۆکانەوە، دەبێ تێبگەین کە جێگری سەرۆکوەزیران دەسەڵاتەکانی چی دەبن. ئەگەر بشزانین سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوە دەدرێتە یەکێتی کە پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت بدرێتە لایەنی دیکە، قسەی خۆمان دەبێ و ڕەنگە بەشداریش نەکەین".

## شاندێکی گەورەتری بازرگانانی ئەمریکا دێنەوە کوردستان

# ئەمریکییەکان لەبارەی گەمارۆکانی ئێران دڵنیایی دەدەنە هەرێمی کوردستان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

ئەمریکییەکان ڕەتیدەکەنەوە قۆناغی دووەمی گەمارۆ ئابوورییەکان کە بڕیارە لەسەرەتای هەفتەی داهاتووەوە چڕی بکەنەوە لەسەر ئێران، چاوپۆشی لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بکات و ئەوەشیان بە بازرگانان و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە. بەڵام ناشیانەوێ خەڵکی هەرێمی کوردستان باجێکی قورس بدەن. گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران دەڵێ بۆ ئەمریکییەکانمان ڕوونکردووەتەوە کە دوای گەڕی دووەمی گەمارۆکان ڕەوشی هەرێمی کوردستان چی بەسەردێت.

یاسین مەحموود ڕەشید، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، باسی وردەکارییەکانی دیداری خۆیان دەکات لەگەڵ شاندی گەورەی بازرگانان و وەبەرهێنەرانی ئەمریکی کە ڕۆژی 22ی ئەم مانگە سەردانی هەولێریان کردبوو. ئەوان لە نوێنەرانی 25 کۆمپانیا پێکهاتبوون و بە دوو ئامانج هاتوون و ویستوویانە تێبگەن لەوەی زەمینە و ڕەوشی کاری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان چەندە لەبارە بۆ کارکردن و ئاستەنگەکانی چین. هەروەها بۆ تێگەیشتن لەوەی کاتێک ئەمریکا قۆناغی دووەمی گەمارۆکانی سەر ئێران جێبەجێ دەکات، چ ئاسەوارێکی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت.

"ئەمریکییەکان گوتیان دەبێ پەلە بکرێت لە دروستکردنی ژمارەیەک کارگەی نوێ لە کوردستان کە بەرهەمی کشتوکاڵی وەربگرنەوە و بیخەنە بازاڕەوە، هەروەها هەندێک کارگەش دروستبکرێن کە ببنە جێگرەوەی ئەو کارگانەی لە دەرەوە کەلوپەل دەنێرن بۆ کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش ئەوان ئامادەبوون هاوکاری حکومەت بکەن و ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆیان بهێننە کوردستان".



ئەمریکییەکان دەڵێن دەبێت هەندێک کارگە دروستبکرێن ببنە جێگرەوەی ئەو کارگانەی لە دەرەوە کەلوپەل دەنێرن بۆ کوردستان

وەک ئەو بەرپرسەی یەکێتی وەبەرهێنەران باسی دەکات، ئەمریکییەکان لەو سەردانەیاندا زۆر جددی بوون لەوەی هەرێمی کوردستان هەنگاوی گەورە بهاوێ لەبواری وەبەرهێنانی کشتوکاڵدا.

گوشار و کاریگەریی گەمارۆکان زۆرتر لەسەر پارێزگای سلێمانی دەردەکەون، چونکە وەک یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان پۆلێنی کردووە، 69%ی کاڵا و خۆراکی پارێزگاکە ئێرانییە و لە پارێزگای دهۆکیش 65%ی کاڵا و خۆراکی هاوردەکراو تورکین، پارێزگای هەولێریش لە نێوان کاڵای ئێرانی و تورکیدا 50 بە 50یە. گەمارۆکانی سەر ئێران نرخی کەلوپەل و خۆراک لە پارێزگای دهۆک زۆر بە کەمی دەجووڵێنێ "بەڵام بەوپێیەی سلێمانی ناچارە ڕوو لە تورکیا بکات، نرخی کاڵا و خواردن بەهۆی کرێی گواستنەوە 25% بەرز دەبێتەوە". مەلا یاسین دەڵێت: "بە ئەمریکییەکانمان گوت کاتێک نرخی خواردن و کەلوپەل 25% بەرز ببێتەوە، ئێوە دەتوانن چۆن هاوکاریمان بکەن؟".

ئەمریکییەکان هەندێک زانیارییان خستووەتە ڕوو کە زۆرتر پێشبینی و خوێندنەوەی داهاتووی نزیکی ڕووداوەکان بوون لە کوردستان و عێراق "ئەوان گوتیان، گوشاری زۆر لە حکومەتی نوێی عێراق دەکەین کێشەکانی بەشێوەیەک لەگەڵ کورد چارەسەر بکات کە ئاستی داهاتی خەڵک و مووچەخۆران بەرز ببێتەوە، بەرزبوونەوەی نرخ کاریگەریی نەبێت، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سەرقاڵی لابردنی پاشەکەوتی مووچەیە، پلانی ئێمە ئەوەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەردوو حکومەتەکە بگەنە ڕێککەوتنێک و ئاستی داهات و بژێویی خەڵک بەرز ببنەوە".

> **ئەمریکییەکان دەیانەوێ گەمارۆکانی سەر ئێران کاریگەری زۆر لەسەر هەرێمی کوردستان دانەنێ**
>
> گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان

ئەسکەندەر محەممەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان، گرنگیی ئەو سەردانەی ئەمریکییەکان لەوەدا دەبینێتەوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیا و بازرگانانی ئەمریکی لەگەڵ بازرگانانی کوردستان لە دیدارێکدا گفتوگۆیان کردووە بۆ ئەوەی بگەنە چەند خاڵێکی هاوبەش و پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان بەهێز بکەن "بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ ئەمریکا و هاتنی سەرمایەی ئەمریکی بۆ کوردستان، دەبێتە هۆکارێکی باش و فاکتەرێکی بەهێز بۆ پاڵپشتی هەرێمی کوردستان، لە داهاتووشدا دەبێتە پاڵپشتی سیاسیش."

ئەوە یەکەمینجارە لەسەر ئەو ئاستە فراوانە گەورە بازرگانان و نوێنەری کۆمپانیا ئەمریکییەکان سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و گفتوگۆ لەبارەی پێشخستنی کەرتی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری بکەن. یاسین مەحموود دەڵێ: "لە ڕۆژانی داهاتوودا شاندێکی گەورەتری بازرگانان و وەبەرهێنەرانی ئەمریکی دێنەوە کوردستان و گفتوگۆی چڕوپڕتر و وردەکاریی زۆرتر لەبارەی چۆنێتی پێشخستنی پەیوەندییە بازرگانییەکان دەکەن". گوتیشی: "ئێمە تێگەیشتین لەوەی کە ئەمریکییەکان نایانەوێ ئەو گەمارۆ ئابوورییەی دەخرێتە سەر ئێران، هەرێمی کوردستان ماندوو بکات، چونکە بەپێی ئەو زانیارییانەی لەوانمان بیستووە، تاوەکو مانگی ئایاری ساڵی داهاتوو قۆناغی سەختتر لە گەمارۆی ئابووری بۆ سەر ئێران دەستپێدەکەن."

ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام لە پەرەسەندندا بووە، مەگەر لەو چەند مانگەی کە بەغدا بەهۆی گشتپرسی سەربەخۆییەوە سزای کوردستانی دا و ئێران هاوکاری کرد بۆ توندکردنەوەی سزاکان. لە ساڵی 2015دا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران 7 ملیار دۆلاری تێپەڕاند. ئەوەش ئێرانی هاندا بۆئەوەی لەو شارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیکن لە سلێمانی و هەڵەبجەوە، ژمارەیەک کارگە دابمەزرێنێ.

تەنانەت ئێرانییەکان چاویان لەوە بوو قەبارەی بازرگانییەکە زۆرتر بچێتە سەرەوە و لە مانگی ئایاری ئەمساڵ، وەزیری بازرگانیی ئێران گوتی بەنیازین ناوچەی بازرگانیی ئازاد لەسەر سنوورەکان دروست بکەین، بەڵام گەڕانەوەی سزاکانی ئەمریکا ئەو پلانەی تێکدا. گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان دەڵێ کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ دەرفەتێکی نییە و ناچارە کارگەی نوێ دروست بکات و ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی زۆرتر بکات: "بەڵام چارەسەرکردنی کێشەی سووتەمەنی بڕێک قورستر دەبێ".

راپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 527 ) – دووشەممە 2018/10/29

## عەرەب داوای مانەوەی راکان جبووری دەکەن

**رووداو-کەرکووک**

هەوڵەکانی یەکێتی بۆ دانانی پارێزگاری نوێی کەرکووک چڕبوونەتەوە، لە رۆژانی رابردوودا بەرپرسانی ئەو حیزبە لە کەرکووک و بەغدا دوو کۆبوونەوەیان لەگەڵ لایەنی عەرەبی و سێ کۆبوونەوەشیان لەگەڵ تورکمانەکان کردووە. جەمال شکور، کارگێڕی مەڵبەندی دووی یەکێتی لە کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەوان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت کوردێک بکرێتە پارێزگاری کەرکووک". بەڵام حاتم تائی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سیاسی عەرەبی دەڵێت: ئەو چارەسەرەی دەتوانرێت جێبەجێ بکرێ ئەوەیە کە دۆخەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە و ئیدارەی شارەکەش هەر لەلای پارێزگاری ئێستا بمێنێتەوە تاوەکو کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا".



# دووکانداران زیانی ئاگرەکەی لەنگە بەنیو ملیار دۆلار دەخەمڵێنن

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

دووکاندارانی بازاڕی لەنگە زیانەکانی سووتانی بازاڕەکەیان بە نیو ملیار دۆلار دەخەمڵێنن، ئەوان چاوەڕێن حکومەت قەرەبوویان بکاتەوە. شایەتحاڵێکی رووداوەکەش دەڵێت ئاگرەکە بەهۆی شۆرتی کارەباوە لە یەکێک لە دووکانەکانی بازاڕەکە کەوتووەتەوە.

### پریشکی ئاگرەکە

شەوی 2018/10/25 ئاگر لە بازاڕی لەنگەی شاری هەولێر کەوتەوە، یەکەم شایەتحاڵی رووداوەکە فەرمان محەممەدە کە پاسەوانی بازاڕەکەیە و لە شوێنی رووداوەکە بووە. فەرمان بە (رووداو)ی گوت: "لەگەڵ کۆسرەت مستەفای پوورزام ئەو شەوە پاسەوانی ئەو بەشەی بازاڕەکە بووین. پاسەوانەکان لە شوێنی خۆیان بوون، بەڵام کەشوهەوا باش نەبوو، بایەکی زۆری دەهات، کاژێر 3:15 خولەک ئۆتۆمبێلێک لەلای گازینۆکانی شەقامی 100 مەتری راوەستا، منیش لایتم لێدا و لەگەڵ شوفێرەکە قسەم دەکرد، رووناکییەکی گەورە لەناو بازاڕەکە دەرکەوت. رامکردە ژوورەوە، بینیم ئاگر لە دووکانێک بەرز دەبێتەوە، 6 گڵۆپی گەورە لەپێش دووکانەکە هەڵواسرابوون. پێشتر چەند جارێک ئاگادارمان کردبووەوە کە مەترسی شۆرتی کارەبا هەیە، دڵنیام کە شۆرتی کارەبا بوو، بەڵام نازانم شۆرتەکە لە کێبڵەکانی دەرەوە دروستببوو یان گڵۆپەکانی ئەو. پریشکی ئاگرەکە کەوتە سەر جلوبەرگەکانی عارەبانەیەکی بەردەم دوکانەکە و سووتا. بەهۆی بایە زۆرەکەشەوە لەماوەی کەمتر لە خولەکێکدا نزیکەی شەش دووکانی دیکەش سووتان.

**1800 دووکان سووتاون**
ئەنجوومەنی بازاڕی لەنگە

رووداوەکە تەنیا لەو شوێنەی بازاڕەکە نەبووە، فەرمان دەڵێت: "لەناکاو لەنێو کۆڵانی مۆبایلفرۆشەکانیش دەنگێک هات. رامکردە ئەوێ بینیم لەوێش شۆرتی کارەبا ببوو، چەند کێبڵێکی کارەبا دەکەوتنە خوارەوە و ئاگریان لێ بەرزدەبووەوە".

پاسەوانەکە نەیتوانیوە هیچ بکات، تەنیا تەقەی کردووە بۆ ئەوەی دەوروبەرەکەی ئاگادار بکاتەوە و دەڵێت: "من هیچم پێنەدەکرا، تەنیا دەمتوانی تەقەی هەوایی بکەم، 75 فیشەکم تەقاند، ئینجا پەیوەندیم بە پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەوە کرد کە زۆر نزیک بوون لێمانەوە، بەڵام کەسیان نەهاتن، تەلەفۆنم بۆ ئاگرکوژێنەوە کرد، دوای 40 خولەک ئینجا ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوە هات".

شۆرتی کارەباکە لە دوکانی رەمەزان عەبدوڵلای 46 ساڵەوە دروستبووە و دواتر نزیکەی نیوەی دووکانەکان سووتان. رەمەزان زوو گەیشتووەتە شوێنی رووداوەکە. ئەو دەڵێت "ماڵم لە نزیک بازاڕەکەیە، کاژێر 3:50ی بەرەبەیان گوێم لە دەنگی تەقە بوو، چوومە دەرەوە بینیم دووکەڵ لە بازاڕەکە بەرزدەبێتەوە. ئاگر لە سێ کۆڵانی بازاڕەکە بەرزدەبووەوە، لەماوەیەکی کەمدا ئاگرەکە لە کۆنترۆڵ دەرچوو". سەبارەت بەوەی کە دەگوترێ ئاگرەکە لە دوکانەکەی ئەو کەوتووەتەوە، مام رەمەزان دەڵێت: "سەرەتای رووداوەکە لەوێ نەبووم، بۆیە نازانم ئاگرەکە لە دووکانی منەوە دروستبووە یان دووکانێکی دیکە".

**800 دووکان سووتاون**
بەرگریی شارستانی


بڕیار بوو لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی کێشەکانی بازاڕی لەنگە پێکبهێنرێت، بەڵام فریانەکەوتن و سووتا (فۆتۆ: رووداو)

### کارەبا.. گەورەترین کێشەی بازاڕەکە

بازاڕی لەنگە ئەنجوومەنێکی 7 کەسی هەیە کە بەدواداچوون بۆ کێشەی کارەبا و ئاو و مەولیدەکانی بازاڕەکە دەکەن، ئەوان نایشارنەوە گەورەترین کێشە و مەترسییان کارەبا بووە، یاسین خدر، ئەنجوومەنی بازاڕەکە بە (رووداو)ی گوت: "ساڵی 2004 هاتینە ئەم بازاڕە، خەڵکەکە هەژاربوون و حکومەتیش توانای نەبوو بازاڕێکی باش دروستبکات، بۆیە ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبای بازاڕەکە لە سەرەتاوە بەناڕێکی هێنراوە و تاوەکو ئێستاش چاک نەکراوە، هیچ شتێک لەم بازاڕە بە سیستەم نییە، نە کارەبا نە مەولیدە نە هیچ شتێک".

گوتیشی: "ئەو کارەساتەش بەهۆی شۆڕتی کارەباوە دروستبوو، چەندینجار داوامان لە بەڕێوەبەری کارەبای هەولێر کردووە کارەبای نیشتمانی بازاڕەکە لە کارەبای ماڵان جیابکاتەوە و بە شەوان کارەبای بازاڕەکە ببڕێت، بەڵام حکومەت نەیکرد".

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی بازاڕەکە دەشڵێت، پێشتر هەموو کێشەکانی بازاڕەکەیان بە پارێزگاری هەولێر گوتووە، بڕیار بوو لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی کێشەکانی بازاڕەکە پێکبهێنرێت، بەڵام فریانەکەوتن و ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە.

یاسین پێیوایە سووتانی بازاڕەکە کە هاوکاتە لەگەڵ تەواوبوونی گرێبەستی خاوەن دووکانەکان تەنیا رێکەوتە و هیچ دەستێکی لەپشت نەبووە: "رووداوەکە بەهۆی شۆرتی کارەبا بووە و هیچ کەسێکیش لەپشتی سووتانی بازاڕەکە نەبووە".

گوتیشی: "ئەم بازاڕە نە تێکدەدرێت و نە دەشگوازرێنەوە".

سەبارەت بە زەرەر و زیانەکانیش، ئەنجوومەنی بازاڕەکە و بەرگریی شارستانی ئاماری جیاواز دەدەن، یاسین خدر دەڵێت: "زیانەکان نەخەمڵێنراون، بەڵام 1800 دووکان سووتاون".

عەمید شوان عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانیی هەولێریش دەڵێت: "تەنیا 800 دووکان لە بازاڕی لەنگەی هەولێر سووتاون".

### "زەرەر و زیانەکان نزیکەی 500 ملیۆن دۆلارن"

ئەگەرچی هێشتا بەرگری شارستانی نەیتوانیوە زەرەر و زیانەکان بزانێت، بەڵام نوێنەرێکی دووکاندارەکانی بازاڕی لەنگە لەبارەی بڕی زەرەر و زیانی سووتانی بازاڕەکە دەڵێت: "2000 دووکان سووتاون و بڕی زیانەکەش بە نزیکەی 500 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، ئەمە تەنیا کەلوپەلی ناو دووکانەکانە جگە لە سووتانی دووکانەکان خۆیان".

بازاڕی لەنگەی هەولێر 18 پاسەوانی هەیە، لوقمان واحید کە هەر لە سەرەتاوە خۆی و کوڕەکەی پاسەوانی بازاڕەکەن، گوتی: "بازاڕەکە 18 پاسەوانی هەیە و کاژێر 8ی بەیانی بۆ 8ی شەو 9 پاسەوان و لە 8ی شەویشەوە تا 8ی بەیانی 9 پاسەوانی هەیە، لە هەر دووکاندارێک 6 هەزار وەردەگرین و مووچەی مانگانەمان 500 هەزار دینارە".

## ئەندامی مەڵبەندی مووسڵی یەکێتییە

# ئاسایش برایەکی خەسرۆ گۆران دەستگیر دەکات

**عوبەید رەشائەیی**
**رووداو- هەولێر**

ئاسایشی قەزای بەردەڕەش ئەندامێکی مەڵبەندی مووسڵی یەکێتی لە نێو بازاڕدا دەستگیر دەکات، کەسوکارەکەی پێیانوایە هۆکاری سیاسی لە پشت دەستگیرکردنیەتی، بەڵام ئاسایش دەڵێت ئەو کەسە بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراوە.

رۆژی چوارشەممە 2018/10/24 ئاسایشی قەزای بەردەڕەش کەسێکی بەناوی خالید عەبدوڵڵا مەعروف کە ئەندامی مەڵبەندی مووسڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و برای خەسرۆ گۆران، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە، لەناو بازاڕی قەزای بەردەڕەش دەستگیر کرد و کەسوکارەکەیان دەڵێن بە هۆکاری سیاسی گرتوویانە، بەڵام ئاسایش دەڵێت "بە بڕیاری دادوەری دهۆک دەستگیرکراوە".

**دەستگیرکردنەکەی سیاسییە**
کوڕەکەی

کوڕەکەی خالید عەبدوڵڵا لە سۆشیالمیدیا بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە گرتنی باوکی تۆمەتبار دەکات و هۆکارەکەشی بە گوتەی خۆی، زیادبوونی دەنگەکانی یەکێتییە لەو دەڤەرە و بەناوبانگبوونی باوکیەتی لە ناوچەکە.

عەلی خالید لە سۆشیالمیدیا نووسیویەتی کە هەڕەشە لە باوکی کراوە بۆئەوەی واز لە کاری سیاسی بهێنێت و دەڵێت "منیش وەکو باوکم، چەندینجار هەڕەشەم لێکراوە".

سەرچاوەیەک لە ئاسایشی بەردەڕەش بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان تەنیا ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردووە، ئەویش دوای ئەوەی کە فەرمانی دادوەر لە دادگای دهۆک گەیشتووەتە دەست ئەوان، ئەو کەسە بەپێی مادەی 2 ی تایبەت بە ئامێرەکانی پەیوەندی، بەڕێزەوە لە بازاڕ دەستگیرکراوە و رەوانەی ئاسایشی ئاکرێ کراوە. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "ئێمە لەسەر بنەمای یاسا کار دەکەین، هەر کەسێک لە هەر حیزبێک بێ، بڕیاری دادوەرمان بۆبێت، دەستگیری دەکەین".

غەیاس سورچی، کارگێڕی مەڵبەندی مووسڵی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوانیش بە دواداچوونیان بۆ ئەو بابەتە کردووە و گوتی: "خۆیشم گەیشتوومەتە قەناعەت کە بابەتەکە سیاسی نییە".

**دەستگیرکردنەکەی پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە**
بەرپرسێکی یەکێتی

سەبارەت بەو پەیج و سایتانەی کە بابەتەیان کردووەتە سیاسی، بەرپرسەکەی یەکێتی گوتی: "کێشەکە سیاسی نییە، رەنگە ئەم بابەتە تەنیا لەبەر ئەوە گەورە کرابێ، چونکە کاک خالید برای کاک خەسرۆ گۆرانە کە ئەندامی سەرکردایەتی پارتیە، تەنیا نیگەرانی ئێمە ئەوەیە رۆژی چوارشەممە دەستگیریان کردووە، هەینی و شەممەی بەسەرداهاتووە، نەمانتوانیوە بە کەفالەت ئازادی بکەین، چونکە تا نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە لە ئاسایشی ئاکرێ بوو، رەوانەی پۆلیسی دهۆک نەکرابوو".

# 33 تانە لە ئەنجامی هەڵبژاردن دراون

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە، قەوارە و بەربژێرەکان نزیکەی 40 تانەیان لە ئەنجامەکە داوە، بەڵام بەشێک لە تانەکان بەهۆی ئەوەی لە وادەی خۆیدا پێشکەشی دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن نەکرابوون، رەتکراونەتەوە.

کۆڤان عەبدولکەریم، بەرپرسی بەشی یاسایی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوای ئەوەی رۆژی 2018/10/20 کۆمیسیۆن ئەنجامی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی راگەیاند، دەرگای تانەلێدان لە ئەنجامەکە کرایەوە بۆ ئەوەی لەماوەی 3 رۆژدا تانەکان پێشکەشی دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن بکەن، تاوەکو ئێستا نزیکەی 40 تانە لە بڕیارەکە دراون".

لەبارەی تانە قبوڵکراو و نەکراوەکانیش بەرپرسی بەشی یاسایی لە کۆمیسیۆن گوتی: "بەشێک لە تانەکان لە وادەی دیاریکراودا کە تاوەکو رۆژی 2018/10/23 بوو، پێشکەشی دەستەی دادوەری نەکرابوون، بۆیە رەتکرانەوە، بەڵام دەستەکە 33 تانەی وەرگرتووە".

کۆڤان عەبدولکەریم ناوی ئەو لایەنانەی ئاشکرا کرد کە تانەیان لە ئەنجامەکە داوە و گوتی: "هەریەکە لە بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی، نەوەی نوێ و کۆمەڵی ئیسلامی تانەیان لە ئەنجامەکە داوە، بەڵام تانەکەی کۆمەڵی ئیسلامی لە رۆژی 2015/10/25 نێردراوە بۆ دەستەی دادوەری هەڵبژاردن، بۆیە پێموایە دەستەکە رەتیدەکاتەوە".

سەبارەت بە تانەی بەربژێرەکانیش، بەرپرسەکەی کۆمسیۆن دەڵێت: "30 بەربژێر کە بەربژێری پارتی، یەکگرتوو، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی، کۆمەڵی ئیسلامی، نەوەی نوێ و زۆربەی قەوارەکانی تێدایە، وەرگیراوە و لەلایەن 3 دادوەرەکەی دەستەی دادوەری هەڵبژاردن لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بەدواداچوونی بۆ دەکرێت کە تانەی ئەو بەربژێرانە لە قەوارەکانیانە، چونکە پێیانوایە ئەوەندە دەنگیان هێناوە کە دەربچن بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام دەرنەچوون و حیزبەکانیان غەدریان لێکردوون".

دەستەی دادوەری هەڵبژاردن تەنیا یەک رۆژی لەبەردەم ماوە بۆ ئەوەی تانەکان یەکلا بکاتەوە. کۆڤان عەبدولکەریم گوتی: "دەستەی دادوەری هەڵبژاردن دەبێت لە ماوەی حەوت رۆژدا تانەکان یەکلایی بکاتەوە و دوا وادەش رۆژی 2018/10/30یە، پێشبینی دەکەم لەگەڵ راگەیاندنی ئەنجامی تانەکان، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەش پەسند بکرێت و رابگەیەندرێت، چونکە ئەوەندەی من زانیاریم هەبێت تانەکان هیچ شتێکی وایان تێدا نییە کە کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەبێت".

بەپێی ئەنجامە راگەیەندراوەکانی کۆمیسیۆن، لە 100 کورسییە گشتییەکەی پەرلەمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان 45 کورسی، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان 21 کورسی، بزووتنەوەی گۆڕان 12 کورسی، جوڵانەوەی نەوەی نوێ 8 کورسی، کۆمەڵی ئیسلامی 7 کورسی، هاوپەیمانی بەرەو ئیسڵاح 5 کورسی، هاوپەیمانی سەردەم یەک کورسی، لیستی ئازادی یەک کورسی هەیە، هەروەها 11 کورسییەکەی کۆتانیش: هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی سێ کورسی، گەشەپێدانی تورکمانی دوو کورسی، چاکسازی تورکمانی یەک کورسی، لیستی میللەت یەک کورسی، بەرەی تورکمانی یەک کورسی، لیستی رافیدەین یەک کورسی، ئەنجوومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری یەک کورسی و قەوارەی تاکی ئەرمەنیش یەک کورسیان بەدەستهێناوە.


حەوت تانە درەنگ گەیشتنە کۆمیسیۆن بۆیە رەتکرانەوە

بەهۆی کێشەی کەمئاوییە

# لە 8 ساڵی داهاتوودا 4 ملیۆن کەس لە عێراق ئاوارە دەبن


ساڵانە 250 هەزار کیلۆمەتر لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەم دەبێتەوە و ناوچە بیابانەکانیش هەتا دێن فراوانتر دەبنەوە.

ڕووداو- هەولێر

بەرپرسانی عێراقی هۆشداری دەدەن کە لە هەشت ساڵی داهاتوودا چوار ملیۆن کەس ئاوارە دەبن، بەڵام ئەمجارەیان هۆکارەکەی ئاگری شەڕ نییە. پێناچێ حکومەتی بەغداش هیچ پلان یان سەرمایەیەکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە چاوەڕوانکراوە هەبێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی پرۆگرامی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق ساڵانە 250 هەزار کیلۆمەتر لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەم دەبێتەوە و ناوچە بیابانەکانیش هەتا دێن فراوانتر دەبنەوە.

بەرپرسانی وەزارەتی ژینگەی عێراق بە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانییان ڕاگەیاندووە ئەگەر هەوڵی گۆڕینی ئەو دۆخەی ئێستا نەدرێ، چاوەڕێی کۆچ و ئاوارەبوونی بە لێشاوی خەڵکی ناوچە گوندییەکان دەکرێ. یوسف موئەیەد یوسف، کاربەدەستێکی وەزارەتی ژینگەی عێراق، بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ "قەیرانی داعش و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان سێ ملیۆن کەسی ئاوارە کرد، ئێستاش چاوەڕێ دەکەین لە هەشت ساڵی داهاتوودا چوار ملیۆن کەس بەهۆی قەیرانی ئاووە ئاوارە ببن".

نزیکەی 300 هەزار کەس لە زۆنگاوەکانی باشووری عێراق دەژین کە لە ناوچەکانی نزیک لە خاڵی یەکگرتنەوەی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتدا هەڵکەوتووە. ڕاپۆرتەکەی (ئیندیپێندنت) ئاشکرای دەکات کە ڕووبەری زۆنگاوەکان لە یەک ساڵی ڕابردوودا 1200 کیلۆمەتریان فەوتاون و ئێستا 1200 کیۆمەتر چوارگۆشەیان لێماوەتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە سەرەتای ئەمساڵەوە 600 خێزان، لەو ناوچانە ئاوارە بوون.

کەمبوونەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و گۆڕانی دیمۆگرافی گوشارێکی زۆر لەسەر ناوچە شارییەکان دروستدەکات، دۆخی ئەمنی و ئاسایشی ناوچەکان ئاڵۆز دەکات و ئاستی نارەزایەتی جەماوەری زیاتر دەکات، هەموو ئەمانەش لە درێژخایەندا دەکرێ ئاگری شەڕێکی نێوخۆی نوێ لە عێراق خۆشبکەن. بۆیەش یوسف موئەیەد پێیوایە "ئەم کێشەیە چیدی تەنیا کێشەیەکی ژینگەیی نییە، بەڵکو کێشەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراکیشە. ئەم قەیرانە کاریگەری لەسەر زۆر پارێزگا دادەنێ و دەبێ بە کێشەیەکی عێراقی، ناوچەیی و تەنانەت جیهانیش".

بەڵام کێشەی ئاوی عێراق تەنیا لە دیوی باشووری ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتدا نەماوەتەوە و باکووری عێراقیشی گرتووەتەوە، بە تایبەتیش پارێزگاکانی سەلاحەدین و کەرکووک. ئەزموونی سەرهەڵدانی داعش ئەوەی پیشان داوە کە ناوچە گوندییەکان یەکێک لە بنکە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی لایەنگر و چەکداری ئەو گروپە بووە.

نەسیر تارق، چالاکڤانی مەدەنی لە گروپی پاراستنی دیجلە، لەبارەی هۆکاری ئەوە بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەی گوتووە: "زۆربەی جووتیاران خوێندەوارییان نییە، شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ئایینەوە نازانن، زۆر کەم ئاگایان لە سیاسەتی نێوخۆییە. ئەوکات جیاوازیان لە نێوان هێزەکانی حکومەت و گروپە چەکدارەکان نەدەکرد، چونکە ئەوان تەنیا پێویستیان بە پارە بوو".

بەرەنگاربوونەوەی قەیرانە ژینگەییەکان پێویستی بە چەندین ملیار دۆلارە، بەڵام بودجەی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق بەهۆی دابەزینی نرخەکانی نەوت و خەرجییەکانی قەیرانی داعشەوە لە 1.7 ملیار دۆلار بۆ 50 ملیۆن دۆلار کەمکراوەتەوە، لە کاتێکدا زۆربەی پارەکە بۆ مووچەی فەرمانبەران دەڕوات. حکومەتی عێراق ئەستەمە بتوانێ لە نێوان کێشە هەنووکەییەکان (لەوانەش دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکان) و کێشە درێژخایەنەکان (چارەسەری کێشە کەمئاوی و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان) هاوسەنگییەک دروستبکات. بەڵام وەبەرهێنانیش بە تەنیا بەس نییە.

حەسەن ئەلجەنابی، وەزیری پێشووی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، پێیوایە لەو دۆخەدا وەبەرهێنان بە تەنیا بەس نییە و لەمبارەوە بە (ئیندیپێندنت)ی ڕاگەیاند "فراوانبوونەوەی بیابانەکان ناوەستێنرێ ئەگەر چەندین ملیار وەبەرهێنان لە دروستکردنی پشتێنەی سەوزدا نەکرێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەمە بکەین پێویستمان بە ئاویش دەبێ".

بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، داعش نزیکەی 600 ملیۆن دۆلار زیانی بە ژێرخانی بەنداوەکانی عێراق گەیاندووە و ئەو ژێرخانە پێویستی بە چاککردنەوەی خێرا هەیە. جیا لەمە داعش کەرتی کارەبای عێراقیشی کردووەتە ئامانج، کەمبوونەوەی کارەباش هۆکارێکە بۆ ئەوەی جووتیارانی ناوچەکە نەتوانن ئاوی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بدەن.

جووتیارێکی پارێزگای نەینەوا بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە: "پێشتر 750 هەزار مەتر چوارگۆشەم دەکێڵا، بەڵام ئێستا ئەستەمە بتوانم 100 هەزار مەتر چواگۆشە بکێڵم، لەبەر ئەوەی هەم ئاو و هەم کارەباش کەمبووەتەوە".

ئەو ناوچانە پێشتر بە سەبەتەی خۆراکی عێراق ناسرابوون، بەردەوامی ئەو قەیرانە لە درێژخایەندا زیانی گەورە بە بەرهەمهێنانی عێراق و ئابووریی کشتوکاڵییەکەی دەگەیەنێ، بە جۆرێک چاوەڕێ دەکرێ لە ساڵانی داهاتوودا بەهۆی دابەزینی بەرهەمی نیوخۆی و زۆربوونی هاوردەی خۆراک ڕێژەی بێکاریش لە عێراق بەرز ببێتەوە، لەوێشەوە قەیرانی نوێی ئەمنی جارێکی دیکە بەرۆکی عێراق بگرنەوە.

ئەگەر بچێتە بەغدا

# کێ لە شوێنی نەوزاد هادی دەبێتە پارێزگار؟


نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر

شکار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

ئەگەرچی هێشتا یەکلانەبووەتەوە کە نەوزاد هادی، پارێزگاری ئێستای هەولێر پۆستی وەزیری شارەوانی یان وەزیری کۆچ و کۆچبەران لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی وەردەگرێ، بەڵام ناوی چەند کەسێک لەناو پارتی بۆ پۆستی پارێزگاری هەولێر دێت، بەپێی یاساش ئەو کەسەی دەبێتە پارێزگاری داهاتووی هەولێر، پێویستە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بێ.

> **دەبێ ئەندامێکی ئەنجوومەن ببێتە پارێزگار**
>
> عەلی ڕەشید، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر

عەلی ڕەشید، سەرۆکی ئێستای ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر یەکێکە لەو کەسانەی ناوی دەهێنرێت بۆ وەرگرتنی پۆستەکە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "تاوەکو ئێستا بەفەرمی لەنێو پارتی قسە لەگەڵ من نەکراوە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، پۆستی پارێزگار پۆستێکی سیادییە، بۆیە پێش ئەوەی لەنێو ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا دیاری بکرێت، دەبێت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆک بارزانیش ڕەزامەندی لەسەر بدەن".

بەپێی یاسا ئەو کەسەی بۆ پۆستی پارێزگار بەربژێر دەکرێت، دەبێت ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا بێت. عەلی ڕەشید دەڵێت "بڕیارە نەوزاد هادی وەکو وەزیر لە بەغدا دەستبەکار بێت، بۆیە ئەم پۆستە دەکەوێتە بۆشاییەوە و لەوانەیە بۆ ماوەیەک بەوەکالەت لەلایەن جێگری پارێزگارەوە بەڕێوەببرێت".

گوتیشی: "بەپێی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان، دەبێت یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بۆ پۆستی پارێزگاری هەولێر هەڵبژێردرێت. لەبەرئەوەی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنەکە زۆرینەیە و 12 ئەندامین، بۆیە یەکێک لەو 12 ئەندامەی پارتی دەبێتە کاندید بۆ پۆستەکە و بە دەنگی 1+50 متمانەی پێدەدرێت، کاتی خۆیشی نەوزاد هادی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا بوو بە زۆرینەی دەنگ هەڵمانبژارد و بوو بە پارێزگاری هەولێر".

لەنێو پارتیدا ناوی چەند کەسێک دەهێنرێ بۆ وەرگرتنی پۆستەکە، بەڵام بارزان سدیق سوارە، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "بەربژێرکردنی هەر کەسێک لە دەرەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر پێویستی بە هەمووارکردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگا هەیە، ئەمەش لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدرێت، لەبەرئەوەی هێشتا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ڕانەگەیەندراوە، سوێندخواردنی پەرلەمانی داهاتووش زۆری ماوە، بۆیە زۆر دوورە کەسێک لە دەرەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ببێتە پارێزگار".

لەنێو 12 ئەندامەکەی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، عەلی ڕەشید بەهێزترین کاندیدە، ئەو دەڵێت: "تاوەکو ئێستا لەنێو پارتی لەسەر ئەو بابەتە قسە لەگەڵ من و هیچ ئەندامێکی دیکەی فراکسیۆنەکە نەکراوە، بەڵام بەو هۆیەی من پێشتر بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان بووم لە وەزارەتی کشتوکاڵ، هەروەها سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بووم، چوار ساڵ و نیویشە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێرم، بۆیە ئەزموونی کارگێڕیم زیاترە لە ئەندامانی دیکەی فراکسیۆنەکەم، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەندامانی دیکەی فراکسیۆنی پارتی شیاوی ئەو پۆستە نین، بەڵکو هەموویان کەسانی بەتوانان و دەتوانن ئەرکەکە لەئەستۆ بگرن".

دوای ڕاگرتنی نەوتی کەرکووک بۆ ئێران

# کەرکووک چاوەڕێی گەڕانەوەی پارەی پترۆدۆلارە


پێش 16 ئۆکتۆبەری 2017، ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک لەڕێگای بۆریی نەوتی کوردستانەوە ڕەوانەی بەندەری جەیهان دەکران

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، یەکەم بارە نەوتی کەرکووک گەیشتە ئێران. ئەوە سەرەتای ڕێککەوتنێکی گەورەتر بوو لەنێوان بەغدا و تاران بۆ ئەوەی چیدیکە بەندەری جەیهانی تورکی، وێستگەی گەیاندنی نەوتی کەرکووک نەبێت بۆ بازاڕەکانی جیهان، بەڵام دوای کەمتر لە چوار مانگ، قۆناغی نوێی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران هەموو شتێکی گۆڕی، بەپێی سزاکان هەموو ئەو دەرگایانە لەسەر ئێران پێوەدەدرێن کە بازرگانیی نەوتی جووڵەی لێوە دەکات.

بەرپرسێکی ئیداریی پارێزگای کەرکووک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ ئاگاداری بڕیارە نوێیەکانە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئێران و قەدەغەکردنی ناردنی نەوتی کەرکووک بۆ ئەو وڵاتە "بەڵام تاوەکو ئێستاش هاتن و چوونی تانکەرەکانی گواستنەوەی نەوت بەردەوامن و ڕەنگە تاوەکو ڕۆژی دەستپێکردنی سزاکان نەوەستێ".

پێش 16 ئۆکتۆبەری 2017، ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک لەڕێگای بۆرییە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی بەندەری جەیهان دەکران، بەڵام هێرشی سوپای عێراق و گرووپەکانی حەشدی شەعبی بۆ دەستگرتن بەسەر کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری، دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەسەر نەوتی شارەکەوە نەهێشت و وەزیری نەوتی عێراق لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی ڕێککەوتنێکیان بۆ گواستنەوەی نەوتی کەرکووک واژۆ کرد.

بەپێی ڕێککەوتنەکە، لە قۆناغی یەکەمدا ڕۆژانە 30 هەزار بەرمیل نەوت بە تانکەر ڕەوانەی ئێران دەکرێت و دواتر بە بۆڕی دەست بەجێبەجێکردنی قۆناغی دووەم دەکرێ، بەڵام ڕۆژی 26ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، ئاژانسی ڕۆیتەرز بڵاویکردەوە کە بڕیاری ڕاوەستاندنی نەوتی کەرکووک لە واشنتنەوە دەرچووە.

د.بێوار خنسی، پسپۆڕی بواری وزە دەڵێ حکومەتی بەغدا لە دوای 16 ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردووەوە کە هەناردەی نەوتی کەرکووکی بۆ بەندەری جەیهان وەستاند، نزیکەی 5 ملیار دۆلار زیانی پێکەوتووە "ئێستا گەمارۆکانی ئەمریکا وایکردووە بەغدا خۆی داوا لە هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی نەوتی کەرکووک جارێکی دیکە لە ڕێگای بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە هەناردە بکرێت".

بەڵام ئەو هەناردنە وەک بێوار خنسی باسی دەکات، لەخۆڕا نایەتە ئاراوە و دەبێت بەغدا لە بەرامبەردا یان کرێی گواستنەوە بدات یان مل بۆ هەندێک داواکاری کورد بدات "ئەگەر بەغدا پارە بدات و بۆ ناردنی هەر بەرمیلێک نەوت یەک دۆلاریش بدات، ئەوا ڕۆژانە دەبێت 300 هەزار دۆلار بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان".

سەرەتای مانگی تەمووزی ئەمساڵ جەبار لعێبی، وەزیری پێشووی نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە بەمەبەستی ڕەوانەکردنەوەی نەوتی کەرکووک لەڕێگەی بەندەری جەیهان، لەگەڵ هەرێمی کوردستان و تورکیا لە گفتوگۆدان و بڕیاری هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک لەڕێگەی تورکیاوە، دەکەوێتە سەر ئەنجامەکانی گفتوگۆی نێوان بەغدا و هەولێر و ئەنقەرە. ئاماژەی بەوەش دا کە ڕۆژانە 220 هەزار بەرمیل نەوت لە کەرکووک بەرهەم دەهێنرێت.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای یەکێتی، دەڵێ ئەو بڕیارە نوێیەی ئەمریکا نەبووەتە هەواڵی گەرم لای کەرکووکییەکان "چوونکە نەوتی کەرکووک لە هەرکوێوە بڕوات و هەرکەس بیکڕێ، پارەکەی بەغدا وەریدەگرێ و کەرکووک بۆ خۆی سوودی لێنابینێ" گوتیشی "ئەو دانوستاندنە نوێیە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ گواستنەوەی نەوتی کەرکووک لە ڕێگای بۆری کوردستانەوە دەرفەتە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە بەغدا بکات لە پارەی نەوت پترۆ دۆلاری کەرکووک بدات، بەڵام ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە دەکات؟".

قازانجی گەورەی ئەو گەمارۆیەی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، وەک ئەحمەد عەسکەریی باسیدەکات، ڕێگرتنە لەوەی ڕێگاوبانەکانی کەرکووک زیاتر لە ئێستا وێرانتر ببێ: "تانکەر ڕۆژانە نەوتی کەرکووک بۆ ئێران دەگوازێتەوە، ڕێگاوبانەکانی کەرکووک هەموو وێران بوون و زیانی سەدان ملیۆن دینار لەڕێگاوبانەکان کەوتووە، هاتوچۆی خەڵک بەتەواوی دژوار وقورس بووە".

ئەندامێکی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت نازانن نەوتی کەرکووک چی لێدێت و چۆن بەکاردەهێندرێ بەو پێیەی ئەوان لە شارەکە نەماون: "بەڵام ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا هەرچۆن بێت، باشتر وایە نەوتەکە لەڕێگای بۆرییەوە بڕوات، چونکە بە تانکەر کەس نازانێ حساب چۆنە و چەند دەفرۆشرێ". محەممەد کەمال، گوتیشی" ڕێگای بۆری، ڕێگایەکی یاساییە و ئەوکاتیش ئەنجوومەنی پارێزگا و خەڵکی کەرکووک دەتوانن داوا لە بەغدا بکەن، پارەی پترۆ دۆلاریان بداتەوە".



## 124 شەڕڤانی یەپەگە گەڕاونەتەوە ئەڵمانیا

**ڕووداو- هەولێر**

دەزگا ئەمنییەکانی ئەڵمانیا ڕایانگەیاند لە پێنج ساڵی ڕابردوودا 124 شەڕڤان کە بۆ شەڕی دژی داعش ڕوویان لە سووریا کردبوو، گەڕاونەتەوە ئەلمانیا. وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا لە وەڵامی پەرلەماندا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە زانیارییان نییە هیچ ئەڵمانییەک چووبێتە ریزەکانی پێشمەرگەوە. ئولڵا یەلپکی، سیاسەتکاری پارتی چەپی ئەڵمانیا ڕەخنەی لە دەزگا ئەمنییەکان گرتووە بەهۆی ئەوەی لێپرسینەوە لە شەڕڤانە ئەڵمانییەکانی یەپەگە دەکرێ و ئەو ڕێکخراوە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە قەڵەم دەدرێ، پێیوایە لێکۆڵینەوە لەو شەڕڤانانە بێمانەیە.



# داعش لە خەلافەتێکی ئاشکراوە بۆ هەڕەشەیەکی نادیار

## هیشام ئەلهاشمی، لێکۆڵەری بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر:

# 3500 چەکداری داعش گەڕاونەتەوە ئەوروپا

**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر هێرشەکانی ڕێکخراوی داعش و ساڵێک بەسەر ڕووخانی خەلافەتەکەیاندا لە عێراق و سووریا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتا پرسیارەکان سەبارەت بە چۆنێتی دروستبوون، پەرەسەندن، پێکهاتە و داهاتووی ڕێکخراوەکە دوای ڕووخانی خەلافەت پرسیاری زیندوون. دکتۆر هیشام ئەلهاشمی، لێکۆڵەری میوان لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ یەکەمجار لە (ڕووداو) بڵاو دەکرێتەوە، وەڵامی زۆر لەو پرسیارانە دەداتەوە.

ڕێکخراوی داعش لە ساڵی 2014 بەهۆی تێکدانی سنووری نێوان عێراق و سووریا و توندوتیژیی لەسنووربەدەریان ناوی دەکرد، بەڵام ئەلهاشمی پێیوایە دوو قۆناغی دیکە پێش ڕووداوەکانی 2014 هەن کە بۆ تێگەیشتن لە داعش گرنگن، قۆناغی یەکەمیان لە 2010 دەستپێدەکات کە: "کۆکردنەوەی پێکهێنەرە بەهێزەکان لە چواردەوری بەغدادی لە خۆدەگرێ، قۆناغی دووەمیشیان لە 2013 دەستپێدەکات و بریتییە لە: ڕاگەیاندنی یەکخستنی لقەکانی عێراق و شام و جیابوونەوە لە ئەلقاعیدە".

ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی داعش، لە ڕۆژی 29ی حوزەیران خەلافەتەکەی ڕاگەیاند. دوو مانگ دواتر و پاش هێرشەکانی داعش بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بە دەستپێشخەری و سەرکردایەتیی ئەمریکا ڕاگەیێندرا. وەک لە ڕاپۆرتەکەی لێکۆڵەرە عێراقییەکەدا هاتووە، ئامانجی هاوپەیمانێتییەکە تەنیا لێدانی سەربازیی ڕێکخراوەکە نەبوو، بەڵکو هەڵمەتێکی فرەلایەن لەئارادا بووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ئەلهاشمی، ئامانجی هاوپەیمانییەکە بریتی بوو لە: "لەناوبردنی توانا سەربازییەکانی داعش، دەرکردنیان لە شار و شارۆچکەکان، ڕێگرتن لە هاتنی شەڕکەرە بیانییەکان بۆ سەر خاکی خەلافەت، ڕێگەگرتن لە کۆچی پێچەوانەی ئەو کەسانە (بۆ وڵاتانی دەرەوەی سنووری داعش)، وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی تیرۆر، کردنەوەی کۆدە نهێنییەکانی داعش لەبواری کارگێڕی و کادیرەکانی دیوان و کۆڵەکە داراییەکان و زەکاتی ناوەندی ڕێکخراوەکە، بە ئامانجکردنی بنکەکانی پەرەپێدانی سەربازی و کیمیایی داعش و بە ئامانجکردنی سەرکردە دیارەکانی داعش".

### • لێدان لە سەرکردەکان

لە سەرەتای شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە لە دژی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، لێدان لە سەرکردایەتی و عەقڵە پلاندانەرەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەشێکی سەرەکی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بووە. ئەلهاشمی لە ڕاپۆرتەکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە لە کۆی 43 سەرکردەی دامەزرێنەری داعش، 42 یان کوژراون، هەروەها 79 سەرکردەی پلە یەک و زۆرینەی سەرکردە مەیدانی و ناوەندییەکانی ڕێکخراوەکەش لەناوبردراون، لەوانەش سەکردە و کادیرەکانی دیوانی ڕاگەیاندنی ناوەندیی داعش، بە تایبەتیش ئەبومحەممەد فورقانی (ناسراو بە دکتۆر وائل حەسەن فەیاز)، تەها سوبحی فەلاح (ناسراو بە ئەبوو محەممەد ئەلعەدنانی)، ئەیاد عەبدولڕەحمان ئەلعوبەیدی (ناسراو بە ئەبو ساڵح حەیفا)، یاریدەدەری ئەیاد حامد محل جومەیلی (ناسراو بە ئەبوو یەحیا عێراقی) کە ئەرکەکەیان بە "کەسانی بێبایەختر لەڕووی کاریزما، پێشینەی مێژوویی و ئەزموونی کارگێڕی و دارایی و ئاسایشی ڕێکخراوەکە درا".

### • جوگرافیا، ویلایەتەکان و چەکدارانی خەلافەت

لە چوار ساڵی ڕابردوودا لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەبارەی پێکهاتەی ئیداری و سیاسی داعش کراون، ئەلهاشمی دەڵێت بڵاوکراوەی بینراوی "سەرحی خەلافەت" کە داعش بڵاوی کردووەتەوە، هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی: "شێوازی بەڕێوەبردنی حوکمی خەلافەت و لامەرکەزییەت لە ئیسلامدا" شی بکاتەوە.

"سەرحی خەلافەت" کە ماوەکەی 14 خولەک و 58 چرکەیە، باسی 35 شار دەکات کە بەسەر 19 ویلایەت لە عێراق و سووریا دابەشی کردوون. بە گوێرەی ڕاپۆرتی شارەزا عێراقییەکە: "ناوی عێراق و شام لەگەڵ 16 ویلایەت لە وڵاتانی دیکە بەکارهاتووە و ساڵی 2018 کۆمەڵێک ناوچەی لە ویلایەتی شامدا کۆکردوونەتەوە کە بەم شێوەیەن: جزیرە، بەرەکە، خەیر، ڕەققە، دیمەشق، حەلەب، حمس، حەما و فوڕات. ویلایەتی عێراقیش: بەغدا، ئەنبار، سەلاحەدین، فەلوجە، دیالە، باکووری بەغدا، باشوور، نەینەوا، کەرکووک و دیجلەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە دەرەوەی عێراق و سووریاش کۆمەڵێک ناوچە لە چوار ویلایەتدا کۆکراونەتەوە کە پێکهاتوون لە: نەجد، حیجاز، سینا، بورقە، تەڕابلس، فەزان، جەزائیر، ڕۆژئاوای ئەفریقا، لێواری سەوز، خۆراسان، قەوقاز، عەدەن، شبوە، حەزرەمۆت، سەنعا و بەیزا". چوار ویلایەتەکەی دەرەوەی شام و عێراق بریتین لە "ویلایەتی خوراسان (بە کەمتر لە 1000 چەکداری چالاک و 4000 چەکداری نووستوو)، ویلایەتی ڕۆژئاوای ئەفریقا (بە نزیکەی 3000 چەکداری چالاک و 12 هەزار چەکداری نووستوو)، ویلایەتی حەرەمەین و یەمەن (بە کەمتر لە 500 چەکداری چالاک و نزیکەی 2000 چەکداری نووستوو)، ویلایەتی سینا (بە کەمتر لە 200 چەکداری چالاک و نزیکەی 800 چەکداری نووستوو).

لە دوای ڕزگارکردنی پارێزگای مووسڵ و ڕەققە لە ساڵی 2017، گومان دەکرا ئەمساڵ خەلافەت بە تەواوەتی لەناوچووبێ و جگە لە چەند بەشێکی ڕۆژهەڵاتی فورات داعش ناوچەیەکی دیکەی بەدەستەوە نەمابێ، بەڵام هیشام ئەلهاشمی بە پشتبەستن بە مەزندەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "چەکدارە چالاکەکانی ڕێکخراوی داعش لە عێراق 2000 چەکدارن و لە پشتیانەوە 8000 چەکداری نووستوو هەن. لە سووریاش نزیکەی 3000 چەکداری چالاک هەن، کە 12 هەزار چەکداری نووستوو پشتگیری لوجیستیکییان پێشکەش دەکەن".

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، پاشماوەکانی داعش لە عێراق تاوەکو ئێستاش سەر بە بەغدادین و لەو ناوچەیەی بە "سێگۆشەکانی مەرگ" ناسراوە، دەستکەوتی گەورەیان هەبووە. 15 هەزار چەکداری چالاک و نووستووی داعش لە سووریاش "زۆربەی کات هەوڵدەدەن بە زۆر و بە زەبری هەڕەشەی کوشتنیش بێ بەیعەت لە جیهادییە کۆنەکان و ئەندامانی پێشووی قاعیدە وەربگرن".

نزیکەی ساڵێک بەسەر ڕووخانی خەلافەتەکەی داعشدا تێدەپەڕێ، بەڵام ڕاپۆرتەکە هۆشداری دەدات کە "دەستکەوتەکانی داعش لەسەر ئاستی جیهان لە زیادبوون و بەهێزبووندان"، بە تایبەتیش لە یەمەن، ئەفغانستان و ڕۆژئاوای ئەفریقا. بەو پێیەش کە ئێستا شانەکانی داعش لە سێ کیشوەری ئاسیا، ئەوروپا و ئەفریقا بڵاوبوونەتەوە، ڕیشەکێشکردنی ڕێکخراوەکە ئەستەم دەبێ.

### • هەیکەلی داعش لە 2018

نەمانی خەلافەت و لەدەستدانی ٪98ی ئەو ناوچانەی پێشتر کۆنترۆڵی کردبوون، ڕێکخراوی داعشی ناچارکردووە بە هەیکەل و ڕێکخستنی ڕێکخراوەکەدا بچێتەوە. ئەلهاشمی دەڵێت کە ئەمساڵ داعش 14 دیوانی لەدەستداوە. ئەم دیوانانە پێشتر ڕۆڵی وەزارەتیان لە خەلافەتەکەی داعشدا دەبینی. ئەو 14 دیوانەش بریتین لە "دیوانی ستەملێکراوان، دیوانی دەعوە و مزگەوتەکان، دیوانی سەربازگیری، دیوانی بەیتولمال، دیوانی پەروەردە، دیوانی کشتوکاڵ، دیوانی دەستکەوت و داهاتەکان، دیوانی حەسبە، دیوانی زەکات، دیوانی ئاسایشی گشتی، دیوانی ڕاگەیاندنی ناوەندی، دیوانی تەندروستی، دیوانی پایەکان و دیوانی خزمەتگوزارییەکان".

ڕاپۆرتەکە بە پشتبەستن بە دانپێدانانەکانی سەدام جەمەل (ناسراو بە ئەبو ڕوقییە ئەلئەنساری) و دکتۆر ئیسماعیل عیساوی (ناسراو بە زەید ئەلعێراقی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پەیکەری ڕێکخراوەکە بەو شێوەیەی لێکراوە "والی کە جێگری بەغدادییە لەو ویلایەتە، ئەندامی ئەنجوومەنی شوورا و لیژنەی ڕێپێدراوە". والییەکە سێ جێگری هەیە کە یەکەمیان بۆ ناوەندە ئەمنی و سیخوڕی و سەربازییەکان، دروستکردن و پەرەپێدانی پۆستە تایبەتەکانە. جێگری دووەمیان بۆ ناوەندە شەرعییەکان، داد، دەعوە، ستەملێکراوان، بەیعەت، مزگەوت و عەشیرەتەکانە و جێگری سێیەمیشیان بۆ ناوەندە خزمەتگوزارییەکان، ڕاگەیاندن، تەندروستی، دارایی، زەکات و باجەکانە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، ویلایەتەکان بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەبن کە دەسەڵاتی لامەرکەزییان هەیە و بەغدادی دەیداتە والی، هەروەها لە پاڵ دیوانەکان دەستە و نووسینگەش هەن کە بریتین لە دەستەی کۆچ، دەستەی کاروباری خێزان و شەهیدان، دەستەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، کارگێڕیی ویلایەتە دوورەدەستەکان، نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکان و عەشیرەتەکان.

### • داعش و ئەوروپا

ئەو نووسینگە و دەستانە لەناو تۆڕێکی تایبەتمەند بە کاروباری دەرەوەی ویلایەتەکان کۆکراونەتەوە، پەیکەرەکەشیان هاوشێوەی پەیکەری نووسینگەی ویلایەتە تایبەتەکانە، ئەگەر ئەوروپا ویلایەتێکی بەشبەشکراو بێت.

ڕاپۆرتەکەی ئەلهاشمی هۆشداری دەدات کە نووسینگەی ویلایەتە تایبەتەکان "مەترسیدارترین نووسینگەیە بۆ ڕۆژئاوا، لە کاتێکدا نزیکەی 3000 بۆ 3500 چەکداری گەڕاونەتەوە ئەوروپا کە هیچ کۆنترۆڵێکیان لەسەر نییە و ناویشیان لە لیستی دەزگا ئەمنییەکانی ئەوروپادا نییە، زۆرینەشیان مەشقی سەربازی، شەرعی و ئەمنییان وەرگرتووە و لە شێوەی گرووپی 9 بۆ 21 کەسی ئامادەکراون و هەمووشیان هەڵگری بیری جیهادین.

بەغدادی لە گوتارەکەی ئابی 2018ی خۆیدا، لەبری ئەوەی داوای هێرشی ڕاستەوخۆ لە عێراق و سووریا بکات، داوای لە هێزەکانی داعش کرد لە کۆچی پێچەوانەدا بەرەو ئەفریقا و خۆراسان بچن، بە بۆچوونی هیشام ئەلهاشمی داعش "ئامانجیەتی تۆڵە لە دەسەڵاتە عەرەبییەکان بکاتەوە و پەنا بۆ کوشتنی هەڕەمەکی لە ئەوروپا بەرێ".

### • پارە و بازرگانیی داعش

لە سەرەتای سەرهەڵدانی داعشەوە وشککردنی سەرچاوە داراییەکان و ڕێگریکردن لە بازرگانی داعش بەشێکی گەورە لە هەوڵەکانی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بوونە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە لوتکەی توانای دارایی ڕێکخراوەکە لە ئادار تاوەکو حوزەیرانی 2015 بووە، لەو ماوەیەدا داعش دەستی بەسەر 5.5 بۆ 7 ملیار دۆلاردا گرتووە. سەرچاوەی ئەو داهاتەش فرۆشتنی نەوت، پارەی کاشی بانکەکان، فرۆشتنی چەک، قاچاخی شوێنەوارەکان، دەستگرتن بەسەر کەلوپەل و موڵکی حکومەت، سەندنی سەرانە لە خەڵک و بازرگانان، فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان و سەپاندنی باج و زەکات بووە.

داعش بە دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهان لە مێژووی هاوچەرخدا لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنانیش بە ڕێکخراوێکی چالاک لە قەڵەم دەدرێ. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، داعش توانیویەتی لە ڕێگەی تۆڕی "ڕاوی" بە سەرۆکایەتی "فەواز محەممەد جوبێر ئەلڕاوی" 700 ملیۆن دۆلار سپی بکاتەوە و بۆ دەرەوەی سووریا، عێراق و لیبیا بیگوازێتەوە و لە بوارەکانی بازرگانی، پیشەسازی، خانووبەرە و تەکنەلۆژیا وەبەرهێنانیان پێبکات. داعش 400 بۆ 600 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی لە عێراق و سووریا هەیە بۆ ئەوەی وەکو داهاتی نێوخۆیی لە هەر ویلایەتێک بەکاریان بهێنێ.. بەو پێیەش شارەزا عێراقییەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "داعش لە ساڵی 2018 دا خاوەنی 1.5 بۆ دوو ملیار دۆلارە، ئەوەش دەیکات بە دەوڵەمەندترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لە مێژووی هاوچەرخدا.

### • داعش لە عێراق

لە چەند مانگی ڕابردوودا دەنگۆی دەرکەوتنەوەی چەکدارانی داعش لە پارێزگاکانی کەرکووک، دیالە و سەلاحەدین بڵاوبوونەتەوە. ئەلهاشمی کە ساڵانێک ڕاوێژکاری ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە تیرۆر بووە، هۆشداری دەدات کە "لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا، کارە تیرۆریستییەکان لەسەر ڕێگای شار و گوندەکان زیادی کردووە، بە جۆرێک کە زۆر لە گوندەکانی نزیک شارەکانی ئەو ناوچانە چیدی هەست ناکەن لە دەست داعش ڕزگارکراون".

ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێ فۆکەسە ئەمنی و میدیاییەکان تەنیا لەسەر ڕێگاکانی دیالە بۆ کەرکووک، سەلاحەدین بۆ کەرکووک و بەغدا بۆ کەرکووک بێت، چونکە "ناوچە هەن لە باشووری نەینەوا، ڕۆژئاوای ئەنبار، باکووری ڕۆژهەڵاتی دیالە، باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک، ڕۆژئاوای سەلاحەدین، جەزیرە و سامەرا کە پێویستیان بە چاودێری و بڕیاری یەکلاکەرەوە و زەبری توندی ئەمنی هەیە".

ئەلقاعیدەی عێراق کە دواتر ڕێکخستنەکانیان لەناو داعشدا توانەوە، لەدوای هەڵمەتی سەحوە خۆیان لە بیابانە دوورەدەستەکانی ئەنبار حەشار دا. گومان دەکرێ داعش هەمان تەکتیک بۆ خۆڕێکخستنەوە، کۆکردنەوەی ئەندام، پارە، ڕێکخستنەوەی شانەکان، پڕوپاگەندەی میدیایی و هەڵسانەوە بەکاربهێنێ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە "نەخشەی کارە تیرۆریستییەکانی داعش (لە چەند مانگی ڕابردوودا) ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە داعش پرۆگرامێکی پلان بۆ دانراوی هەیە لە پێناو بەدیهێنانی سێ ئامانجدا، یەکەمیان: بڕینی ڕێگای دەرەوەی نێوان پارێزگاکان و دروستکردنی سێگۆشەکانی مەرگ و خۆحەشاردان لەو ناوچانەی لەڕووی تۆپۆگرافییەوە ئاڵۆزن. ئامانجی دووەمیان لێدانە لەو نزیکبوونەوە کۆمەڵایەتییەی کە لە ماوەی ڕابردوودا هاتووەتە ئاراوە و یەکگرتنەوەی عێراقییەکان لەدژی داعشی لێکەوتووەتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی کوشتن لەسەر شوناسی تایفی، مەزهەبی و سیاسییەوە دەکات. سێیەم و دوایین ئامانجیشی بریتی دەبێ لە گەمارۆدانی باڵی شارەکان لەڕووی ئابوورییەوە و گۆڕینی ناوچە کشتوکاڵییە کراوەکان بۆ بارەگا و ناوەندی کۆنترۆڵی خۆی.

چالاکییەکانی ئەمدواییەی داعش لە پارێزگاکانی باکوور و ناوەڕاستی عێراق ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە خەریکە خۆی ڕێکدەخاتەوە و بە بۆچوونی ئەلهاشمی "ئێستا توانای دەستپێشخەرییان لە کاری تیرۆریستی سنووردراردا هەیە". بێجگە لە ڕەوانەکردنی هێزی ئەمنی زیاتر بۆ ئەو ناوچانە و دروستکردنی سەرچاوەی هەواڵگریی نێوخۆیی، لێکۆڵەرە میوانەکەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو کۆمەڵێک پێشنیاز بۆ پۆلیسی عێراق دەخاتەڕوو، لەوانەش: دەورییەی 24 کاژێری بۆ هەموو 10 هەتا 15کیلۆمەترێک. دانانی خاڵ و تاوەری چاودێریی پتەو. بنکەی ئاسایشی بەرپەرچدانەوەی خێرا. چاودێریکردنی ناوچەکان بە کامێرا و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان. دانانی هێڵی گەرم و بەهێزکردنی پەخشی تۆڕەکانی پەیوەندی کە ئێستا وەک ئەوەیە لەو ناوچەیە هەر نەبێ.

## داعش لە عێراق و سووریا 25000 چەکداری چالاک و نووستووی هەیە

## لە 43 سەرکردەی دامەزرێنەری داعش، 42یان کوژراون

## 79 سەرکردەی پلە یەکی داعش کوژراون

## ئێستا داعش خاوەنی 2 ملیار دۆلارە

## داعش بەزەبری هێز بەیعەت لە کۆنە قاعیدەکان وەردەگرێت

## داعش 600 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی لە سووریا و عێراقدا هەیە



لوقمان فەیلی، باڵیۆزی پێشووی عێراق لە ئەمریکا بۆ (ڕووداو):

# کورد دەبێ بە سێ کێشەوە بچێتە بەغدا نەک 20 کێشە

لە ساڵی 2010 تاوەکو 2013 باڵیۆزی عێراق بوو لە ژاپۆن. زیاتر لە 20 ساڵ لە ئەمریکا ژیاوە. بۆیە ساڵی 2013 پۆستی باڵیۆزی عێراقی پێدرا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە 24ی تەممووزی 2016 نامەی کۆتاییهاتنی کارەکەی بڵاوکردەوە. شارەزایی لە کارگێڕی کار و ژمێریاریدا هەیە. لوقمان عەبدولڕەحیم فەیلی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی تەحەددییەکانی بەردەم حکومەتی داهاتووی عێراق و کاریگەریی سزاکانی ئەمریکا لەدژی ئێران، بۆ سەر هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا جەمال**
**ڕووداو - هەولێر**

**ڕووداو: حکومەتی داهاتووی عێراق ڕووبەڕووی چ جۆرە تەحەددیەک دەبێتەوە؟**

**لوقمان فەیلی:** تەحەددیاتی جۆراوجۆری ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بەشێکیان پەیوەندیدارن بەدۆخی نێوخۆی عێراق، بەشێکیان پەیوەندییان بەجیۆپۆلیتیکی ناوچەکەوە هەیە. ئەرکێکی زۆر قورس لە هەموو ڕوویەکەوە دەکەوێتە سەر حکومەت، هەر بۆیە زۆر گرنگە حکومەت کارە لە پێشینەکانی خۆی دیاری بکات، چونکە ژمارەی تەحەددییەکان زۆرن و قووڵن و چارەسەرکردنیشیان ئاسان نین.

**ڕووداو: سەرۆکوەزیران ڕۆڵی دەبێت لەم تەحەددیانە، بەتایبەتی ئەم سەرۆکوەزیرەی ڕاسپێردراوە کە لە پۆستەکانی پێشوویدا چەند جارێک دەستی لەکارکێشاوەتەوە؟**

**لوقمان فەیلی:** سەختە بۆ بەرپرسێک ئامادەیی هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارێک، هاوکاتیش بەردەوام بیر لە دەستلەکارکێشانەوە بکاتەوە. بەپێچەوانەوە بەرپرس دەبێ هزری بەرەنگاربوونەوەی تەحەددییەکانی هەبێت و ڕێگەچارەشی بۆ بدۆزێتەوە. هەروەها دەبێت وا بیربکاتەوە کە هەموو شتێک چارەسەر دەکرێ، بەڵام لە چوارچێوەی لۆژیک و هەماهەنگی نێوان هەموو لایەنەکان. ئەرکی سەرشانی سەرۆکوەزیران دکتۆر عادل عەبدولمەهدی ئاسان نییە و هیچ کەسایەتییەکیش هەرچەندە بەهێزیش بێت، ناتوانێ بەتەنیا کێشەکان چارەسەر بکات، ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران و کوتلە سیاسییەکان و تەنانەت حکومەتی هەرێم

> ناکرێ ئەولەویەتی کورد جێبەجێکردنی ماددەی 140 بێ

هەماهەنگی لەگەڵ نەکەن، چونکە تەحەددیەکان گەورەن.

**ڕووداو: پێتوایە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانێکی بەهێز بێت لە کاتێکدا هیچ کوتلەیەکی پەرلەمانیی نییە؟**

**لوقمان فەیلی:** عەبدولمەهدی خۆی کەسێکی حیزبی نییە، ئەمە دژیەکە، چونکە پەرلەمانێک لەنێو دەیان حیزبی سیاسیدا هەڵبژێردراوە، کەچی سەرۆکوەزیرانێکی دەستنیشان کرد کە حیزبی نییە. ئەمە پرسی شەقام و پرسی واقیعە. هەروەها هیچ کوتلەیەک نییە بانگەشەی ئەوە بکات کە سەرۆکوەزیران لە کوتلەی ئەوە و هیچ کوتلەیەکیش نییە بڵێت کە سەدا سەد پشتیوانی دەبێت. ئەمەش جۆرێکە لە کێشە. کاتێک کەسێک هەڵدەبژێردرێت بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران کە حیزبی نییە، مانای وایە حیزبەکان کێشەیان لەگەڵ شەقام هەیە و خاڵی لاوازییان هەیە و ناتوانن ڕووبەڕووی گەل ببنەوە. لەکاتێکدا شەقام پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە و بێزارە لە بەڵێن و دروشم. دەرئەنجام لەنێو ئەو تەحەددیانەی ڕووبەڕووی عەبدولمەهدی دەبنەوە، تیمێکی ڕاستەوخۆی هەیە و کابینەیەکیشی هەیە هاوسۆزە لەگەڵی و کوتلە سیاسییەکانیش بۆ ئەوەی ڕووی خۆیان سپی بکەنەوە، دەبێ سازش لە بەشێک لە دەستکەوتەکانیان بکەن کە پێشتر دەستیانکەوتووە بۆ پشتیوانیکردن لە حکومەت. بەپێچەوانەوە ئەگەر کوتلە سیاسییەکان و تەنانەت حکومەتی هەرێمی کوردستان وا مامەڵە بکەن کە خۆیان سەرکەوتوو بن و حکومەتی

> ئەستەمە کێشەکانی عێراق بە حکومەتێکی ناحیزبی چارەسەر بکرێن

ناوەند شکست بهێنێ، ئەوە پرۆسەی سیاسی شکست دەهێنێ و هەموو لایەک زەرەرمەند دەبن.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا کارنامەی حکومەتی داهاتووت بینیوە، هیچ شەفافیەتێک هەیە بۆ ئەوەی بزانرێت لە داهاتوودا چی دەکرێت؟**

**لوقمان فەیلی:** کارنامەکە، وەک ئەوانی پێشوو باس لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و هێڵە گشتییەکان دەکات. کێشەکە لە نێوەڕۆکەکەدایە. واتە چ پرۆژەیەک لەبەردەستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی؟ چ دەکرێت بۆ کێشەی چەک کە لە دەرەوەی دەستی دەوڵەتە؟ چ فەرمانگەیەک و دامەزراوەیەک ئەرکەکانی دەگۆڕدرێن و دەهێنرێتە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی؟ پرسی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، پرسی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێم. ئەمانە هەموویان کەیسی گەرم و پرسی ڕۆژەڤن و هاوکات سەختیشن. بۆیە ئەستەمە حکومەتێکی غەیرە حیزبی توانای چارەسەرکردنی ئەم هەموو کێشانەی هەبێت. تاوەکو ئەم ساتەش ئەوەی دەگوزەرێت تەنیا باسوخواسی وەزیرەکانە. کام بەربژێر بۆ کامە پۆستی وەزیر دەستنیشان بکرێن، هیچکات باس لە کارنامەی حکومی نەکراوە. واتە عەقڵیەتی بەشەخسیکردنی پرسەکە هێشتا باوە و پێش کارنامەی حکومەت کەوتووە و باسی ئەوە نەکراوە کە کارنامەی حکومەت لە کوێ و چۆن دەستپێبکرێت و کارە لە پێشینەکانی دیاری بکرێت. ئەمە یەکەم کێشەیە ڕووبەڕووی حکومەتی داهاتوو دەبێتەوە. چونکە بەبێ دەستنیشانکردنی کارە لەپێشینەکان و دەستبردن بۆ 30-40 کەیسی پێویست و گرنگ، پێموایە حکومەت سەرناکەوێ لە کارەکانی.

**ڕووداو: کەواتە ئەم حکومەتە لە سەرەتای تونێلێکە کۆتاییەکەی دیار نییە؟**

**لوقمان فەیلی:** تا ئەم ساتەش، بەهیچ شێوەیەک باسی ئەوە نەکراوە کاری لەپێشینە کامە پرس و کەیس بێت. دەست بۆ چ جۆرە قەیرانێک ببەن. خزمەتگوزاری کارەبا یان ئاو، تەندروستی یان پەروەردە یاخود چ جۆرە کەیسێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دەوڵەت هەوڵ و توانای نییە و تەنانەت پارەشی نییە بۆ ئەوەی پرسە گرنگەکان چارەسەر بکات. دیاریکردنی کارە لەپێشینەکان و قەناعەتهێنان بە شەقام و چارەسەری هەنووکەیی و خێرا و دەستبردن بۆ پرۆژەکانی ژێرخان ئەمانە ئەرکی ئاسان نین.

> حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بەرەووی تەحەددی زۆر دەبێتەوە

**ڕووداو: نوێنەرانی کورد چۆن بەشداری لەم حکومەتەدا بکەن؟**

**لوقمان فەیلی:** دوای گشتپرسییەکە، زۆر گرنگە حکومەتی هەرێم و حیزبە کوردستانییەکان چاو بەجۆری مامەڵەکردن و سیاسەتکردنیان بگێڕن لەگەڵ حکومەتی ناوەند و کۆمەڵگەی عێراقیدا. زۆر بەداخەوە ناکۆکی و ململانێ لە نێوان هەرێم و ناوەند گۆڕدرا بۆ ناکۆکیی نێوان پێکهاتەکان. پێموایە ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و توانایەکی زۆر باڵا دەبێت لەلایەن سەرکردەکانی هەرێم و حیزبە کوردییەکان لەگەڵ حیزبە سوننی و شیعی و لایەنەکانی دیکەش بۆ ئەوەی هاوکێشەیەکی نوێ لە نێوان تاکەکانی هەردوولا پێکبهێنرێ. ناکرێت پێکهاتەکان تێکەڵی ئەم پرسە بکرێن.

**ڕووداو: خۆت لە 2016دا گوتت، بەدیدی سوننە و شیعە و کوردییەوە سەیری دەوڵەتی عێراق دەکرێت؟ دەکرێ ئەمە لە حکومەتی داهاتوودا ڕووبدات؟**

**لوقمان فەیلی:** دوای 2003، دەوڵەتی عێراق شکستی خوارد. مەبەستم پێکهاتەی تەواوی دەوڵەتە. بنیاتنانەوەی دووبارەی دەوڵەتی عێراق پێویستی بەنەفەسێکی دیکە هەیە، بەگیانێکی ئەرێنی، ئەمەش ئاسان نییە. ئەو تەحەددیانەی لەم ناوچەیە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە کە ناوچەیەکی نائارامە، ئێمە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات نین دوای پارچەپارچەبوونی یەکێتیی سۆڤییەت بچینە نێو ئەورووپای ڕۆژئاوا. هەروەها ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نین. تەحەددیاتی ئێمە زۆرترە. دوای گشتپرسی دەرکەوت کە هاوکێشەی نێودەوڵەتی ڕێگە بەوە نادات دەوڵەتێکی کوردی لە بەرامبەر دەوڵەتێکی غەیرە کوردی دابمەزرێت. بۆیە پێویستە چاو بەم پرسەدا بخشێنرێتەوە.

**ڕووداو: چۆن؟**

**لوقمان فەیلی:** هەماهەنگی حکومەتی هەرێم لە پێکهێنانی کابینەی نوێ و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و دەستبردن بۆ هەندێک کەیس بەمەبەستی سەرخستنی ئەگەر کەیسەکان بچووکیش بن، باشترە لە پێشکەشکردنی لیستێکی درێژی داواکارییەکان کە جێبەجێکردنیان زەحمەت دەبێ.

**ڕووداو: داواکاری ئەمجارەی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراق چی بێت؟**

**لوقمان فەیلی:** دەبێ لەم قۆناغەدا چاو بخشێنرێتەوە بە پرسی باجەکان، کێشە دەستوورییەکان، چونکە لێکتێنەگەیشتن و تەفسیرکردنی جیاواز لەبارەی دەستوور هۆکارێکە بۆ ئەوەی کێشەکان کۆتاییان نەیەت. پرسی لامەرکەزییەت، وزە، گرێبەستە واژۆکراوەکان، بۆ نموونە هەندێک قەرز هەن حکومەتی ناوەند پێوەی پابەند نییە و قەرزەکانیش زۆر گەورەن. بۆیە ئەرکی سەرشانی حکومەتە کارە لە پێشینەکانی دیاری بکات. دەبێ دوو تا سێ کەیس بدەیتە بەغدا، بەڵام ئەگەر بیست کەیسی بۆ بنێری، گەرەنتیت دەدەمێ پەیوەندییەکان شکست دەهێنن.

**ڕووداو: بۆ نموونە جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە ئەولەویاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت؟**

**لوقمان فەیلی:** ناکرێت. هۆکارەکەشی دیارە. دوای گشتپرسی پێویستمان بەوە دەبێت کێشەکان سفر بکەینەوە، یان لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە کۆتایی هات؟ ئەم پرسیارە تاوەکو ئێستا وەڵامی نییە لەلایەن هیچ کەسێکەوە.

**ڕووداو: پێت باشە سفر بکرێتەوە یان لەو خاڵەوە بێت کە کۆتایی هاتووە؟**

**لوقمان فەیلی:** تاوەکو ئێستا گفتوگۆ لەوبارەیەوە نەکراوە. تاوەکو ئێستا بەهیچ شێوەیەک لە گفتوگۆکان ئاماژە بە لێکەوتەکانی گشتپرسی نەکراوە. عێراق بەفەرزکردنی ئەمری واقیع مامەڵە دەکات. بۆیە کێشەکە چارەسەر نابێت، چونکە کێشەکە بووەتە کێشەی کۆمەڵگە، نەک کێشەیەکی سیاسی و بەس. ویستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، خواستێکی کۆمەڵگەی کوردییە، بەتەنیا ویست و خواستی لایەنە سیاسییەکان نییە. بۆیە پێویست دەکات چاو بەم پرسەدا بخشێنرێتەوە. کاری لەپێشینەی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ تەحەددیاتە گرنگەکان دەستنیشان بکات. بۆ نموونە، ئابڵووقەی ئەمریکا لەسەر ئێران کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق دەبێت، دەبێ لە کارە لەپێشینەکان بێت.

**ڕووداو: کاریگەریی ئابڵوقەی ئەمریکا لەسەر ئێران بۆ کوردستان چی دەبێت؟**

**لوقمان فەیلی:** چەندین مەرزی سنووری ڕاستەوخۆ هەن. ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەولێر و ئێران هەیە، هەروەها دەوڵەتی عێراقیش لەم نێوەندەدا ڕۆڵی هەیە و ئەمریکا پێداگرە لەسەر ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەک نابێت قاچاخی لەم نێوەندەدا بکرێت. چونکە ئەمریکا بڕیاری خنکاندنی ئێران دەدات و ڕێگە بەکورد نادات چاوپۆشی بکات، چونکە کورد بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکا هەیە. هاوکێشەکانی پێشوو ئەمجارە هەرگیز دووبارە نابنەوە. ئیدارەی ترەمپ زۆر جیاوازە لە ئیدارەی ئۆباما و بووش.

> ئەگەر هەولێر سیاسەتێکی جیاواز لە بەغدا بەرامبەر ئێران بگرێتەبەر زیانی پێدەگات

**ڕووداو: پێتوایە ئەمریکا چاودێریی چڕتر بخاتە سەر عێراق لە کاتی سەپاندنی ئابڵوقە لەسەر ئێران؟**

**لوقمان فەیلی:** بەشێوەیەکی زۆر چڕ دەیکات. کونسوڵگەری ئەمریکا لە هەولێر بە وردی زانیاری کۆدەکاتەوە لەبارەی جموجۆڵی کورد بە ئاراستەی ئێران. بەهەمان شێوە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ئەویش چاودێری چڕی مامەڵەی عێراقییەکان دەکات لەگەڵ ئێران و ڕاپۆرت بۆ وەزارەتی گەنجینە بەرز دەکەنەوە.

**ڕووداو: ئەمانە زانیارین یان بۆچوونن؟**

**لوقمان فەیلی:** من ئەگەر زانیاریم لەبارەی کەیسێکەوە نەبێت ناتوانم قسەی لەبارەوە بکەم. ئەمریکا بڕیاری داوە بەهیچ شێوەیەک مامەڵەی ئەرێنی لەگەڵ ئێران ناکرێت. هەر کەسێکیش پێچەوانەی ئەمە کار بکات وەک نەیاری ئەمریکا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**ڕووداو: ئایا عێراق لەنێوان ئەمریکا و ئێران چی لێدێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئابڵوقەی دەخرێتە سەر؟**

**لوقمان فەیلی:** هاوکێشەکە زۆر لەمە ئاڵۆزترە. ئایا دەوڵەتی عێراق توانای ئەوەی هەیە ببێتە نێوەندگیر؟ پێموایە نەخێر، چونکە ئیرادەی سزادانی ئێران زۆر لەوە گەورەترە کە عێراق هەوڵ بدات نێوەندگیری لەنێوانیان بکات، یان سزاکان کەمبکاتەوە یاخود بتوانێ کەمێک کاریگەری لەم نێوەندەدا هەبێت.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**لوقمان فەیلی:** هۆکار زۆرن. ئەم کێشەیە چەند دەیەیەکە بەردەوامە، ڕژێمی ئێران لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی ئەمریکا دامەزراوە. کێشەی گەلان نییە، کێشەی حکومەتەکانە. ئەمەش دۆخی تەواوی ناوچەکەی ئاڵۆز کردووە. ئیدارەی ترەمپ بەتەنیا بەدیدێکی تەواو ئەمریکی سەیری داهاتووی ناوچەکە ناکات. هاوکات بەدیدی ئیسرائیل، سعودیە، ئیمارات و تورکیا سەیری ناوچەکە دەکات.

> هاوکێشەی نێودەوڵەتی ڕێگە بەدروستبوونی دەوڵەتی کوردستان نادات

**ڕووداو: دیدی عێراقی نییە؟**

**لوقمان فەیلی:** نەخێر مومکین نییە.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**لوقمان فەیلی:** نە دیدی کوردی نە دیدی عێراقی نییە. بەرژەوەندییەکانیان دوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق گۆڕانکاری بەسەرداهات. دواتر پاش سەرهەڵدانی داعش دووبارە گەڕانەوە. داعش لە دوا قۆناغەکانیەتی. ئەوان ویستیان لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە ئەڵتەرناتیڤێک بدۆزنەوە. ئەمریکا ویستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووربکەوێتەوە. ویستی تەنیا مامەڵە و گرێبەستی بازرگانی بکات، ئەمە دیدی ئیدارەی ترەمپ بوو. بۆیە لەم نێوەندەدا دەبێ ئاراستەیەکی عێراقی هەبێت دوور بێت لە کەیسی ئەمنی بۆ ئەوەی ئەمریکا بۆچوونەکانی جیابێت لە چۆنیەتی سەیرکردنی بۆ ئەم ناوچەیە. ئەوسا دەکرێ ئەمریکا بە دیدێکی عێراقی سەیری ناوچەکە بکات.

**ڕووداو: ئەگەر ئەمریکا نەهێڵێت ئێران هیچ کاڵایەک بنێرێتە ناو عێراقەوە، ڕەنگە شۆڕش لە عێراق بەرپابێت. وانییە؟**

**لوقمان فەیلی:** لەوانەیە کێشەیەک سەرهەڵبدات کە دەبێتە کێشەی کۆمەڵگە و هەروەها بەرپرسیارێتی دەوڵەتیش دەبێت. ئەمانە دوو شتی جیاوازن. لەوانەیە شەقام، ئابڵوقە قبووڵ نەکات و پێموایە هیچ کەسێکیش ئابڵوقە قبووڵ ناکات. چونکە گەلی عێراق ڕووبەڕووی ئابڵوقە هاتنەوە و نەهامەتی زۆریان چەشت.

**ڕووداو: کە دەچیتە بەغدا هەست دەکەیت لە ئێرانی هێندە شتی ئێرانی و ئۆتۆمبێلی ئێرانی دەبینی..**

**لوقمان فەیلی:** بۆیە ئەمە کێشەیەکی ڕاستەقینەیە. پێموایە تسۆنامییەک لەڕێگایە و گرنگە هەموو کەس ئەمە بزانێ. جگە لەمەش کاتێک کێشەی داعش سەریهەڵدا، ئێران یەکەم وڵات بوو بەهانای کورد، عەرەب، سوننە و شیعەوە هات. هەموو سەرکردایەتی کورد و عەرەبەکانیش دانیان بەمەدا ناوە. دەرئەنجام واقیعێک هەیە خۆی سەپاندووە. هەروەها گۆڕانکاریی نوێش هەیە کە ئیدارەی ترەمپ و ئاراستەیەکی زۆر بەهێز هەیە بۆ دژایەتیکردنی ئێران.

> کونسوڵگەری ئەمریکا زانیاری کۆدەکاتەوە لەبارەی جموجۆڵی کورد بە ئاراستەی ئێران

**ڕووداو: عێراق دەوڵەتە، بەڵام کوردستان هەرێمێکی بچووکە. ئەگەر عێراق نەتوانێ شتێک بکات ئەی کورد چۆن دەتوانێت بڕیار بدات، دەبێ چ بڕیار بدات؟**

**لوقمان فەیلی:** هاتنە سەرخەتی لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق لەگەڵ لایەنی ئەمریکا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی تێیانبگەیێنن کە کێشەکە زۆر ئاڵۆز و قووڵە. ئەمە خواستی عێراقی بێت یان نەبێت، بەڵام ئەمە پێویستییەکی زۆر گرنگە دەبێت عێراق لە ڕووی ئاسایشی نیشتمانییەوە پلانی هەبێت. ئایا ئەڵتەرناتیڤەکانی چین. دەبێ ئەڵتەرناتیڤێکی هەبێ لەنێوان ئێران و ئەمریکا ئەگەر یەکێکیانی لەدەست دا، چۆن مامەڵە لەگەڵ دیوەکەی دیکەی بکات. ئەگەر هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی جیاواز لە سیاسەتی بەغدا بگرێتەبەر پێموایە زیانی پێدەگات. چونکە ئەمە تەحەددییەکی زۆر گەورەترە لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: پێتوایە ئەمریکا ڕیزپەڕی بکات لە نێوان هەولێر و بەغدا؟ بۆ نموونە ئەمریکا گەورەترین کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر دروست دەکات؟**

**لوقمان فەیلی:** نەخێر، چونکە گەورەترین باڵیۆزخانەشی لە بەغدایە. واتە پرسەکە بەم

> هەرێمی کوردستان ناتوانێ خۆی لە سزاکانی سەر ئێران بدزێتەوە

جۆرە نییە. ئەگەر سەیری لایەنە فەرمییەکە بکەین، وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی گەنجینە مامەڵە لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق و دامەزراوە فەرمییەکانی عێراق دەکەن جا لە هەولێر بێت یان بەشەکانی دیکەی عێراق، بەڵام ئەگەر باس لە کاری قاچاخچیەتی بکرێت، ئەمە جیاوازە، چونکە دەوڵەت قاچاخی ناکات و لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوە. ئەگەر بتەوێت داوایەک ئاراستەی ئەمریکا بکەیت بەوەی چاوپۆشی بکات لە ڕێگەی قاچاخەوە، ئەمە مەحاڵە و قبووڵ ناکرێ.

**ڕووداو: کورد چی بکات؟ شاندێکی عێراقی پێکبهێنێ و لەگەڵ عێراقییەکان دانوستاندن بکات یان شاندێکی سەربەخۆ پێکبهێنێ و لەگەڵ ئەمریکا بەجیا دابنیشێ؟**

**لوقمان فەیلی:** دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە ئەمریکییانە بکرێ کە دۆستایەتییان لەگەڵ عێراق هەیە، چونکە کێشەکە پەیوەستە بە دەوڵەت و کۆمەڵگەی عێراقی. کێشەکە لە نێوان دوو دەوڵەتدا نییە. کاریگەری نەرێنی بەسەر قووتی ڕۆژانەی هاووڵاتییانەوە دەبێت. هەموو کەرەستەیەکمان کە لە ئێران و دەرەوە هاوردە دەکرێت کاریگەری دەکەوێتە سەر لەو کاتەی ئەمریکا ئابڵوقە دەخاتە سەر ئەم وڵاتە. دەرئەنجام چونکە کێشەکە کێشەی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە، بۆیە دەبێ لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان گفتوگۆ بکرێ، بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکی تایبەت هەبێ بتوانێ کاریگەری بخاتە سەر شەقام و ڕای گشتیی ئەمریکی و ئەندامانی کۆنگرێس، زۆر گرنگە بگیرێتە بەر.



## سێ ملیۆن گەشتیار سەردانی مێردینیان کردووە

**ڕووداو- هەولێر**

سەردانی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی باکووری کوردستان زیادی کردووە، تەنیا لە ماوەی 10 مانگی ئەمساڵدا نزیکەی سێ ملیۆن گەشتیار سەردانی مێردینیان کردووە. مستەفا یامان، پارێزگار و بریکاری سەرۆکی گەورەشارەوانیی مێردین ڕایگەیاند، لەسەرەتای ئەمساڵەوە، نزیکەی سێ ملیۆن گەشتیار سەردانی مێردینیان کردووە. یامان ئاماژەی بەوەدا، لە ڕۆژانی کۆتایی هەفتە لە سەرجەم هۆتێل و مۆتێلەکانی مێردین شوێنی چۆڵ نامێنێت و جمەیان دێت لە گەشتیار. شاری مێردین شاری پێکەوەژیانی چەندین سەدەی زمان و ئایین و کولتووره جیاجیاکانە، شوێنی مزگەوت بینا بەردینە مێژووییەکانە و، بەم ساڵانەی دوایی بووەتە جێی سەرنجی گەشتیاران.

### بەغدا سێ خاڵی گومرگی داناوە

# هەناردەی کاڵا لە کوردستانەوە بۆ عێراق

# 50% کەمی کردووە



75%ی ئەو کاڵا و خواردنەی هاوردەی کوردستان دەکرێ، دەنێردرێتەوە بۆ شارەکانی عێراق

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

شارەکانی عێراق، چیدی بازاڕێکی گەرم نین بۆ بازرگانانی هاوردنی کاڵا و خواردن، ئەویش بەهۆی ئەو باژگانەی بۆ وەرگرتنی گومرگ کە حکومەتی عێراق لە نێوان شارەکانی خۆی و هەرێمی کوردستان دایناون. بەرپرسێکی وەزارەتی دارایی دەڵێت باژگەکان کاریگەری خراپیان لەسەر جوڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان هەبووە، بۆیە هەوڵی لادانیان دەدەن.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، سوپا و حەشدی شەعبی پەلاماری شاری کەرکووکیان دا، لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵیشدا حکومەتی عێراق سێ خاڵی گومرگی لە نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق داناوە، ئەویش بە پاساوی ئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان وەرگرتنی پارەی گومرگ لە نێوان هەولێر و بەغدا.

ساماڵ عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتیی گومرگ لە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "دانانی خاڵی گومرگی لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و وەرگرتنی باج لە بازرگانان، کاریگەریی نەرێنی لەسەر جوڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان داناوە".

ساماڵ عەبدولڕەحمان دەڵێت، بەپێی یاسای گومرکی ژمارە 23ی ساڵی 1984 دانانی ئەو خاڵە گومرگیانە نایاساییین و هەروەها بەپێی مادده 24ی دەستووریش نادەستوورین، بۆیە لەسەر هەموو ئاستەکان هەوڵ دەدەن ئەو خاڵە گومرگیانە لابدەن.

بیانووی بەغدا بۆ دانانی ئەم خاڵە گومرگیانە جیاوازیی پێناسی گومرگی لە نێوان هەرێم و بەغدایە، بەڵام ساماڵ عەبدولڕەحمان، ئەم بیانووە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "ئێستا لێژنەی هاوبەش بۆ یەکخستنی پێناسی گومرگی و ڕێنماییەکان لەنێوان ئێمە ئەوان هەیە، کاری لێژنەکەش بەردەوامە، بۆیە دانانی ئەم خاڵانە پەیوەندیی بە جیاوازیی پێناسی گومرگییەوە نییە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان 94%ی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ 15 وڵاتە، لەنێو ئەو 15 وڵاتەش 72%ی لەگەڵ چوار وڵات چڕبووەتەوە کە بریتین لە تورکیا، چین، ئێران و کۆریای باشوور.

بەپێی داتاکان، ساڵی 2016 بە بەهای نزیکەی 15 ملیار و 928 ملیۆن دۆلار و لە ساڵی ڕابردووش بە بەهای زیاتر لە 16 ملیار و 133 ملیۆن دۆلار کاڵا هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە، نزیکەی 75% ئەو کاڵایانەش جارێکی دیکە هەناردەی شارەکانی عێراق کراون.

جووتیار عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای نەوڕەس بۆ بازرگانیی گشتی و هاوردەکردنی کاڵا دەڵێت: "بەهۆی دانانی ئەم خاڵە گومرگیانە و گومرگکردنەوەی ئەو کاڵایانەی لە خاڵە گومرگییەکانی هەرێمەوە بەتایبەت لە خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل گومرگ کراون، هەناردەی کاڵا بۆ شارەکانی عێراق بەڕێژەی 50% کەمی کردووە، ئەگەر بەردەوامیش بێت لەوانەیە 25%ی دیکەش کەم ببێتەوە".

ئەو بازرگانە کە زیاتر نیسک، نۆک، برنج و فاسۆلیا و کاڵا خۆراکییەکانی دیکە لە ئۆکراینا، ڕووسیا و هیندوستان و مەکسیک و وڵاتانی دیکە دەکڕێت و لە تورکیاوە هاوردەی هەرێمی کوردستانی دەکات، بەشێک لە بەرهەمەکانی لە زاخۆ و هەولێر بە بازرگانانی عەرەب دەفرۆشێت.

جووتیار نموونە بە فرۆشی نیسک دێنێتەوە کە پێشتر مانگانە 1000 تۆن نیسکی فرۆشتووە و بەشی زۆری هەناردەی عێراق کراوە، بەڵام ئێستا مانگانە 300 تاوەکو 400 تۆن دەفرۆشێ کە زۆربەی لە ناوخۆدا ساغدەکرێتەوە.

جووتیار گوتی: "جیاوازییەکی زۆر لە بڕی ڕەسمی گومرگی لەنێوان هەرێم بەغدا هەیە، بۆ نموونە لەبەرامبەر هاوردەکردنی تۆنێک نۆک یان نیسک یان فاسۆلیا لە تورکیا، لە گومرگی ئیبراهیم خەلیل 15 دۆلار وەردەگرن، بەڵام لە خاڵە گومرگییەکانی عێراق 100 دۆلار وەردەگرن، نزیکەی 30 دۆلاریش تێچووی گواستنەوە دەچێتە سەر".

ئێستا بەهۆی جیاوازیی نرخ و هەرزانیی تێچووی گواستنەوە لە ڕێگەی بەندەری بەسرە، بەشێک لە بازرگانان پەنایان بۆ ئەو بەندەرە بردووە و لەوێوە کاڵا هاوردەی شارەکانی عێراق دەکەن. جووتیار دەڵێت: "ئەگەر بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەوڵی لابردنی ئەم بازگانە نەدەن، گومرگی ئیبراهیم خەلیل ڕۆڵی جارانی نامێنێ".

لە داتاکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیدا ڕۆڵی خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی بەڕوونی دەردەکەوێت. بۆ نموونە لەکۆی 7.6 ملیار دۆلار هاوردەی عێراق لە تورکیاوە لە ساڵی 2016دا، 7.5 ملیار دۆلاری لە خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیلەوە بووە.

بەهەمانشێوە لە داتاکانی ساڵی 2017ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێمیشدا ڕۆڵی ئیبراهیم خەلیل بە ڕوونی دیارە، بەجۆرێک لەو ساڵەدا لە ڕێگەی 2065 مۆڵەتی بازرگانییەوە، بایی 3 ترلیۆن و 647 ملیار و 662 ملیۆن دینار کاڵا هاوردە کراوە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی دەڵێت: "حکومەتی عێراق بۆ لاوازکردنی جوڵەی بازرگانی و ئابووریی هەرێمی کوردستان ئەم خاڵە گومرگیانەی داناوە و دووبارە گومرگ لە بازرگانان وەدەگرێت، ئەمەش نرخی کاڵاکانی لە شارەکانی عێراق زیاد کردووە، بەو هۆیەشەوە بازرگانان کاڵای کەمتر هەناردەی عێراق دەکەن".

گوتیشی: "بازگەکان لەبەر ئەوەی بەنایاسایی دانراون، بۆیە هەرجارە و بەجۆرێک گومرگ لە بازرگانان وەردەگرن، هەندێجار تەنیا جیاوازیی گومرگ وەردەگرن، هەندێجاریش تەواوی گومرگ و هەندێجاریش بەخەملاندن گومرگ وەردەگرن".

### تورکیا نیگەرانە

بە قسەی نەوزاد ئەدهەم تورکیاش لە دانانی ئەو خاڵە گومرگیانە نیگەرانە، چونکە دووبارە وەرگرتنەوەی باج کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی هەناردەی کاڵای تورکی بۆ عێراق هەبووە "بۆیە هەردوولا ڕێککەوتن خاڵێکی سنووریی نوێ لە دەرەوەی خاکی هەرێمی کوردستان دابنێن، ئامانجی هەردوولاش لاوازکردنی جوڵەی بازرگانی کوردستان بوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون".

جگە لە وەرگرتنی گومرگ لەو کاڵایانەی لە دەرەوە لەڕێی خاڵە گومرگییەکان بۆ عێراق هاوردە دەکرێن، ئەو خاڵە گومرگیانە گومرگ لەو کاڵایانەش وەردەگرن کە لە کارگەکانی هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێن و هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێن.

جووتیار عومەر دەڵێ: "بەرهەمەکە یان کاڵاکە لە دەرەوە هاوردەکرابێت یان لە کوردستان بەرهەمهێنرابێت ئەوان گومرگی خۆیان دەوێت، تەنیا گومرگ لە بەرهەمی ئەو کارگانە وەرناگرن کە مۆڵەتی حکومەتی عێراقیان هەیە".

### سێ ساڵ بەسەر گرێبەستەکانیاندا تێپەڕیوە

# چارەنووسی 31 هەزار فەرمانبەری گرێبەست نادیارە



بەپێی ڕووپێویەک 23% دانیشتووانی هەرێمی کوردستان مووچەخۆری حکوومەتن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرباری زۆریی ژمارەی فەرمانبەر و مووچەخۆر، بەهۆی پێویستی و ناڕێکی لە دابەشکردنی میلاک، وەزارەتی دارایی نزیکەی 31 هەزار فەرمانبەری گرێبەستی بۆ وەزارەتەکان دامەزراندووە. سەرجەم ئەم فەرمانبەرانەش ماوەی یاسایی خۆیان تەواو کردووە بۆ ئەوەی ببنە فەرمانبەری هەمیشەیی، بەڵام وەزارەتی دارایی بەهۆی کێشەی داراییەوە دایاننامەزرێنێ.

بەپێی ئامارێک کە لە وەزارەتی پلاندانان دراوەتە (ڕووداو)، هەرێمی کوردستان یەک ملیۆن و 308 هەزار مووچەخۆر و فەرمانبەری هەیە. جگە لە فەرمانبەرانی هەمیشەیی لە سلکی مەدەنی کە ژمارەیان 390 هەزار فەرمانبەرە، وەزارەتی دارایی و ئابووری لەدوای ساڵی 2014ەوە لەسەر داوای وەزارەتەکان نزیکەی 31 هەزار فەرمانبەری بەشێوەی گرێبەست دامەزراندووە.

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی، پێشتر دوای سێ ساڵ، گرێبەستی ئەم فەرمانبەرانە لەکاتییەوە دەبوو بە هەمیشەیی. زۆربەی فەرمانبەرانی گرێبەست ئەو ماوەیەیان تێپەڕاندووە، بەڵام وەزارەتی دارایی و ئابووری بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیتوانیوە بە شێوەی هەمیشەیی دایانبمەزرێنێ.

لە ڕووی زۆریی ژمارەی فەرمانبەرانی گرێبەست پشکی شێر بەر وەزارەتی شارەوانی کەوتووە، نزیکەی 47%ی فەرمانبەرانی گرێبەست لەم وەزارەتەن، وەزارەتی پەروەردەش 19%ی بەرکەتووە، دوای ئەوانیش هەریەک لە وەزارەتەکانی تەندروستی و کارەبا بە نزیکەی 5% و وەزارەتی خوێندنی باڵا بەنزیکەی 3.5% فەرمانبەری گرێبەستیان بەردەکەوێ.

وەزارەتی پەروەردە لەڕووی زۆریی ژمارەی فەرمانبەرانی گرێبەستی کاتی لەسەر ئاستی وەزارەتە مەدەنییەکان، لە دوای وەزارەتی شارەوانی بە پلەی دووەم دێت و نزیکەی 6 هەزار فەرمانبەری گرێبەستی هەیە.

شیلان خەلیل جونەید، بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان لە وەزارەتی پەروەردە، دەڵێت: "بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان ساڵانە نزیکەی 90 تاوەکو 100 هەزار منداڵ دێنە ناو پرۆسەی خوێندن. ئەوەش پێویستی بە کردنەوەی قوتابخانە و دامەزراندنی مامۆستا هەیە، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، لە ساڵی 2014 وە دامەزراندن وەستاوە، بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی میلاک، بەهۆی خانەنشینبوون و کۆچکردن و وازهێنان لە مامۆستایەتی، بەناچاری گرێبەستمان بۆ 5000 مامۆستا کردووە".

گوتیشی: "زۆربەی ئەوانە سێ ساڵەکەیان تەواو کردووە، بەڵام حکومەت لەبەر کێشەی دارایی گرێبەستەکەیان بۆ ناکات بە دامەزراندنی هەمیشەیی".

مووچەی مامۆستایانی گرێبەست نزیکەی 500 هەزار دینارە، بەڵام مووچەی فەرمانبەرانی گرێبەستی وەزارەتەکانی دیکە بەپێی بڕوانامە و پسپۆڕییان لە 250 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو دوو ملیۆن و 500 هەزار دینار.

وەزارەتی تەندروستی نزیکەی 1600 فەرمانبەری گرێبەستی هەیە، بەشێکیان پسپۆڕییەکەیان تایبەتە و مووچەی مانگانەیان لەسەرووی دوو ملیۆن دینارە.

دکتۆر خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی تەندروستی، دەڵێت: "ئەو فەرمانبەرانەی لە وەزارەتی تەندروستی بەگرێبەست دامەزراون سێ جۆرن، هەندێکیان پزیشکی پسپۆڕی تایبەتن، هەندێکیان کارمەندی تەندروستین و هەندێکیشیان کارمەندی کارگێڕی و خزمەتگوزارین، زۆربەشیان گرێبەستەکانیان کۆنە. داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە گرێبەستی ئەو فەرمانبەرانە بکاتە هەمیشەیی، بەتایبەت ئەوانەی پسپۆڕییەکەیان تایبەتە و نەخۆشخانەکان پێویستیان پێیانە".

بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن و 755 هەزار کەس بووە، لەم ژمارەیە یەک ملیۆن و 308 هەزاریان مووچەخۆری حکومەتن، واتە 23%ی تێکڕای دانیشتووان مووچەخۆری حکومەتن.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی پلاندانان، دەڵێت: "لە ڕووپێوییەکانی هێزی کار و دوایین ڕووپێوی دیمۆگرافی کە لە ساڵی ڕابردوو کراوە، نزیکەی 51%ی هێزی کار واتە ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 15 تاوەکو 63 ساڵیدایە لە کەرتی گشتیدان، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر زۆرە، بۆیە پێویستە حکومەت بە ڕەخساندنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت و پێدانی ئیمتیاز، هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بدات، چونکە لە زۆربەی وڵاتان ڕێژەی بەشداریی هێزی کار لە کەرتی گشتیدا 10% تێپەڕ ناکات".

وەک پسپۆڕان ئاماژەی بۆ دەکەن، حکومەت لەم گرێبەستانە دوو سوودی بینیوە، یەکەم: توانیویەتی پێویستیی هەندێ لە فەرمانگەکان پڕبکاتەوە و گوشاری خەڵک بۆ دامەزراندن لەسەر حکومەت کەم بکاتەوە. دووەم: ئەو فەرمانبەرانە مووچەکانیان کەمترە لە مووچەی فەرمانبەری هەمیشەیی و نەبوونەتە ماڵ بەسەر حکومەتەوە، بەو مانایەی حکومەت هەرکات بیەوێت دەتوانێت گرێبەستەکانیان هەڵبوەشێنێتەوە.

عەبدولڕەحمان زرار شێروانی، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت: "ئەگەر لەڕووی کارگێڕییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ژمارەی فەرمانبەران و پێویستیی فەرمانگەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێت بەپێی پێویست و بە پلان دانەمەزراون، بەڵکو بەبێ بەرنامە و فەوزا بووە".

شێروانی هۆکاری فەوزای دامەزراندن بۆ هاتنی پارەیەکی زۆر لە بەغدا لە نێوان ساڵانی 2003 بۆ 2013 دەگێڕێتەوە، بەشێکیشی بۆ کێبڕکێی حیزبەکان لە دامەزراندنی خەڵک، چونکە تا ئێستاش پێوەری خزمەتی حیزب لای خەڵک دامەزراندنە".

عەبدولڕەحمان زرار دەڵێت: "هەڵەیەکی دیکەی حکومەت کە بۆ کەمکردنەوەی گوشاری خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن بوو، دامەزراندنی خەڵک بوو بە گرێبەستی کاتی. لەکاتێکدا بەپێی هەموو پێوەرەکان حکومەت زیاد لە پێویست فەرمانبەری هەیە، بەڵگەش بۆ ئەمە، بەهۆی پاشکەوتکردنی مووچە ساڵی ڕابردوو فەرمانبەری زۆربەی فەرمانگەکان نیو دەوامیان دەکرد و هیچ گرفتێکیش لە بەڕێکردنی کاروبارەکان ڕووینەدا".

دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان، حکومەت بەناچاری بە فەرمانێک دامەزراندنی فەرمانبەرانی ڕاگرت و کارکردنیشی بەو ڕێنماییە کە دوای سێ ساڵ فەرمانبەری گرێبەست بکرێتە هەمیشەیی، وەستاند، بەڵام بۆ پڕکردنەوەی پێویستی وەزارەتەکان ساڵانە گرێبەستە کاتییەکان تازە دەکرێنەوە و لەجێدانانیش بۆ ئەو فەرمانبەرانە دەکرێت کە واز دەهێنن.

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دارایی بە (ڕووداو)ی گوت: "بۆ گۆڕینی گرێبەستی ئەو 31 هەزار مامۆستا و فەرمانبەرە لەکاتییەوە بۆ هەمیشەیی، دەسەڵات لەدەست سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە. واتە وەزارەتی دارایی ناتوانێ ئەم بڕیارە بدات، بەڵام هەرکات باری دارایی باش بێت دەکرێت ئەو ڕێنماییە کارا بکرێتەوە و بەپێی پێویستیی وەزارەتەکان گرێبەستەکانیان بکرێتە هەمیشەیی".

## لە ترسی هەڕەشەکانی ترەمپ

# ئۆپێک ناوێرێ نرخی نەوت بەرز بکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) ئەندامانی ئاگادار کردووەتەوە لەمەودوا لەکاتی قسەکردن لە سیاسەتی وڵاتەکانیان دەستەواژەی "زیادکردنی نرخی نەوت" بەکارنەهێنن، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ولایەتە یەکگرتووەکان ڕێوشوێنی یاسایی لەدژی ڕێکخراوەکە و ئەندامەکانی بگرێتەبەر. ئەم هەنگاوەی ئۆپێک لە کاتێکدایە کە لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا ڕێکخراوی ئۆپێک لە چەند هەنگاوێکی جیاجیادا هەوڵی بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوتی داوە.

ساڵانێکە حکومەتی ئەمریکا پڕۆژە یاسایەکی ئامادەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاریکردن بە نرخەکانی نەوت لەلایەن ڕێکخراوی ئۆپێکەوە کە بە پڕۆژەیاسای (NOPEC) ناسراوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)، گرووپی ڕاوێژکاریی یاسایی (White & Case) لە مانگی تەمووزی ئەمساڵ ئامۆژگاری ئۆپێکی کردووە کە خۆیان لە بەکارهێنانی دەستەواژەی "زیادکردنی نرخەکانی نەوت" بەدوور بگرن، بەڵکو لەبری ئەوە باس لە "گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ بازاڕەکان" بکەن، پێشنیازی ئەوەشیان بۆ ڕێکخراوەکە کردووە کە دەست بە هەڵمەتێکی لۆبیکردن بکەن بۆ ئەوەی کۆشکی سپی ئەو پڕۆژە یاسایە تێنەپەڕێنێ.

ئاژانسە بەریتانییەکە نامەیەکی سەرۆکایەتی ئۆپێکی دەستکەوتووە کە تێیدا داوا دەکات لە کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنە گشتییەکاندا خۆیان لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە بەدووربگرن کە دەکرێ ئیدارەی ئەمریکا بێزار بکەن. سوهەیل مەزروعی، وەزیری وزەی ئیماراتی و سەرۆکی ئەمساڵی ئۆپێک، لە نامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئێمە بڕوامان بەوەیە سەقامگیرکردنەوەی بازاڕەکان ئامانجی هاوبەشی ئێمەیە، نەک (بەرزکردنەوەی) نرخ".



ئەمریکا پڕۆژە یاسایەکی ئامادە کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاریکردن بە نرخی نەوت لەلایەن ئۆپێکەوە

نامەکەی مەزروعی داوای ئەوەش دەکات کە "ئەندامانی ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک کە بەشداری ڕێککەوتنەکەن، لە کاتی باسکردن لە هەوڵە هاوبەشەکان و دۆخی بازاڕەکانی نەوت خۆیان لە ئاماژەدان بە نرخەکان بەدوور بگرن".

پڕۆژەیاسای "نا بۆ ئەنجوومەنەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت"، ناسراو بە (NOPEC) لە ساڵی 2000ەوە لەلایەن سیناتۆری ئەمریکی هێرب کۆڵ خراوەتەڕوو، چەندین جاریش لە ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکی خراوەتە بەرباس، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچکام لە سەرۆکەکانی ئەمریکا ئامادەنەبوون ئەو پڕۆژە یاسایە تێپەڕێنن.

ئەو هەنگاوە یاساییە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە حکومەتی ئەمریکا مافی ئەوەی هەبێ متمانە لە حکومەت و ڕێکخراوە بیانییەکان وەربگرێتەوە، ئەگەر ئەو ڕێکخراو یان حکومەتانە بە ڕێککەوتن یارییان بە نرخەکانی نەوت کرد.

لە ڕابردوودا زۆربەی جاران سعودیە سەقفێکی بۆ نرخەکان دیاری دەکرد و لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەتی کورتخایەن و درێژخایەنی ئۆپێک دیاری دەکرا، بەڵام هەنگاوەکەی ئەم چەند مانگەی دوایی ئۆپێک بۆ گۆڕینی زمانی گوزارشتکردن لە سیاسەتی ئۆپێک ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڕۆژانی دەسەڵاتی ڕەهای ئۆپێک و سعودیە بەسەر نرخەکانی نەوتدا کۆتایی هاتووە.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا نرخی نەوت خاڵی سەرەکیی ناکۆکیی نێوان ڕیاز و واشنتن بووە، لە کاتێکدا لە کۆتایی 2016دا ئۆپێک بە سەرکردایەتی سعودیە و بە هاوبەشی لەگەڵ 10 وڵاتی دیکە لەسەر کۆمەڵێک هەنگاو بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوت ڕێککەوتن. ئامانجی سعودیە لەو هەنگاوە تەنیا ئەوە نەبوو بە بەرزکردنەوەی نرخەکانی نەوت بودجەی ساڵانەی وڵاتەکەی بەرزبکاتەوە، بەڵکو دەیەویست نرخی پشکەکانی کۆمپانیای ئارامکۆش زیاتر بکات کە بڕیاربوو 5٪ی پشکەکانی بخرێتە بازاڕەوە.

لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ ئەندامانی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بە بڕی 700 هەزار بۆ یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبکەنەوە، بەڵام جەختیان لەوە کردەوە کە ڕێککەوتنەکەی 2016 بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاستی بەرهەمهێنان وەکو خۆی دەمێنێتەوە. لە کۆبوونەوەیەکی مانگی ئەیلوولی ڕابردووشدا وەزیرانی نەوتی ڕیاز و مۆسکۆ بە ئاگاداریی ئەمریکا هەوڵیان دابوو وڵاتانی هاوبەش ڕازی بکەن ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانە بە ڕادەی 500 هەزار بەرمیلی دیکەش بەرز بکەنەوە.

سەرۆکی ئەمریکا لە سەرەتای هاتنەسەرکاری، هەڕەشەی توندی لە ئۆپێک کرد و بە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوتی دەزانێ و لە بۆنە و تویتی جیاجیاشدا داوای لێکردوون ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکەنەوە. سەرکردەکانی ئۆپێکیش دەزانن ترەمپ سەرکردەیەکە بە هەنگاوی چاوەڕواننەکراو بەناوبانگە و زۆر گوێی لەوە نییە هاوپەیمانەکانی دڵگران دەبن یان نا. لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا ترەمپ لە سێ ڕێککەوتن و پەیماننامەی نێودەوڵەتی کشاوەتەوە، لەوانەش ڕێککەوتنی گۆڕانی کەشوهەوا، ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 1+5 و ڕێککەوتنی نافتا (NAFTA). لە هەر سێ حاڵەتەکەشدا پەیوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی تووشی کێشە بووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز)، سعودیە نزیکەی یەک ترلیۆن دۆلار وەبەرهێنانی لە ئەمریکا هەیە کە بەشێکی سامانی کۆمپانیای ئارامکۆیە. سعودییەکان ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە پڕۆژەی یاسای (NOPEC) وەکو پڕۆژە یاسای دادپەروەری لە دژی سپۆنسەرەکانی تیرۆریزم ناسراو بە (JASTA)ی لێبێ کە بەهۆیەوە قوربانیانی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر دەتوانن لێپرسینەوە لە حکومەتی سعودیە بکەن.

ئەگەر پڕۆژە یاسای (NOPEC) وەکو پڕۆژە یاسای (JASTA)ی لێبێ، ئەوە کۆمپانیاکانی ئەمریکا دەتوانن بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە لە دادگاکانی ئەمریکا سکاڵا لەدژی بەرپرسانی سعودیە و ئۆپێک تۆمار بکەن. هەر بۆیەش باڵیۆزخانەی سعودیە لە واشنتن لە مانگی ئابی ئەمساڵ گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای ڕاوێژکاریی یاسایی گیبسن دان واژۆکردووە کە تێیدا کۆمپانیا ڕاوێژکارییەکە بەرپرسیارە لەوەی دژایەتی (NOPEC) بکات. ئەگەر پڕۆژە یاساکە ببێتە یاسا، ئەوە مەترسی لەسەر وەبەرهێنانە زەبەلاحەکەی سعودیە لە ئەمریکا دروست دەبێ.

دوو سەرچاوەی ئاگادار کە نەیانویستووە ناویان ئاشکرا بکرێ، بە ئاژانسە بەریتانییەکەیان ڕاگەیاندووە کە خالد فالح، وەزیری وزەی سعودیە نیگەرانییەکانی وڵاتەکەی سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (NOPEC) بەگوێی بەرپرسانی باڵای ئەمریکا گەیاندووە، لەوانەش ڕیک پێری کە لە چەند مانگی ڕابردوودا ژمارەیەک کۆبوونەوە و دیداری تایبەتی لەگەڵ هاوتا سعودیەکەی سازداوە.

# بازاڕی نەوت لەنێوان کوژرانی خاشوقچی و گەمارۆکانی ئێراندا

**پەکین و ئەنقەرە گوێ بە سزاکانی ئەمریکا نادەن و بەردەوام دەبن لە کڕینی نەوتی ئێران**



**کاردۆ کەمال**

بازرگانانی نەوت چاوەڕێی بینینی کاردانەوەی ئەمریکا لەسەر کەیسی کوشتنی جەمال خاشوقچی ڕۆژنامەنووسی سعودی و هەروەها چاوەڕوانی سعودیە بوون کە نەوت وەک کارتێکی گوشار بەکاربهێنێ بەرامبەر ئەو دۆسیەیە. بەڵام کاردانەوەی ئەمریکا بەرامبەر سعودیە جیاواز دەرچوو. دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئەگەر بەهۆی کوشتنی جەمال خاشوقچی هەندێ سزای تایبەت بەسەر سعودیە بسەپێنن، ئەوە زیان بەخۆیان دەگەیەنن. ئەو لێدوانە لە کاتێکدا بوو کە ترەمپ چاوەڕوانی ڕاپۆرتی ڕاوێژکارەکانی بوو لەسەر کەیسی کوشتنی خاشوقچی.

ترەمپ جەختی لەوە کردەوە کە سعودیە هاوپەیمانێکی باشی ئەمریکا بووە. سەبارەت بە ئیسرائیلیش گوتی کە سعودیە هاوکاریی زۆری کردوون، هەروەها پارەی بۆ زۆر بابەت تەرخان کردووە.

سەرۆکی ئەمریکا جەختی لەوەش کردەوە کە ئەگەر ئەمریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە تێکبدات، ئەوکات ڕووسیا و چین پێشوازی لێدەکەن، چونکە لە بەرژەوەندیی ئەواندایە. لێدوانەکانی ترەمپ گوشارێکی زۆری بۆ بازاڕی نەوت هێنا و بووە هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

لەلایەکی دیکەوە خالد فالح، وەزیری وزەی سعودیە ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی هیچ نیەتێکی نییە بۆ ئەوەی نەوت وەک چەک بەرامبەر هاوپەیمانەکانی بەکاربهێنێ، ئەمەش ئەو پەیامەی دا بە بازرگانان کە ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمریکا و سعودیە کاتین و نابنە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا.

بەشی دووەمی هاوکێشەکە بریتییە لە خستنەڕووی نەوت، بڕیارە ڕۆژی چواری نۆڤەمبەری ئەمساڵ بەشی دووەمی گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئێران بڕواتە بواری جێبەجێکردنەوە. گەمارۆکان کەرتی نەوت و گازی ئێران دەگرێتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمبوونی سەرچاوەی داهاتی ئێران دروست دەکات کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە فرۆشتنی نەوت بەستووە. پێشتر ئەمریکا هۆشداری دابووە وڵاتان کە دەبێت تا مانگی نۆڤەمبەر کڕینی نەوت لە ئێران دابەزێنن بۆ ئاستی سفر، بەڵام هەر یەکە لە چین و تورکیا و هیندوستان و چەند وڵاتێکی ئەورووپی هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی دیکە دەدەن بۆ پارەدان لە بەرامبەر ئەو نەوتەی کە لە ئێرانی دەکڕن بۆ ئەوەی خۆیان لە گەمارۆکانی ئەمریکا بپارێزن. ئەمە لەکاتێکدایە لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا هەر یەکە لە پەکین و ئەنقەرە ڕایانگەیاند کە بەردەوام دەبن لە کڕینی نەوت لە ئێران و گوێ بە سزاکانی ئەمریکا نادەن.

لەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، چەندین کۆمپانیای ئەورووپی وەبەرهێنانیان کرد لە کەرتی نەوت و گازی ئێراندا، بەتایبەتی هەریەکە لە کۆمپانیاکانی بریتیش پترۆلیۆمی بەریتانی و تۆتاڵی فەرەنسی پلانی درێژخایەنیان دانابوو بۆ مانەوە لە ئێراندا، بەڵام لە دوای گەڕانەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران، کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی کشانەوەی خۆی لەو وڵاتە ڕاگەیاند و کۆمپانیای بریتیش پترۆلیۆمیش کارەکانی خۆی لە کێڵگەکانی ئێران ڕاگرت.

مەترسییەکانی بازاڕ ئەوکاتە ڕووی لە زیادبوون کرد کە بیژەن زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئێران گوتی هیچ جێگرەوەیەکی نەوتی ئێران نییە لە بازاڕدا، هەروەها ڕایگەیاند کە سعودیە و ڕووسیا نزیک دەبنەوە لە تەواوی توانای بەرهەمهێنانیان و بەهیچ شێوەیەک توانای زیاتریان نییە تا نەوتێکی زیاتر بخەنە بازاڕەوە.

لە بەرامبەردا لایەنی سعودی ڕایگەیاند کە ئەوان ئامادەن خواستی بازاڕ پڕ بکەنەوە. بەواتایەکی دیکە، ببنە جێگرەوەی نەوتی ئێران، وەزیری وزەی سعودیە ئەوەشی گوتبوو کە لە ئایندەدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت ڕۆژانە 1 — 2 ملیۆن بەرمیل لە ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستایان زیاتر دەبێت، ئەمەش دەتوانێت کورتهێنانی بازاڕی نەوت پڕبکاتەوە کە لە ئەنجامی ڕاوەستانی کەرتی نەوتی ئێران ڕوودەدات.

ئەم لێدوانانەی خالد فالح لە میانەی کۆنفرانسی وەبەرهێنان لە ڕیاز هات کە سعودیە بە بڕی 50 ملیار دۆلار گرێبەستی واژۆ کردووە بەمەبەستی ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە ژێرخانی نەوت و گازدا.



بانکێکی جیهانی پێشبینی دەکات تا کۆتایی ئەمساڵ سەقامگیریی زیاتر بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێتەوە (فۆتۆ: AFP)

شارەزایانی بواری ئابووری پێیانوایە کە عێراق دەتوانێت ببێتە یاریزانێکی دیکەی سەرەکیی بازاڕی نەوت. بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی بلومبێرگ، عێراق ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە لە بەرهەمهێنانی نەوت و توانیویەتی ڕۆژانە بگاتە 4.78 ملیۆن بەرمیل، پێشبینیش دەکرێت تا ساڵی 2019 بگاتە 5 ملیۆن بەرمیل و تاساڵی 2024 بگاتە 7.5 ملیۆن بەرمیل، بەڵام ئەوەی کە جێگەی مەترسییە، ئەوەیە کە عێراق خاوەنی ژێرخانێکی نەوت و گازی بەهێز نییە، ئەمەش توانای عێراق بۆ بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی سێکتەری نەوی سنووردار دەکات.

لەلایەکی دیکەوە ڕاپۆرتەکەی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو سەبارەت بە لاوازبوونی گەشەی ئابووریی جیهان لە 2018 و 2019 بووە هۆکارێک کە لەم دوو هەفتەیەدا گوشارەکانی سەر نرخی نەوت زیاتربێت، سندوقی نێودەوڵەتیی دراو هۆشداری دا لەوەی کە پەرەسەندنی شەڕی بازرگانیی نێوان ئەمریکا و چین زیانێکی زۆر بە گەشەی ئابووریی جیهان دەگەیەنێ، ئەمەش خواست لەسەر کڕینی نەوت کەمدەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە شارەزایانی بواری وزە ڕایدەگەیەنن کە ساڵانە لەم وەرزەدا پاڵاوگەکانی ئەمریکا دەچنە بواری سێرڤسکردنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی خواست لەسەر نەوت کە لەکۆتاییدا دەبێتە هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، ئەمەش لەسەر نەوتی کۆگاکراوی ئەمریکا ڕەنگی داوەتەوە، بەپێی ئامارەکانی API بڕی نەوتی کۆگاکراوی ئەمریکا لە هەفتەی ڕابردوودا 6.3 ملیۆن بەرمیل زیادی کردووە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە خواستی پاڵاوگەکان لەسەر کڕینی نەوت کەمبووەتەوە. داکشان لە بازاڕی نەوتی ئەمریکاش گوشارەکانی سەر نرخی نەوت زیاتر دەکات.

بەڵام بانکی مۆرگان ستنالی پێشبینی دەکات تاکۆتایی ئەمساڵ نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت بگاتە 85$. ئەو بانکە پێشبینی ئەوەش دەکات کە تاکۆتایی ئەمساڵ سەقامگیریی زیاتر بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێتەوە.

## لە سلێمانی سێ کچی ڤێتنامی رزگار دەکرێن

**رووداو- سلێمانی**

محەممەد گۆمەشینی، گوتەبێژی دەستەی سەربەخۆی ماڤی مرۆڤی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لەسەر زانیارییپێدانی ئەوان، پۆلیسی سلێمانی 3 کچی ڤێتنامی لە دەستی پیاوێکی چینی رزگار کردووە "ئەو پیاوە چینییە بۆ کاری لەشفرۆشی ئەو کچانەی هێناوەتە کوردستان". گوتیشی "ئەو پیاوە هەموو ئاسانکارییەکی بۆ هاتنی ئەو کچانە کردووە، لە میوانخانەیەکدا دایناون و دەستی بەسەر پاسپۆرتەکانیاندا گرتووە و پێی گوتوون دەبێت خۆتان کار بکەن و گوشاریشی لێکردوون جلوبەرگی وروژێنەر لەبەر بکەن، بۆ ئەوەی کاری لەشفرۆشییان پێبکات، بەڵام پۆلیسی سلێمانی دەستگیریکردوون". بەپێی ئامارەکان 22 هەزار کرێکاری بیانی لە کوردستان کار دەکەن.



رووداو
ژنان
ژمارە (527) - دووشەممە 2018/10/29

**دایکی شەش منداڵە**

# لە کەرکووک پیاوێک هاوژینی خۆی دەکوژێ

**سروە ئەحمەد**
**رووداو - هەولێر**

(ئا) هاواری بۆ پۆلیس برد کە ژنەکەی کوژراوە، بەڵام پۆلیس هەر لەنێو ماڵەکەی (ئا) تۆمەتبارەکەیان دۆزییەوە و قۆڵبەستیان کرد. زۆری نەبرد (ئا) دانی بە تاوانەکەیدا نا و کاتێکیش پۆلیس لێیان پرسی بۆ کوشتت؟ گوتی: "خیانەتی لێکردووم".

رۆژی 2018/10/23 ژنێکی تەمەن 38 ساڵ بەناوی کافیە، دانیشتووی گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکووک و دایکی شەش منداڵ، لەنێو ماڵەکەیدا کوژرا. (ئا)، تەمەن 42 ساڵ کە هاوژینی کافیەیە، دەستبەجێ پۆلیسی ئاگادار کردەوە کە ژنەکەی کوژراوە. بەڵام پۆلیس هەر لەوێ (ئا)ی بە تۆمەتی کوشتنی هاوژینەکەی دەستگیر کرد.

عەقید نەوزاد ستار شەریف، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی رەحیماوا لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی 23ی ئەم مانگە پیاوێک ئاگاداری کردینەوە کە ژنەکەی لەنێو ماڵەکەیدا کوژراوە. دوای چوونی تیمەکانی لێکۆڵینەوە، دەرکەوت ئەو ژنە هەر لەلایەن ئەو پیاوەوە کوژراوە کە پۆلیسی ئاگادار کردبووەوە".

گوتیشی: "ژنەکە گوللەیەکی دەمانچە لە سەری دراوە، پۆلیس دەستی بەسەر دەمانچەکەدا گرتووە".

سەبارەت بە هۆکاری کوشتنی ژنەکە، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی رەحیماوا گوتی: "ئەو پیاوە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیسدا ئیعترافی کردووە کە ژنەکەی کوشتووە، گوایە خیانەتی لێکردووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوی بە پۆلیس نەداوە کە ژنەکەی خیانەتی لێکردبێ، بۆیە پۆلیس لە لێکۆڵینەوە بەردەوام دەبێ، تا راستیی هۆکاری کوشتنی ژنەکەی بۆ ئاشکرا دەبێ".

کەسوکاری ژنەکە ئامادەنین قسە لەسەر ئەو دۆسیە بکەن. کامەران کە برای کافیەیە، تەنیا ئەوەندەی گوت کە "خوشکەکەم خیانەتی لە هاوژینەکەی نەکردووە. ئێمە چاوەڕێین دادگا یەکلایی بکاتەوە خوشکەکەم لەسەر چی کوژراوە و هەموو ئەوەی لەبارەی هۆکاری کوشتنی خوشکەکەم لێرە و لەوێ باس دەکرێ، راست نین".

لە دادگاکانی عێراق کە کەرکووکیش کار بە یاساکانی دەکات، تاوەکو ئێستا کار بە یاسای شەرەفپارێزی (غسل العار) دەکرێ. ئەو پیاوانەی بە پاساوی شەرەفپارێزی ئافرەت دەکوژن، سزایەکی کەمیان دەدرێ بەراورد بەو کەسانەی کە بە ئەنقەست کەسێک دەکوژن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان کار بەو یاسایە ناکرێ و کوشتنی ژنان لەژێر هەر ناوێکدا بێ بە "کوشتنی ئەنقەست" دادەنرێ.

جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ و کاروباری ئافرەتان و منداڵان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، پێیوایە یاسای شەرەفپارێزی، هاندەرە بۆ کوشتنی ئافرەتان. جوان حەسەن بە (رووداو)ی گوت: "بەشێک لە هۆکاری کوشتنی ژنان لە شارەکانی عێراق بۆ ئەو یاسایانە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا لە دادگاکانی عێراق کاریان پێدەکرێ، لەوانە قانوونی (غسل العار). ئەمە بووەتە هاندەرێک یاخود رێگەخۆشکەر بۆ کوشتنی ژنان لەلایەن کەسوکاریانەوە. کە بەپێی ئەو یاسایە بکوژ سزایەکی کەمی دەدرێ".

جاران لیژنەکەی جوان بەدواداچوونی وردی بۆ دۆسیەکانی هاوشێوەی کافیە دەکرد و دەیزانی ساڵانە چەند ژن لە کەرکووک دەکوژرێن و بۆچی دەکوژرێن، بەڵام ئێستا بەدواداچوونیان زۆر کەمبووەتەوە و هیچ ئامارێکیشیان لەبارەی ژمارەی ئەو ژنانە نییە کە ساڵی رابردوو و ئەمساڵ لە کەرکووک کوژراون.

جوان حەسەن دەڵێت: "ئێستا بارودۆخی کەرکووک بە جۆرێکە کە بەدواداچوون بۆ کەیسەکان زۆر قورس بووە، پێشتر ئێمە و رێکخراوەکان سەردانی دادگامان دەکرد و ئامارمان وەردەگرت و بەدواداچوونمان بۆ دۆسیەکان دەکرد، بەڵام ئێستا ناتوانین".

راکان سەعید، پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت، بە بڕیارێک چالاکیی سەرجەم ئەو رێکخراوە مەدەنیانەی راگرتووە کە لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەو مەرجە رێگەی کارکردنیان پێدەدات کە مۆڵەت لە بەغدا وەربگرن.

جوان حەسەن پێیوایە ئەو دۆخە ئەمنی و سیاسییەی لە کەرکووک هەیە کێشەی دەروونی بۆ زۆر خێزان دروستکردووە: "هەندێک لەو پیاوانەی بەهۆی ئەو دۆخەوە تووشی جۆرێک لە شڵەژانی دەروونی بوون، نازانن دەروونی خۆیان بەچی بەتاڵ بکەنەوە، زۆر جار پەنا دەبەنە بەر ئازاردان یان کوشتنی ژن و منداڵەکانیان". بۆیە جوان حەسەن گومانی لەو دۆسیانە هەیە کە تۆمەتبارەکە بەپێی یاسای شەرەفپارێزی دادگایی دەکرێ و دەڵێت ئەوە تەنیا پاساوێکە بۆ ئەوەی سزاکەیان سووک ببێ.

جوان حەسەن، پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بە رێگەچارەیەکی گونجاو دەزانێ بۆ کەمبوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان.

ئەو پرۆژە یاسایە شەش ساڵە پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە، خوێندنەوەی یەکەم و دووەمیشی بۆ کراوە، بەڵام پەسەند نەکراوە.



پۆلیس گومانی لە قسەی پیاوەکە هەیە کە دەڵێت ژنەکەی خیانەتی لێکردووە

# نەیانهێشت منداڵەکانی ببینێ و خۆی سووتاند

**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**

دوای ئەوەی هاوژینی یەکەمی لە شەڕی دژی داعشدا شەهید دەبێ، کەلسووم شوو دەکاتەوە، بەڵام ماڵی خەزوورانی پێشووی رێگەی پێنادەن منداڵەکانی ببینێ، بۆیە لە داخان خۆی سووتاند و بەر لەوەی بمرێ سکاڵا لەسەر یەکێک لە براکانی هاوژینی پێشووی تۆمار دەکات. ماڵی خەزوورانی پێشووی کەلسووم دەڵێن ئەو ژنە پێشتر بەڵێنی داوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە منداڵەکانییەوە نەمێنێ.

رۆژی 2018/10/15، لە گوندی تیتۆکەی سەر بە رانیە ژنێکی تەمەن 35 ساڵان بەناوی (کەلسووم. ح. م) لە نێو ماڵەکەی خۆیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.

دراوسێیەکی ماڵی کەلسووم کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت: "دوای نانخواردن ژنێکی دراوسێمان بە دەم هاوارکردنەوە هاتە حەوشەکەمان و گوتی فریابکەوە ئەو ژنەی دراوسێمان خۆی سووتاندووە، منیش خێرا چووم و بەتانییەکەم دۆزییەوە و تەڕم کرد و بە ژنەکەمدا دا. مێردی ژنەکە لە ژوورەوە نووستبوو، بە دەنگ و هاواری خەڵک خەبەری بووەوە و هاتە دەرەوە".

لێکۆڵینەوەکان لەبارەی دۆسیەی کەلسووم بۆ پۆلیس هێندە قورس نابێ، چونکە کەلسووم بەر لەوەی بمرێ پەنجەی تۆمەتی بۆ ئەو کەسە درێژ کردووە کە بووە هۆکاری ئەوەی خۆی بسووتێنێ.

رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیس راپەڕین بە (رووداو)ی گوت: "تیمەکانی بەڵگە و تاوانی پۆلیس چوونەتە شوێنی رووداوەکە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان ئەو ژنە نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە، لە نەخۆشخانە زانرا کە 90%ی جەستەی سووتاوە، لەبەر زۆریی رێژەی سووتانەکەشی بەرێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام تەنیا یەک رۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و مرد".

سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنە، رائید شۆڕش گوتی: "ئەو ژنە لە ئیفادەکەی بۆ پۆلیس گوتوویەتی، لە داخی شووبراکەی خۆی سووتاندووە، چونکە رێگەی پێنەداوە منداڵەکانی ببینێ، داواشی لەسەر تۆمار کرد، بۆیە بەپێی مادە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری گرتن بۆ شووبرای ژنەکە دەرچووە".

> ئەو ژنە وەکالەتی کردووە کە هیچ پەیوەندی بە منداڵەکانییەوە نامێنێ و نابێ نزیکیان بێتەوە
>
> ماڵە خەزووری پێشووی

دراوسێکەی ماڵی کەلسووم کە لەگەڵ ئەو ژنە چووبوو بۆ نەخۆشخانە، دەڵێت: "لە نێو ئۆتۆمبێل هاوژینەکەی لێی پرسی بۆچی خۆت سووتاند؟ ئەویش گوتی: تەلەفۆنم بۆ شووبراکەم (ئەوەی پێشوو) کرد کە رێگەم بدات منداڵەکان ببمەوە لای خۆم، بەڵام رازی نەبوو، بۆیە خۆم سووتاند".

محەممەد کە برا گەورەی کەلسوومە، باسی ژیانی خوشکەکەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی: "دوای ئەوەی ئامۆزایەکم هاتە داوای کەلسووم، ئەویش شووی پێکرد و بوونە خاوەنی دوو منداڵ، بەڵام بەداخەوە هاوژینەکەی لە شەڕی دژی داعشدا شەهید بوو، خوشکەکەم لە ماڵی خەزووری مایەوە، بەڵام لە کۆتایی مانگی شەشی ئەمساڵ لەلایەن کەسێکەوە دەستدرێژی کرایە سەر، پاشان هەوڵیان دا بە زۆر لەگەڵ ئەو کوڕە هاوسەرگیری بکات، هاوسەرگیرییەکە بە خواستی کەسمان نەبوو، جگە لە خوشکەکەم، ئێمەش بەو مەرجە رازی بووین کە لە پشدەر نەمێنێ، بەڵام پێموابوو کە هاوسەرە تازەکەی نەیتوانیوە باش بەخێوی بکات و دڵی رابگرێت بۆیە خۆی سووتاند".

هەر لەوبارەوە عەلی کە ئامۆزای هاوژینی یەکەمی کەلسوومە، گوتی: "دوای شەهیدبوونی مێردی یەکەمی کەلسووم، ئێمە ئەومان سەرپشک کرد کە شوو دەکاتەوە یان دادەنیشێ و منداڵەکانی بەخێو دەکات. پاشان ماڵە خەزوورانی هەستیان کرد کە کەلسووم پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک هەیە، تا رۆژێکیان بە یەکەوە بینیبوویان، بۆیە گوشاریان خستە سەر کوڕەکە کە دەبێ کەلسووم مارە بکات، ماڵی باوکی کوڕەکە گوتیان دوو کچتان دەدەینێ بەس کەلسوومان ناوێ، بەڵام من گوتم نابێت هەرگیز دوو کچی داماو بکرێنە قوربانی هەڵەی دوو کەسی دیکە. تەنیا مەرجی ئێمە ئەوە بوو کە کەلسووم شوو بەو کوڕە بکات، بەڵام لەو ناوچەیە نەمێنن".

سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی کەلسووم، عەلی گوتی: "راستە کەلسووم سکاڵای لەسەر شووبراکەی هەبووە بە تۆمەتی ئەوەی کە نەیهێشتووە منداڵەکانی ببینێ، بەڵام پێشتر کەلسووم وەکالەتی کردووە کە هیچ پەیوەندی بە ماڵ و منداڵی هاوژینی یەکەمییەوە نامێنێ و نابێ نزیکی منداڵەکانی بکەوێتەوە".

سەرباری ئەوەش عەلی دەڵێت ئەوان ملکەچی یاسا دەبن و ئەگەر شووبراکەی کەلسووم هەڵە بووە، با دادگایی بکرێ و سزای خۆی وەربگرێ.



کەلسووم لە سەرەمەرگدا سکاڵای لەسەر شووبراکەی تۆمار کرد

**لەچاو ساڵی رابردوو کەمترە**

# لە هەشت مانگی ئەمساڵدا 80 حاڵەتی دەستدرێژی تۆمارکراون

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

بەراورد بە ساڵی رابردوو، حاڵەتەکانی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان و نەوجەوانان روو لە کەمبوونەوەن. بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، ساڵی رابردوو 143 حاڵەتی دەستدرێژی تەنیا بۆ سەر ئافرەتان تۆمار کراون.

(ڤ. ع) تەمەنی 19 ساڵە، لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (ن.ف) کە بە گوتەی خۆی جارێک بە هەڵە تەلەفۆنی بۆ کردووە و لەوەوە ناسیویەتی، بەرەوڕووی دەستدرێژی بووەتەوە.

(ڤ) چیرۆکی ناسین و پەیوەندییەکەی لەگەڵ (ن) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لەڕێی پەیوەندییەکی هەڵەی تەلەفۆنی کە لەلایەن (ن) بۆم هات، یەکترمان ناسی، دواتر بووین بە هاوڕێ، نامەکانی کە بۆی دەناردم زۆر سەرنجڕاکێش بوون، داوای لێکردم ماوەیەک قسە بکەین، دواتر بووین بە خۆشەویستی یەکدی، لە رێگەی ڤیدیۆوە یەکدیمان بینی و زۆرم خۆشویست".

(ڤ) بێ ئاگا بووە لەوەی (ن) خێزاندارە و باوکی چوار منداڵە، پێشتریش دوو ژنی تەڵاقداون. (ڤ) گوتی: "دوای هەفتەیەک لە قسەکردنمان و ناردنی چەند ڤیدیۆ و وێنەیەک، داوای کرد یەکدی ببینین، پاش ئەوەی بینیم زیاتر خۆشمویست و پێیوتم خوێندنی تەواو کردووە، کوڕە تاقانەی ماڵە و بازرگانە، دەیەوێ هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات".

گوتیشی: "هێواش هێواش خۆی لێ نزیک کردمەوە، منیش لێی تووڕە بووم و ویستم بڕۆم، بەڵام ئەو رێگەی نەدام، بە زۆر باوەشی پێداکردم و دەستدرێژی کردە سەرم".

زۆری پێناچێ ئەو کوڕە هەموو راستییەکان لەبارەی ژیانی خۆی بۆ (ڤ) دەنێرێ، بۆیە (ڤ) دایکی لە رووداوەکە ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام دەڵێت گوایە شۆفێرێکی تاکسی دەستدرێژی کردووەتە سەری. شەش مانگ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیوە، لەو کاتەوە (ن) مۆبایلەکەی داخستووە و (ڤ) نازانێ چۆن بیدۆزێتەوە و سکاڵای لەسەر تۆمار بکات.

(ڤ) خۆی بە قوربانی دەزانێت و دەڵێت: "هیچ کات ناتوانم هاوسەرگیری بکەم، لەبەرئەوەی بڕوام بە هیچ پیاوێک نەماوە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، لە ماوەی 1ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ تاوەکو 30ی ئابی ئەمساڵ، 80 حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان تۆمار کراون، زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژیش لە سنووری پارێزگای دهۆک بووە کە 31 حاڵەت بووە، دوای ئەویش هەولێر دێت بە 26 حاڵەت، بەڵام لە سنووری پارێزگای سلێمانی هیچ حاڵەتێکی دەستدرێژی تۆمار نەکراوە. لە گەرمیان 9 حاڵەت لە سۆران شەش حاڵەت و لە راپەڕینیش 8 حاڵەت تۆمار کراون.

بەڵام ئەم ژمارەیە بەراورد بە هەشت مانگی ساڵی رابردوو کەمی کردووە کە 96 حاڵەتی تێدا تۆمار کرابوو.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دراوەتە (رووداو)، زۆربەی قوربانییەکانی دەستدرێژی ئەو کچانەن کە شوویان نەکردووە، تەمەنیشیان لە نێوان 16 بۆ 30 ساڵانە. زۆربەی قوربانیانیش پەیوەندیی پێشتریان لەگەڵ کەسانی دەستدرێژیکەر هەبووە و متمانەیان پێکردوون. لەناو ئەوانەدا ئافرەت هەیە دوای ئەوەی لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە، دەستدرێژی کردووەتە سەری. هەندێک لەوانەشی دەستدرێژییان کراوەتە سەر لە رەگەزی نێرن و تەمەنیان بچووکە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، ساڵی رابردوو 143 حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان تۆمارکراون. زۆرترین حاڵەتیش لە هەولێر بووە کە 41 حاڵەت بووە، دهۆک 40 حاڵەت و لە سلێمانیش 20 حاڵەت تۆمارکراون.

موقەدەم ئارام محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە دهۆک، سەبارەت بە زۆریی حاڵەتەکانی دەستدرێژی لە دهۆک دەڵێت: "حاڵەتەکانی دەستدرێژی لە دهۆک تەنیا بەرامبەر کچان نییە لە دەرەوە، بەڵکو لەنێو خێزانەکانیشدا هەیە. زۆربەی ئەوانەشی دەستدرێژیان کراوەتە سەر پەیوەندی خۆشەویستییان هەبووە، لەبەر خۆشەویستی بێدەنگییان لێکردووە، بەڵام دوای ئەوەی پیاوەکە یان کوڕەکە وازی لێهێناوە، یان ژنێکی دیکەی هێناوە، ئیدی قوربانییەکە دێت سکاڵا تۆمار دەکات".



زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژی لە سنووری دهۆک بووە، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی هیچ حاڵەتێک تۆمار نەکراوە



## پیاوێک دەکوژرێ و ژنەکەشی برینداردەکرێ

**ڕووداو – هەولێر**

شەوی 2018/10/26 لە شەقامی ئیسکانی هەولێر کەسێک تەقەی لە ژن و پیاوێک کرد، پیاوەکە کوژرا و ژنەکەشی بریندار کرد. هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەمبارەیەوە بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند "ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە تۆمەتبارەکە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراو و تەسلیمی پۆلیس کرا". یادگار وەلی، برای ئەو ژنەی برینداکراوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زاواکەمان کێشەی لەگەڵ هاوڕێیەکی هەبووە، وەکو ئێمەش بزانین کێشەکە کۆن بووە و بۆ دووساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەو شەوە کە بینیونی، تەقەی کردووە و زاواکەمانی کوشتووە".

# گەنجێک لەسەر مانگایەک دەکوژرێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

ڕێکەوت داوای لە دراوسێکانی کردبوو کە چاویان لە مانگاکەیان بێ و ڕێگە نەدەن بێتە ناو ماڵەکەی، لەسەر ئەوە دەبێتە دەمەقاڵەیان و دوو کوڕی دراوسێکەیان ڕێکەوت دەکوژن، پۆلیس هەردوو تۆمەتبارەکەی دەستگیر کردووە.

شەوی 2018/10/23 گەنجێکی تەمەن 29 ساڵ بەناوی ڕێکەوت ڕەزا، دانیشتووی گەڕەکی شارستانی لە هەڵەبجەی تازە، لەلایەن دوو براوە کە دراوسێی بوون، کوژرا. ڕێکەوت باوکی دوو منداڵ بوو.

سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی لەبارەی ئەو ڕووداوە ڕایگەیاند: "کەسێک بەناوی ڕێکەوت ڕەزا لە ماڵەکەیدا کوژراوە.

هەر 30 خولەک دوای ڕووداوەکە پۆلیس دوو تۆمەتبارەکەی دەستگیر کردن و دۆسیەی بۆ کردنەوە".

سەبارەت بە ناسنامەی تۆمەتبارەکان و هۆکاری تاوانەکەش، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی دەڵێت: "دوو تۆمەتبارەکە بران و دراوسێی کوژراوەکەن، هەر لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ئیعترافیان کردووە کە ئەو دراوسێیەیان بە چەقۆ کوشتووە، بەڵام پەشیمانن و دەڵێن ئەوان بە مەبەستی کوشتن لێیان نەداوە، تەنیا ویستوویانە بیترسێنن".



ڕێکەوت داوای لێبووردنیشی کرد، بەڵام هەر کوژرا

کاوە عەتا کە ئامۆزای ڕێکەوتە، لە دووەم ڕۆژی پرسەی ئامۆزاکەیدا لەبارەی ژیانی ئەوەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "ئامۆزاکەم خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە، چەند ساڵێکە لەو گەڕەکەیە، هەتا ئێستا کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە و کەس گلەیی لێی نەبووە. کەسێکی زۆر کاسبکار بوو، ئەگەر لە دەرەوە کێشەیەکی هەبووبێ، یان کەسێک کێشەیەکی هەبووبێ، بەردەوام هەوڵی داوە بە هێمنی چارەسەری بکات".

دوای کوژرانی ڕێکەوت، هاوژینەکەی باسی کێشەی ڕێکەوتی لەگەڵ دراوسێکانی بۆ کەسوکاری ڕێکەوت کردووە، گوتوویەتی ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە مانگایەکی ئەو ماڵەی دراوسێیان هاتووەتە ماڵی ئەوان، کاتێک ڕێکەوت نیوەڕۆ لە کارەکەی هاتبووەوە، پێیگوتووە کە بەو ماڵە دراوسێیە بڵێت ئاگاداری مانگاکەیان بن و چیدی بەرەڵڵای نەکەن، چونکە دێتە ماڵی ئەوان و پیسی دەکات.

کاوە دەڵێت: "ڕێکەوت چوو بوو بۆ ماڵی دراوسێکەیان، تەنیا ئەوەندەی گوتبوو کە ئاگاداری مانگاکەتان بن، با چیدی نەیەتە ماڵەکەمان، هەر ئەوەندەی گوتبوو، دواتر گەڕابووەوە سەر کارەکەی".

ڕێکەوت ئێوارە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، پاش خواردنی نانی ئێوارە دەچێتە سەرتاشخانەی ئەو دوو برایەی دراوسێیان و لەوێ قژی چاک دەکات و دواتریش بە هەردوو براکە دەڵێت: "لەسەر ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕوویدا داوای لێبوردنتان لێدەکەم، ئێمە دراوسێی یەکدین، بەڵام مانگەکەتان دێتە ماڵەکەی ئێمە و ڕیخ دەکات و بۆنی دێ".

وەک ئەو ژنە باسی دەکات، سەعات 10:30 خولەکی هەمان ئەو شەوە لەگەڵ دەنگی لەدەرگادان خەبەریان دەبێتەوە، ڕێکەوت بە چاوی خەوەوە دەچێ دەرگا بکاتەوە، بەڵام لەبەردەگا دەبێتە دەنگە دەنگ. کاتێک هاوژینەکەی دەچێتە دەرەوە، دەبینێ دراوسێکانی هاتوونەتە سەریان، لەو کاتەدا بە چەقۆ بەردەبنە گیانی ڕێکەوت و دواتر هەڵدێن".

هاوژینەکەی کە مێردەکەی بە برینداری دەبینێت، شۆک دەبێت و لە جێگای خۆی بێدەنگ دەبێت. تا ئەو کاتەی پۆلیس دەگات ڕێکەوت دەمرێت، پاشان تەرمەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکەن.

کاوە دەڵێت: "هاوژینی ڕێکەوت هێشتا شۆکی ڕووداوەکە بەرینەداوە، چونکە مێردەکەی بە بەرچاوییەوە کوژراوە، ئێستا باری دەروونی باش نییە".



شەڕی ڕێدیر و براکەی لەسەر خانوویەکی میرات بوو

# براکەی خۆی بە چەقۆ دەکوژێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

ڕێدیر چاوی لەوە بوو بە نیشتەجێبوون لەو خانووەی بە میرات لە باوکیان بۆیان ماوەتەوە، باری قورسی دارایی سەر شانی کەمێک سووک بێ، بەڵام (ە)ی برای نەیهێشت بچێتە نێو خانووەکە. (ە) هەر بەوەندەش نەوەستا، براکەی دایە بەر چەقۆ و کوشتی، دواتریش خۆی ڕادەستی بنکەی پۆلیس کرد.

شەوی 19ی ئۆکتۆبەری 2018 گەنجێکی تەمەن 30 ساڵ بەناوی ڕێدیر عوبەیدوڵڵا، باوکی چوار منداڵ و دانیشتووی گەڕەکی گوڵانی قەزای سێمێلی سەر بە شاری دهۆک، دوای ئەوەی لەگەڵ (ە.عوبەیدوڵڵا)ی برای دەبێتە دەمەقاڵەیان، لەلایەن براکەیەوە دەدرێتە بەر چەقۆ و دەکوژرێ.

ڕائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو شەڕە لە نێوان دوو برا بووە، دوای ئەوەی تاوانبارەکە براکەی خۆی دەکوژێ، خۆی ڕادەستی بنکەی پۆلیسی قەزای سێمێل دەکات، ئیعترافی کردووە کە براکەی لەسەر کێشەیەکی نێوانیان کوشتووە".

هاوژینی کوژراوەکە دەڵێت هاوژینەکەی بە بەرچاوی ئەوەوە کوژراوە، بەڵام نازانێ بۆچی. ڕۆندک عادل کە هاوژینی ڕێدیرە، دەڵێت: "ئەو شەوە لەماڵ بووین شووبراکەم هاتە ماڵمان، لەگەڵ براکەی دانیشتبوون، من چووم چا و ئاویان بۆ بێنم، زۆری پێنەچوو گوێم لە دەنگە دەنگ بوو، هەردووکیان بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد، هیچیان لێ حاڵی نەبووم".

ڕۆندک نەیتوانیوە نێوبژیوانییان بکات، بۆیە ویستوویەتی بانگی کەسێک بکات و کێشەکەیان چارەسەر بکات، بەڵام وەک ڕۆندک دەڵێت: "هەر ئەوەندەم بینی شووبراکەم چەقۆی دەرهێنا و لە مێردەکەمی دا، هەر لەوێ کەوت و مرد".

ڕۆندک ئێستاش باوەڕ بە چاوەکانی خۆی ناکات کە ئەو دیمەنەی بینیوە و دەڵێت: "نازانم بۆ وایکرد، چۆن چوار منداڵی هەتیوکردن، هاوژینەکەم کەسێکی زۆر باش بوو، زۆر نەرمونیان بوو، نازانم بۆ کوشتی. ئێستاش خەمی پەروەردەکردنی منداڵەکانمە، چۆن بەخێویان بکەم. باوکیان بە دەستی مامیان کوژراوە کە هەمیشە یاری لەگەڵ دەکردن".

ڕێبیر عوبەیدوڵڵا کە برا گەورەی هەردووکیانە، دەڵێت: "ڕێدیر تابڵێی کەسێکی لەسەرخۆ و هەژار بوو، مرۆڤێکی زۆر کاسب بوو، کاتێک بە ڕووداوەکەم زانی، تووشی شۆک بووم".

ڕێبیر کاتێک هەواڵەکەی پێدەگات باوەڕ ناکات، تا دەچێتە شوێنی ڕووداوەکە و دەبینێ ڕێدیر لە نێو خوێن کەوتووە و برا بچووکەکەشی دەستەکانی کەلەپچە کراوە و پۆلیس دەیبات، ڕێبیر دەڵێت: "ئێمە خێزانێکی زۆر بێ کێشە بووین، نازانم ئەو برایەم بۆ وایکرد. ئەو ڕۆژە ناخۆشترین ڕۆژی ئێمە بوو، دوو برام بە یەکجار لەدەست دا، یەکێک بۆ ژێر خاک، ئەوەی دیکەش بۆ زیندان".

ڕێبیر تا ئێستا سەردانی براکەی نەکردووە تاوەکو لێی بپرسێ بۆچی براکەی خۆی کوشت؟ بەڵام لەوە دڵنیایە کە کێشەکەیان لەسەر خانووەکەی باوکیان بووە.

ڕێبیر دەڵێت: "ڕێدیری برام زۆر فەقیر بوو، دەیگوت دەچمە نێو ئەو خانووە لە قاتی خوارەوە دادەنیشم، قاتی سەرەوەش با بۆ (ە) بێ کە ژنی هێنا با لە قاتی سەرەوە دابنیشێ، بەڵام (ە) دەیگوت نەخێر ئەو خانووە بۆ منە و نابێ هیچ کەسێک بچێتە نێوی، تاکە کێشەی نێوانیان لەسەر ئەوە بوو، بەڵام ڕاستییەکەی دەبووایە ڕێدیر چووبایە نێو خانووەکە، چونکە ژن و منداڵی هەبوو، باری داراییشی باش نەبوو، کەچی (ە) هیچ کێشەی نەبوو، هێشتا ژنیشی نەهێنابوو، دەیویست خانووەکە بە تەنیا بۆ ئەو بێ".

ڕێبیر باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "ئەوکاتەی ڕێدیر پێداگیری کردووە بچێتە قاتی خوارەوەی خانووەکە، دەبێتە دەمەقاڵێیان ڕێدیر شەقێک لە (ە) دەدات، ئیدی شەڕەکە گەورە دەبێت و (ە) بە چەقۆ لە ڕێدیر دەدات و دەیکوژێ".

## پەروەردەی ڕانیە لیژنەیەکی پێکهێناوە

# مامۆستایەک زۆر بە توندی لە قوتابییەکی 7 ساڵان دەدات



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە قوتابخانەیەکی شاری ڕانیە بەهۆی ئەوەی قوتابییەکی پۆلی دووی بنەڕەتی بەر کچێکی هاوپۆلی دەکەوێت و دەیخات، دایکی کچەکە کە مامۆستایە لە هەمان قوتابخانە، وەک تۆڵەسەندنەوە لێی بە بەرچاوی هاوپۆلەکانییەوە بەتوندی لە قوتابییەکە دەدات، پەروەردەی ڕانیەش لیژنەیەک لەسەر ئەو کەیسە پێکدەهێنێ.

ڕۆژی 2018/10/26 بەهۆی ئەوەی کچ و کوڕێکی پۆلی دووی بنەڕەتی بەریەک دەکەون، (ن) کە دایکی قوتابییە کچەیە و مامۆستایە لەو قوتابخانەیە، زۆر بە توندی لە کوڕەکە دەدات.

خەیروڵڵا عوسمان، باوکی قوتابییە کوڕەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "من لە ماڵەوە بووم، کاتێک ئازای کوڕم لەگەڵ خوشکەکەی کە پۆلی شەشی بنەڕەتییە لە هەمان قوتابخانە گەڕانەوە ماڵەوە، بینیم ڕوخساری کوڕەکەم سوور بووەوە، پرسیم کە بۆچی وای لێهاتووە، کچەکەم گوتی مامۆستا لێیداوە. مامۆستا لە دەموچاوی کوڕەکەمی دابوو، گوێی بەتوندی گرتبوو، شوێنپەنجەی مامۆستاکە بە دەموچاوی کوڕەکەمەوە هێشتا دیاربوو، دەموچاو و گوێچکەی خوێنی تێزابوو، شوێنپەنجەی مامۆستاکە تاوەکو ڕۆژێک دواتریش بە ڕوخسارییەوە هەر مابوو، دواتر بەڕێوەبەر و مامۆستاکان بردبوویانە لای خۆیان، لەترسی ئەوەی ڕەنگە ببووڕێتەوە، نەیانهێشتبوو بچێتەوە ناو پۆل و وانەکانی بخوێنێت".

کاردانەوەی باوکی منداڵەکە ئەوەبوو کە ڕاستەوخۆ وێنەی منداڵەکەی دەگرێت و لە فەیسبووک بڵاوی دەکاتەوە و دەنووسێت: "سڵاو لە سیستەمی سویدیتان، فەلاقەکردنی کوڕەکەم تەنیا لەبەرئەوەی کە لەکاتی ڕاکردندا خۆی کێشاوە بە کچی مامۆستادا".

ئەم نووسینەی خەیروڵڵا عوسمان هەر زوو گەیشتە بەرچاوی زۆر کەس، بەڵام دوای چەند کاژێرێک باوکی ئازا پۆستەکەی سڕییەوە. خەیروڵڵا دەڵێت: "من مامۆستاکە ناناسم و هیچ کێشەیەکی تایبەتیشم لەگەڵیدا نییە، بۆیە ئەم پۆستەم کرد، بەڵام دواتر بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پەیوەندی پێوەکردم و هاتە ماڵەوە، گوتی کە مامۆستاکە هەڵەی کردووە و خۆشی دانی بە هەڵەکەیدا ناوە، بۆیە پۆستەکەم سڕییەوە".

دوای بەڕێوەبەرەکە، مامۆستا (ن)یش پەیوەندی بە باوکی منداڵەکەوە دەکات و داوای لێبووردنی لێدەکات، دانیش بەوەدا دەنێت کە کارێکی هەڵەی کردووە، بۆیە خەیروڵڵا بڕیار دەدات لێی خۆش بێت و سکاڵای لەسەر تۆمار نەکات، باوکی منداڵەکە گوتی: "سەرەتا دەمویست سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم، چونکە هەڵەیەکی زۆر دیار و زەقیشی کردبوو، دەمویست سزایەکی سووک بدرێت وەکو گواستنەوەی بۆ قوتابخانەیەکی دیکە، بۆ ئەوەی دەرسێک وەرگرێت و وانەیەکیش بێت بۆ مامۆستای دیکە کە لێدان لە قوتابیان دووبارە نەبێتەوە، بەڵام زۆر داوایان کرد سکاڵای لەسەر تۆمار نەکەم، گوتیان مامۆستاکە نەخۆشیی دڵی هەیە و ئەگەر سکاڵای لەسەر تۆمار بکەی سزاکەی فەسڵکردنە، چونکە ئەو وەکو تۆڵەکردنەوە لە کوڕەکەتی داوە، بۆیە منیش ویژدانم ڕێگەی نەدام سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم و نانبڕاو بکرێت، لێی خۆش بووم".

ئازا ترساوە و نایەوێت بچێتەوە قوتابخانەکەی خۆی، خەیروڵڵا کە خۆی یاریدەدەری پزیشکییە، دەڵێت: "منداڵەکەم زۆر ترساوە و دەڵێت ناچمەوە ئەو قوتابخانەیە، بۆیە دەمەوێت بیبەمە لای پزیشکێکی دەروونی و ڕاوێژی پێبکەم، بزانم قوتابخانەکەی بۆ بگۆڕم یان هەوڵ بدەم لەگەڵی بۆ ئەوەی لەو قوتابخانەیە بمێنێتەوە و ترسەکەی بڕەوێنمەوە".

ئەگەرچی باوکی ئازا لە مامۆستاکە خۆشبووە و سکاڵای لەسەر تۆمار ناکات، بەڵام پەروەردەی ڕانیە لیژنەیەکی بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکە پێکهێناوە. مامۆستا محەممەد کەریم، بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە لەسەر ڕووداوەکە کەسوکاری قوتابییەکە سکاڵایان تۆمار نەکردووە، بەڵام ناکرێت پەروەردە لەئاست لێدانی قوتابی بێدەنگ بێت، لێدان شتێکی هەڵەیە و لە سیستەمی پەروەردەشدا نابێت لێدان هەبێت، بۆیە ئێمە لیژنەیەکی بەدواداچوون دەنێرین بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە، ئەگەر ڕاست بێت ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ مامۆستاکە دەکرێ".

مامۆستایەک لە شاری هەولێر کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، دەڵێت: "لێدان لە قوتابی سەریهەڵداوەتەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش بەرەو زیادبوونە، خەریکە لە حاڵەتەوە دەبێتەوە بە دیاردە، بەڵام بەهۆی پشتگیری لە مامۆستا یان بەڕێوەبەرەکە، بێدەنگی لێدەکرێت".

ئەو مامۆستایە باسی لەوەش کرد کە بەڕێوەبەرەکەیان چەندینجار بە گوێچکە قوتابییەکان بەرزدەکاتەوە و هەڕەشەیان لێدەکات کە نابێت لەلای کەسوکاریان باسی بکەن، بەجۆرێک مامەڵەی توندە لەگەڵ قوتابییەکان، کە جاری وا هەیە منداڵ لەترسا خۆی تەڕدەکات.

## شایان دوایین قوربانی بوو

# لە دوو ساڵی ڕابردوودا 13 گەنجی کورد لەسوێد کوژراون

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

دیە و شایان پێکەوە بوون، لە کاتی هاتنە دەرەوەیان لە کافتریایەک، کەسێک لە پشتەوە تەقەی لە شایانی تەمەن 22 ساڵ کرد کە تەنیا 8 ڕۆژی مابوو 23یەمین مۆمی تەمەنی دابگیرسێنێ. دیە تەنیا ئەوەندەی بیرماوە کە کاتێک شایان کەوتووەتە سەر زەوی، دەستی بە سینگییەوە گرتووە و گوتوویەتی "خوایە، بۆچی من!". دیە کە هێشتا شۆکی ڕووداوەکە بەری نەداوە، لەوە زیاتر ناتوانێت بڵێ.

ئەم ڕووداوە ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوو لە گەڕەکی ناکای شاری ستۆکهۆڵم ڕوویدا، دواتر بووە ڕۆژەڤی میدیای سوێدی.

بەپێی ئامارەکان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 13 گەنجی کورد لە سوێد کوژراون، بەڵام کوژرانی شایان دەنگدانەوەی زۆری هەبوو. پۆلیس و میدیای ئەو وڵاتە چەندینجار جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ئەو گەنجە بە ناهەق و بە هەڵە کوژراوە.

پۆلیس بەبیانووی ئەوەی لێکۆڵینەوە تەواو نەبووە، وردەکاری کەیسەکە باس ناکات، تەنانەت هێشتا ڕێگە بە کەسوکارەکەی نەدراوە تەرمەکەی ببینن، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2018/10/29 لە مەراسیمێکدا بوار بە کەسوکارەکەی بدرێ بۆ دوایینجار دەموچاوی شایان ببینن وماڵئاوایی لێ بکەن.

بەختیار جاف، مامی شایان بە (ڕووداو)ی گوت: "دڵنیاییان داینێ کە شایان بە هەڵە کوژراوە .لەبری (ب) ناوێک، لەلایەن مافیاکانەوە کوژراوە". بەختیار کە وێنەی ئامانجە ڕاستەقینەکەی مافیاکانی بینیوە، هیچ گومانی نەماوە لەوەی کوڕەکەی ئەوان بە هەڵە کوژراوە و دەڵێت: "گەنجی ئێستا هەمووی یەک ستایلیان هەیە و ریشێکی تەنک و کڵاوێکی ڕەش و چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەش دەپۆشن، ئەمیش زۆر لە (ب) چووە".

فرمێسک لە چاوی شێرکۆی باوکی شایان نابڕێ، ئەو لە کوردستان بووە و چاوەڕێی هەواڵی مەرگی خوشکەکەی بووە کە بە دەست شێرپەنجەوە دەناڵێنێ، بەڵام هەواڵی مەرگی کوڕەکەی بۆ چوو. شێرکۆ دەڵێت: "هەموو هیوای کوڕەکەم ئەوە بوو زانکۆ تەواو بکات. حەزی دەکرد لە بواری ئاین و کۆمەڵگە لێکۆڵینەوە بکات، دوایین کاریشی لێکۆڵینەوەیەک بوو لەسەر کوردی ئێزدی".

شێرکۆ دەڵێت کوڕەکەی قەت ڕۆژێک گلەیی لە ژیان نەبووە: "تەنیا گلەییەک کە بۆیان باسکردووم ئەوە بووە کە لە سەرەمەرگدا گوتوویەتی: خودایە، بۆچی من!". شێرکۆ دەگری و دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: "خوایە ئێمە دوایین خێزانی جەرگسووتاو بین و شایان تاکە قوربانیی دەستی مافیاکان بێت".

لێدوانی مامۆستایەکی شایان بۆ ڕۆژنامەیەکی سوێدی، زۆر سەرنجی خەڵکانی ئەو وڵاتەی ڕاکێشا کە شایان گوتبووی: "ئەگەر زانکۆم تەواو کرد، یارمەتی ئەو گەنجانە دەدەم کە لە گروپە مافیاکانەوە تێوەگلاون". مامۆستاکەی شایان بە ڕۆژنامەی ئافتن بلادێت ی گوتووە :"بەداخەوە شایان خۆی بووە قوربانی ئەو گروپانە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، (ب) کوردە و کەسێکی نێو گروپە مافیاکانە. ئەوەندە نییە لە زیندان دەرچووە و لە چەندین کاری کوشتن و ڕفاندن و هەڕەشەوە تێوەگلاوە.

زیادبوونی گروپە گەنجە بیانییە توندڕەوەکان کە بەشێکی دیاریان کوردن، جێگەی نیگەرانی و ترسی زۆربەی ئەو خێزانە کوردانەیە کە کوڕەکانیان گەورە دەبن.

(ە.ب) کوردی دێرینی سوێدە، کوڕێکی ماوەیەک لەمەوبەر کوژرا، کوڕێکیشی بەهۆی تێوەگلان لەو گرووپانە بە زیندانی تاهەتایی سزا دراوە. ئەو دەڵێت: "هەموو کەس دەزانێت کە کوڕە کوژراوەکەم بێبەری بووە لە هەر تاوانێک". بەپێی زانیاریی (ڕووداو) کوڕە کوژراوەکەی (ە) لە بری کوڕە تاوانبارەکەی کوژراوە.

(س) باوکی گەنجێکی دیکەیە کە پار و لەم کاتانەدا، لە ڕێگە و لەلایەن گروپێکی مافیاوە دەستڕێژی گوللەی لێکرا و کوژرا. (س) بە (ڕووداو)ی گوت: "لەدەستدانی کوڕە تاقانەکەم لەلایەک و نەزانینی هۆکاری کوشتنی لەلایەکی دیکە ژیانی منی فەوتاند".

گوتیشی: "هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووم، لە شارێکی وەک ستۆکهۆڵم بەو شێوەیە خێزانەکەمان وێران بێت".

لاوێن ناوی خوازراوی کوردێکی دێرینی سوێدە کە خاوەن قوربانین و دوو ساڵ بەر لە ئێستا ئامۆزایەکی کە لەو گروپانە تێوەگلابوو، کوژرا. لاوێن گوتی: "کاتێک زانی ژیانی لە مەترسیدایە، گەڕایەوە کوردستان، نزیکەی سێ ساڵ خۆی شاردەوە، پاشان بۆ هەندێک کاری ڕۆتینی بەنهێنی گەڕایەوە سوید. بەڵام دەرفەتیان لێهێنا و بەشێوەیەکی وەحشیانە کوشتیان".

بەپێی ئامارێکی دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی سوێد، لە یەک ساڵی ڕابردوودا 26 حاڵەتی کوشتنی گەنجانی تەمەن 15 بۆ 29 ساڵان هەبووە. بەپێی دامەزراوەکە، لە ساڵی 1987 ـەوە یەکەمجارە لە مێژووی سوێد کاری توندوتیژی و بەتایبەت بەرامبەر بە گەنجان، بەو شێوەیە هەڵکشێت.

پەیکان جاف، لێکۆڵینڤان و شارەزا لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان، دەڵێت: "دیاردەی تێوەگلانی گەنجانی بیانیی نیشتەجێی سوێد خەتای دەوڵەتە. ئەویش بەهۆی کۆبوونەوەی خێزانە بیانییەکان لە شوێن و ناوچەی تایبەتی پەراوێزخراوی دوور لە سوێدییەکان".

پەیکان بۆ خۆی خاوەن قوربانییەکە و خاڵی شایانە. ئەو دڵنیایە خوشکەزاکەی هیچ پەیوەندی بەو گروپانەوە نەبووە، بەڵام یەکێکە لە قوربانیانی ئەو توندوتیژییەی کە هەڕەشە لە هەموو خێزانەکانی سوێد دەکات.

پەیکان جاف دەڵێت: "کۆمەڵگەکە بەرەو پێشکەوتنێکی نابەرابەر دەڕوات، بەرامبەر بە ڕەچەڵەک، بەرامبەر بە گرووپی بێگانە، بەرامبەر بە شوناسی ئەو نەوەیەی بوونەتە بەشێک لە کۆمەڵگە. سوێد 30 بۆ 35 ساڵە پەنابەر وەردەگرێت، هەموو ئەو خێزانە پەنابەرانە، نەوەیان خستووەتەوە و لێرە گەورەبوون. ئەو نەوەیە لە ململانێیەکی ناوخۆیی دەروونیدان لەنێوان ناسنامەی وڵاتی خۆیان و ناسنامەی ئێرە، ئەوان دەکەونە بەر بەراوردکارییەک کە نابەرابەری و ناعەدالەتی تێدایە، ئیدی ڕێگەیەکی ناشایستە دەگرنەبەر بۆ خۆدۆزینەوە و گەڕان لەدوای خود".

ئێستاش لە میدیا و ناوەندە جیاجیاکانی سوێد، هەندێک گەڕەک کە بە تەنیا بیانییەکانی تێدا دەژین، بە گەڕەکە پەراوێزخراوەکان ناوزەند دەکرێن. پەیکان دەڵێت: "ئەو نەوەیەی لە خێزانەکانی ئەو گەڕەکانەوە دروست بوون، پەروەردەیەکی تایبەتیان هەبووە و تیکەڵ نەبوون، ئەمڕۆ بەمشێوەیە بەدوای شوناسی خۆیاندا دەگەڕێن".



> خوایە کوڕەکەی من دواین قوربانی دەستی مافیاکانی سوێد بێت
>
> باوکی شایان




شایان بە هەڵە لەلایەن گروپێکی مافیاوە لە ستۆکهۆڵم کوژرا

## مافیای کورد و عەرەب ئەڵمانیایان هەراسان کردووە

# گادفازەری بەرلین کوردە

**ڕووداو- هەولێر**

لە چەند مانگی ڕابردوودا ڕووداوی تەقەکردن و تاوانەکانی کوشتن لە ئەڵمانیا زیادیان کردووە، دەزگا ئەمنییەکان، تاقم و گروپە تاوانکارەکان بە هۆکار دەزانن، لەوانەش گروپە کوردی و عەرەبییەکان. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا پۆلیسی ئەڵمانیا دەستی بە هەڵمەتێکی بەرفراوان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانی ڕێکخراو کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر دەستگیرکراون و ڕەوانەی دادگا کراون. هەڵمەتەکە دوای ئەوە هات کە نیزال ڕەبیع، ئەندامی یەکێک لەو تاقمانە لە بەرلین، کەوتە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرا.

مارتن پاڵگن، گوتەبێژێکی وەزارەتی نێوخۆی ئەڵمانیا، لەبارەی کوژرانی نیزالەوە بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی گوت: "کوشتنی کەسێک بە ڕۆژی ڕووناک لە پارکێکدا کە پڕە لە خەڵک، ئەمە جۆرێکی نوێیە لە تاوان". نیزال لەکاتی پیاسەکردن لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانی، لەبەردەم کۆشکێکی فرۆشتنی ئایسکریم درایە بەر دەستڕێژی گوللە، هەشتیانی بەرکەوت و لە نەخۆشخانەی بەرلین گیانی دەرچوو.

پرسەی نیزال، تەمەن 36 ساڵ، لە مانگی ئەیلول بەڕێوەچوو، ئەوەی سەرنجی میدیاکانی ئەڵمانیای ڕاکێشا، بەشداریی 2000 کەس بوو لە مەراسیمەکە کە ژمارەیەکی زۆریان بە ریشی درێژ و ئۆتۆمبێل و جلوبەرگی گرانبەهاوە بەشدارییان تێدا کرد. نیزال سەرۆکی تاقمێک بوو لە بەرلین و بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (تیچیس ئاینبلیک)ی ئەڵمانی، نیوەی تەمەنی لە گرتووخانەکان بەسەربردبوو.

لە ئەڵمانیا بەو جۆرە گروپانە دەڵێن "خێزان"، لە بەرلین 14 خێزانی لەو جۆرە هەن کە بە ڕەچەڵەک کوردی لوبنان و فەڵەستینین. لە سەرانسەری ئەڵمانیاش زیاتر لە 20 خێزان هەن کە ژمارەی ئەندامانی هەندێکیان هەزاران کەسە. هەرچەند هەموو ئەو خێزانانە تاوانکار نین، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان لە کاری بازرگانیی مادەهۆشبەرەکان، بازرگانی بە مرۆڤ و کوشتن لەبەرامبەر پارەدان. هەندێکجار ئەم گروپانە بە "حکومەتی ژێرزەمینی" لەقەڵەم دەدرێن.

سەرۆکی یەکێک لەو خێزانانە کەسێکە بەناوی مەحموود ئەلزەین کە خۆی بە کوردی لوبنان لەقەڵەم دەدا و بە "سەرۆککۆماری بەرلین" ناسراوە، خێزانەکەشی هەر بەناوی ئەوەوە بە "خێزانی ئەلزەین" ناوی دەرکردووە کە بەگوێرەی هەندێک مەزندە نزیکەی 15 هەزار ئەندامی هەیە.

ئەلزەین و هاوژینەکەی لە ساڵی 1982 وەکو "موسڵمانێکی بێ دەوڵەت"ی فەلەستینی داوای مافی پەنابەرێتیان لە ئەڵمانیا کردووە، لە ساڵی 1984داواکەی ڕەتکرایەوە. "سەرۆککۆماری بەرلین" کە هەندێکجار بە گادفازەر (باوکی ڕۆحی)ی بەرلینیش ناودەبردرێ، چەندینجار هەوڵی دیپۆرتکردنەوەی دراوە، بەڵام سەریان نەگرتووە، یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوە بوو کە ئەوکات پاسپۆرتی نەبوو.

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی مەحموود ئەلزەین مشتومڕێکی زۆر هەیە، ماڵپەڕی (بەرلین جورناڵ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناوی ڕاستەقینەی سەرۆککۆماری بەرلین مەحموود ئۆجەیە، بەڵام تورکیا ئامادە نییە وەریبگرێتەوە، تەنانەت وڵاتینامەشی لێوەرگرتووەتەوە. ڕۆژنامەی (دێ تاگەشپیگڵ)ی ئەڵمانی لە ڕاپۆرتێکی 2003دا ئاشکرای کردووە پۆلیسی لێکۆڵینەوەی ئەڵمانیا بۆیان دەرکەوتووە ناوی باوکی ئەلزەین لە گوندی ئۆچکاڤاک لە پارێزگای ماردین تۆمار کراوە.

دوو خێزانی دیکەی بەناوبانگی بەرلین خێزانەکانی ئەبوو شاکر و خێزانی ڕەمۆن. خێزانی ئەبوو شاکر بە ڕەچەڵەک فەڵەستینین، بەڵام لە هەشتاکان لە لوبنانەوە هاتوونەتە ئەڵمانیا، خێزانی ڕەمۆ لە ساڵی 1995 لە لوبنانەوە ڕوویان لە بەرلین کردووە. ئەو دوو گرووپە بە ڕکابەری یەکدی دادەنرێن.

بەپێی مەزندەکانی دەزگای پۆلیسی فیدراڵی، هەموو ئەو خێزانانە نزیکەی 200 هەزار ئەندامیان هەیە کە هەرچەندە مەرج نییە هەموویان ڕاستەوخۆ لە تاوانەکاندا بەشدار بن، بەڵام ئەو خێزانانە ژینگەیەکیان خوڵقاندووە کە تاوانکاران دەتوانن خۆیانی تێدا بشارنەوە.

لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا و لە ماوەی شەڕی نێوخۆی لوبنان، سەدان خێزانی کورد و عەرەب لە لوبنانەوە ڕوویان لە ئەڵمانیا کرد. سەرەتای دروستبوونی خێزان و گروپە تاوانکارەکانیش بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە دواتر هەر خۆیان سەدان خێزان و تاکەکەسی دیکەیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە ڕاکێشایە ئەڵمانیا بەبێ ئەوەی هیچ پلانێکیان بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگا و یاسای ئەڵمانیادا هەبێ. ئەو خێزانانە چوارچێوەیەکی تەشریعی تایبەت بە خۆیان دامەزراندووە کە بە سەربەخۆ لە یاساکانی ئەڵمانیا کاریان پێدەکرێ و بەشێکی زۆری کێشەکانیش لەو چوارچێوەیەدا یەکلادەکرێنەوە.

بەرپرسێکی باڵای شارەوانیی ناوچەی نیکۆڵن لە بەرلین بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ڕاگەیاند: "ماوەی 30 ساڵە ئەو خەڵکەمان پشتگوێ خستووە و ئێستا بوون بە کێشەیەکی گەورە بۆمان، چونکە هەم چەک و هەم پارەیەکی زۆریان هەیە. دەبێ بیانوەستێنین پێش ئەوەی سامان و چەکی خۆیان بخەنە ناو یاساوە".

دەستگیرکردن و سزادانی سەرۆک و ئەندامانی باڵای ئەو خێزانانە ئاسان نییە. خێزانی بەشێ زۆر لە سەرکردەی ئەو گروپانە لەسەر یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکانی حکومەت دەژین، بەڵام هەمووشیان ئۆتۆمبێل و خانووی گرانبەهایان هەیە، بەو حاڵەشەوە حکومەت ناتوانێ هیچیان لێبکات، لەبەر ئەوەی هیچ موڵک وماڵێک بەناوی خۆیانەوە نییە. ساڵی 2003 پۆلیسی ئەڵمانیا ئەلزەینی تۆمەتبار کردبوو بەوەی یاسای یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکانی پێشێل کردووە، حکومەتی ئەڵمانیا بەنیاز بوو هاریکارییەکان لە هاوژینی ئەلزەین بگرێتەوە، بەڵام پاش ماوەیەک هەوڵەکانی حکومەت شکستیان هێنا.

بنیامین یەندرۆ، گوتەبێژێکی دامەزراوەیەکی پۆلیسی ئەڵمانیا دەڵێت: "ئەگەر 100 هەزار یورۆ لای تاوانکارێک بدۆزینەوە کە بەپێی دۆکیۆمێنتەکان لەسەر یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەژی، ئەوە دەبێ بیسەلمێنین کە ئەو ئەم پارەیەی بە تاوان دەستکەوتووە، سەلماندنی ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە پۆرشەکەی و خانووەکەی بە ناوی پوورێکی تۆمارکراوە کە لە لوبنان دەژی. تەنانەت ئەگەر بتوانین بڕیاریشیان لەسەر بدەین، دوای دوو یان سێ ساڵ لە گرتووخانە دەردەچن".

> خێزانە مافیاییەکەی ئەلزەین 15 هەزار ئەندامی هەیە




مەحمود ئەلزەین، سەرۆکی خێزانی ئەلزەین لەکاتی بەشداریکردن لەپرسەی نیزال ڕەبیعدا

# کام جۆری ڕۆنی خواردن بەکاربهێنین؟

ئاراس برادۆستی
ڕووداو- هەولێر

هەر ماڵێک کە خواردنی تێدا دروستبکرێت، بە دڵنیاییەوە ڕۆن و زەیتیشی تێدایە، ڕۆن بەشێکە لە خواردنی سەرەکی ڕۆژانەی هەمووان، بۆیە گرنگە کواڵیتییەکەی باش بێت، ئەگەرنا دەیان نەخۆشی بەدواوەیە.

بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە چوومە نێو بازاڕی سلێمانی. لەوێ قەرەباڵخییەکی زۆر هەیە، خەڵک لە ئێوارااندا بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ڕۆژ، ڕوو لە بازاڕی شارەکە دەکەن.

منیش لەوێ کۆمەڵێک کارتۆنم لەسەر یەک ڕیزکردن، تاوەکو نیوەی باڵام هێنان، ئینجا ڕۆنێکی توند و سێ زەیتم خستنە سەر کارتۆنەکان، سێ زەیتەکان هی زەیتوون، گەنمەشامی و گوڵەبەڕۆژە بوون، لە خەڵکم دەپرسی کامیان بەکاردەهێنی؟

لە هەموو ئەوانەی قسەیان بۆ کردم بینیم کە ئاشنایەتییەکی باشیان لەگەڵ زەیتی گوڵەبەڕۆژە هەیە، چونکە نرخەکەی گونجاوە و ئاسان دەستدەکەوێت. ئەوان هەموویان دەزانن کە جۆری دیکە هەن لە زەیتی گوڵەبەڕۆژە باشترن، بەڵام نرخەکەیان گرانترە و دەستکەوتنیان ئاسان نییە.

ئێوارە وردە وردە خەریکی بارکردنە، لە نزیکی دووکانی زەیتی گوڵەبەڕۆژەوە، گوڵەبەڕۆژە دەفرۆشرێت.

ڕازق کە هەشت ساڵە گوڵەبەڕۆژە دەفرۆشێ، دەڵێت: "کیلۆی گوڵەبەڕۆژە بە سێ هەزار دینارە، لیترێکی زەیتی گوڵەبەڕۆژەش بە هەزار دینارە، کەواتە ئەم زەیتە هی گوڵەبەڕۆژەکە نییە"، ڕازق ئەمەی دەگوت و کڕیارەکانی بەڕێدەکرد، ئەو پێیوایە هەرزانیی نرخی زەیتەکان بەهۆی نزمیی کواڵیتییانەوەیە.

ڕای هاووڵاتیانم لەسەر بەکارهێنانی ڕۆن و جۆرەکانی زەیت زانی، ئینجا ویستم بەدواداچوون بۆ هەمان پرس لە چێشتخانەی یەکێک لە بەناوبانگترین هۆتێلەکانی کوردستان بکەم، چوومە هۆتێل تایتانیک لە سلێمانی. لە کەشێکی شەوانەی نموونەییدا، فێنک و هێمن، خۆراکەکان ئامادەن و ڕیزکراون، لەلایەک پیتزا ئامادە دەکرێت، لەلایەکی

## پسپۆڕێکی خۆراک

**هەر ڕۆنێک دووبارە بەکاربهێنرێتەوە دەبێتە ژەهر**



دیکە ماسی ئامادەکراوە و چاوەڕێی میوانێکە بیخوات.

میوانەکان پەیتا پەیتا دەهاتنە باخچەکە و لە خۆراکە دڵخوازەکانیان هەڵدەبژارد، تەمەنەکان جیاوازن و ئامانجی هەمووان یەکێکە، خواردنی خۆراکی بەتام و چێژ و بەسەربردنی کاتێکی خۆش، ئەوان بیریان لای تامی خۆراکەکان بوو، منیش بیرم لای ئەو ڕۆن یان زەیتە بوو کە بەکاردەهێنرێت.

"ئەو ڕۆنەی ئێمە بەکاریدەهێنین هۆڵەندییە و تەنەکەی بە 300 هەزار دینار دەکڕین"، ئەمە گوتەی شێف سەڵاحە، سەرپەرشتیاری چێشتخانەی هۆتێل تایتانیک.

بەڵام بڕیار عەبدوڵڵا، پسپۆڕ لە ڕۆن دەڵێت لەوە گرنگتر ئەوەیە بزانین ڕۆنەکە هایدرۆجینەیزی بۆ کراوە یاخود نا، ئەو ناویشی دەنێت "ترانسفات"، بە هۆکاری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی لوولەخوێنەکانی دڵی دەزانێت.

بڕیار دەڵێ لەوە ترسناکتر بەکارهێنانەوەی دووبارەی ڕۆنە: "ئەمە وەکوو ئەوە وایە ژەهر بخۆیت". بڕیار دەڵێت بەشێکی چێشتخانەکان ڕۆن دوو جار و زیاتر بەکاردەهێننەوە.

چۆن دەتوانین بڵێین جۆرێکیان لە جۆرێکی دیکە باشترە، پێوەرەکان چین و هاووڵاتیان چۆن لەیەکیان جیابکەنەوە؟ ئەم پرسیارەم لە بڕیار کرد، بەڵام ئەو دەڵێ هەر یەکێکیان لایەنی ئیجابی و سلبی خۆی هەیە، بەڵام گرنگە هەمووان کواڵیتییان بەرز بێت.

د.ئیسرا کەمال شامحەممەد، پسپۆڕی خۆراکە، دەبێت ئەو لە دیوە پزیشکییەکەوە پێمان بڵێت چی لەسەر ڕۆن و زەیت بزانین، ئەو لە کلینیکەکەی خۆی لە بەرزاییەکانی سلێمانی دانیشتووە و ڕۆن و جۆرە بەربڵاوەکانی زەیتی لەسەر مێزەکەی داناون.

"هەر مرۆڤێک ڕۆژانە بەشێکی گرنگ لە پێداویستیی چەوری لە ڕۆنە نادیارەکانەوە دەستدەکەوێت"، د.ئیسرا داوا دەکات بەکارهێنانی ڕۆن سنووردار بکەین.

لە نزیکی پسپۆڕەکەی خۆراکدا خانمان وەرزش دەکەن، وەرزش هاوکارییەکی باشیان دەکات لە تواندنەوەی ئەو چەورییەی کە ڕۆن و زەیت لەنێو جەستەماندا کەڵەکەی دەکەن.

لە دیوێکی دیکەدا پیاوانیش بۆ ڕزگاربوون لە سترێسی زۆر و کاریگەرییەکانی خۆراکی نادروست، لە وەرزش بەردەوامن، لەگەڵ وەرزشدا وەرگرتنی زانیاری لەسەر خۆراکی دروست پێویستییەکی گرنگە.

د.ئیسرا دەڵێت ترانسفات یەکجار ترسناکە

## تاقیگەی خۆراکی تەندروستیی هەولێر

**ئەو ڕۆنانەی زۆر بەکاردەهێنرێن، بەپێی ستانداردی عێراقی شیاون بۆ خواردن**

"دەبێت لەیبڵی سەر ڕۆنەکان بخوێنینەوە، ئەگەر ترانسفات بێت نابێت بیکڕین".

بەپێی پۆلێنی د.ئیسرا بێت، ڕۆنەکان بۆ تێر و ناتێر دابەشدەبن، تێرەکان ڕۆنی ئاژەڵین و ناتێرەکانیش دوو جۆری مۆنۆ و پۆلییان هەیە، ڕۆنی پۆلیی ناتێر زەیتی زەیتوون و چەرەس دەگرێتەوە.

پسپۆڕەکەی خۆراک پێیوایە خاڵێکی دیکەی گرنگ ڕەگەزە خۆراکییەکانە لەنێو ڕۆندا، ئەمەش بۆ پاراستنی هاوسەنگیی بەها خۆراکییەکان، ئۆمێگا 3 و ئۆمێگا 6 لە زەیتی زەیتووندا هەن، لە زەیتی چەرەسەکانیش هەن بە گوڵەبەڕۆژەشەوە.

د.ئیسرا دەڵێت خەڵکی ئێمە ئاشنایەتییان لەگەڵ زەیتی گوێزی هیندی نییە "بەڵام توێژینەوە نوێیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە چەندین سوودی گرنگی هەن".

د.ئیسرا ڕۆنی زەیتوون بە "زۆر باش" وەسف دەکات، بەڵام دەڵێت بە کاڵی باشترە سوودی لێوەربگیرێت، "گەرمکردنی و دووبارە بەکارهێنانەوەی ترسناکە، چونکە شێرپەنجە دروستدەکات".

د.ئیسرا دەڵێت ئەگەر ڕۆنی زەیتوون بکرێتە زەڵاتەوە هەم تامەکەی خۆش دەکات هەمیش سوودەکانی چەند هێندە دەکات، چونکە بەپێی قسەی ئەو، زەیتی زەیتوون هاوکاریی مژینی دژەئۆکسێنەکان دەکات، ئەمەش بۆ دڵ باشە.

هاوکات هاوکاریی مژینی ڤیتامینەکانی A، K، E، D دەکات، بۆیە ئەو کەسانەی کە یەکێک لەو ڤیتامینانەیان کەمە پێویستە زەڵاتە بخۆن، بەڵام زەیتی زەیتوونیشی بەسەردا بکەن.

هاتمەوە پایتەختی هەرێمی کوردستان، ویستم جۆرە جیاوازە بەربڵاوەکانی ڕۆن و زەیت ببەمە تاقیگەی تەندروستیی گشتی و شیکاری زانستییان بۆ بکەم. سەرۆکی بەشی شیکارییەکانی خۆراک، ڕۆنەکانی لێوەرگرتم و لە تەنیشت ئامێرێکی بچووک دایانان.

" ئێمە چەند جۆرێک تێستیان بۆ دەکەین، دەبێت ئەنجامەکان بەپێی ستانداردی عێراقی بن"، ئەمە گوتەی ڕێکار ئەسوەد، سەرۆکی بەشی شیکارییەکانی خۆراکە لە تاقیگەی تەندروستی گشتیی هەولێر.

پرۆسێسەکە دەستپێکرد، جیاکردنەوەی دەستیی ڕۆن و زەیتەکان قۆناغی یەکەمی پرۆسەکەیە، پاشان ئەو تاکە ئامێرە تایبەتەی کە شیکارییەکەی پێدەکرێت دەکەوێتە کار، کۆمەڵێک ژمارە و پێوانە هەن کە ناونراون ستانداردی عێراقی، ئەنجامی شیکارییەکە بەراورد دەکرێت لەگەڵ ستانداردی عێراقی.

کارمەندەکانی ئەم بەشە هەر یەکێکیان بە لایەنی کەمەوە 10 ساڵ دەبێت لەم بوارەدا کار دەکەن.

شیکارییەکە نزیکەی دوو کاژێری خایاند، کاتی ئەنجامەکە هات و ڕێکار ئەسوەد بە چەند چرکەیەک ئەنجامەکەی بۆ خوێندمەوە: "ئەنجامەکان دەریدەخەن پێوانەکانی ڕۆنەکان بەپێی ستانداردی عێراقین، بۆیە شیاون بۆ بەکارهێنان".

لەڕاستیدا ئەم وەڵامە بەری دڵمی نەگرت و نەیتوانی قەناعەتم پێبکات، پێویستە بەکارهێنانی ڕۆن و زەیت بە گشتی کەمبکەینەوە، ئەگەر ناچاری بەکارهێنانیشیان بووین دەبێت خەیاڵمان لای کواڵیتی بێت، ئەمەش لەپێناوی پاراستنی تەندروستی و دوورکەوتنەوە لە نەخۆشییە سەردەمییە جۆراوجۆرەکان.

# سووتانەوەی سورێنچک "ترشەڵۆک"



ڕووداو- ئاژانسەکان

سووتانەوەی سورێنچک زۆر کەس هەراسان دەکات، بێگومان زانستی پزیشکیش کاتێک نەخۆشییەک یان حاڵەتێک چارەسەر دەکات، سەرەتا لە هۆکارەکەی دەکۆڵێتەوە، بە چارەسەرکردنی هۆکارەکەش چارەسەرەکەی ئاسان دەبێت.

هۆکارەکانی سووتانەوەی سورێنچک ئەمانەن:

## هۆکارە خۆراکییەکان

- خۆراکی نادروست: خۆراک بە سورێنچکدا تێدەپەڕێت، ئەگەر ناتەندروست بێت لە گەدەدا هەرسی ئاسان نابێت، بۆیە هەر دواکەوتنێکی خۆراکەکە ڕەنگە گەڕانەوەی بۆ سورێنچک ئاسان بکات، ئەمە جگە لە کاریگەرییە گشتییەکانی خۆراکی نادروست.
- خواردنەوە کحولییەکان: خواردنەوە کحولییەکان بەهۆکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەردەکێشن بۆ کێشەکانی سورێنچک بەگشتی و سووتانەوەی بەتایبەتی.
- خواردنەوە گازییەکان: جگە لەو کێشە تەندروستییانەی بەهۆی گاز و شیرینییەکی زۆر تێیاندا دروستی دەکەن، هۆکاریشن بۆ ترشەڵۆک.
- خواردن پێش خەوتن: نووستن بە گەدەی پڕەوە یەکێک لە هۆکارە دیارەکانی سووتانەوەی سورێنچکە.

## هۆکارە ستایلییەکان



- قەڵەوی: قەڵەوەکان گوشارێکی زیاتری هەناویان لەسەر گەدەیانە، گوشارە بەردەوامەکە لە درێژخایەندا هۆکارە بۆ سووتانەوەی سورێنچک.
- جگەرەکێشان: جگەرەکێشان لە ماوەی کورتخایەندا سووتانەوەی سورێنچک دروستدەکات، لە دوورخایەنیشدا دوور نییە شێرپەنجەی سورێنچکی لێبکەوێتەوە.
- پشتێنی توند: ئەوانەی بۆ ئەوەی کەمەریان باریک پیشاندەن پشتێنی توند بەکاردەهێنن، یان بە هۆکاری پزیشکی هەمان شت دەکەن، گوشارێکی زۆری سەربەرەوژوور دەخەنە سەر گەدەیان، ئەمەش سووتانەوەی سورێنچک ئاسان دەکات.
- پاڵکەوتنی زۆر: بەتایبەت لە قەڵەوەکاندا، یان ڕاستەوخۆ دوای خواردن، هۆکارێکی دیاری سووتانەوەی سورێنچکە.

## هۆکارە پزیشکییەکان



- دووگیانی: بە هەمان مێکانیزمی قەڵەوی سووتانەوەی سورێنچک دروستدەکات.
- دەرچوونی دەرچەی گەدە بۆ نێو سورێنچک: ئەمە حاڵەتێکی پزیشکی بەناوبانگە، یەکێک لە دەرهاویشتەکانی سووتانەوەی سورێنچکە.
- برینی سورێنچک: حاڵەتێکی جددی و تاقەتپڕوکێنە، ئازار و سووتانەوە دروست دەکات.
- بەکتریای تایبەت: هۆکارێکی سەرەکی پزیشکین، بە بوون و کاریگەرییان سووتانەوەی سورێنچک مسۆگەردەکەن.
- هەندێک جۆری دەرمان: کاریگەرییە لاوەکییەکانی هەندێک دەرمان هەمان کێشە دروستدەکەن، پێویستە پزیشک یان دەرمانسازەکە نەخۆشی لێ ئاگاداربکاتەوە.

بۆیە کە دەچیتە لای پزیشک، ئەو بەدوای هۆکارێک لەو هۆکارانەدا دەگەڕێت و بە دەستنیشانکردنی هۆکارەکە، چارەسەر ئاسان دەبێت.



# فێستیڤاڵێک بۆ 100 ڕزگاربووی شێرپەنجە ڕێکدەخرێ

ڕووداو- دهۆک

ڕێکخراوی ئاڤی بۆ هۆشیاری و پەرەپێدانی تەندروستی لە ڕۆژانی 15 و 16ی مانگی نۆڤەمبەر یەکەمین فێستیڤاڵ و کۆنفرانس بۆ ڕزگاربووانی شێرپەنجە ڕێکدەخەن کە 100 کەسن و لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانەوە کۆکراونەتەوە.

د.مەتین دهۆکی، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاڤی بۆ هۆشیاری و پەرەپێدانی تەندروستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "چالاکییەکانی ئیڤێنتەکە بە سپۆنسەریی سندووقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بەڕێوەدەچن، ئامانج ئەوەیە کێشەکانی چارەسەرکردنی تووشبووانی شێرپەنجە گەنگەشە بکرێن، هەروەها ئەو پەیامە بە هەمووان بگەیەنین کە شێرپەنجە بلیتی مەرگ نییە".

د. مەتین دەڵێت ژمارەی ڕزگاربووانی شێرپەنجە زۆر لەوە زیاترە کە لەم بۆنەیەدا بەشداری دەکەن، بەڵام دەیانەوێت بەم ئیڤێنتە پەیامی سەرکەوتن بەسەر شێرپەنجە ڕابگەیەنن، پاشان لە داهاتوودا پرۆژەی گەورەتریان لەبەردەستە.

سەرۆکی ڕێکخراوی ئاڤی بۆ هۆشیاری و پەرەپێدانی تەندروستی دەشڵێت پرۆسەی چارەسەری تووشبووانی شێرپەنجە لە نێوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا لەژێر سەرپەرشتی سندووقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بەڕێوەدەچێت، بۆیە هەر ئەوانیش سپۆنسەریی ئەو فێستیڤاڵە دەکەن.

د.مەتین ئاشکرای کرد کە لە ماوەی ڕابردوودا زیاتر لە سێ هەزار تووشبووی شێرپەنجە بۆ چارەسەر لەسەر خەرجیی سندووقی کۆمەک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کراون، ئەوە جگە لە ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی لەنێوخۆدا چارەسەر دەکرێن.

پشکنینی گشتی و دەستنیشانکردنی پێشوەختە ڕێگەیەکی گرنگی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکەیە. د.مەتین گوتی کە ئەمە پەیامێکی دیکەی فێستیڤاڵەکەیانە، ئەمە جگە لە کردنەوەی پێشانگەی کاری دەستیی منداڵانی تووشبووی شێرپەنجە و پانێڵی تایبەت بە هەموو لایەنەکانی چارەسەری شێرپەنجە بە بەشداری پسپۆڕانی نێوخۆ و نێودەوڵەتی.

### چین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانە

# ئەمریکا لە ڕێککەوتنێکی چەکی ئەتۆمی لـ

ڕووداو – هەولێر

بەرپرسانی کۆشکی سپی وا ڕادەگەیێنن کە وڵاتەکەیان بەنیازە لە پەیماننامەی کۆنترۆڵی چەکی ئەتۆمی لەگەڵ ڕووسیا بکشێتەوە. بڕیارەکەی ئیدارەی ئەمریکا ئەوەندەی پەیوەندی بە پێشکەوتنی سیستەمی چەکە ئەتۆمییەکانی چینەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە پێشێلکارییەکانی ڕووسیاوە نییە. شارەزایان پێیانوایە کشانەوەی ئەمریکا لە پەیماننامەکە جارێکی دیکە جیهان دەخاتەوە ناو کەشی جەنگی ساردەوە، بەو جیاوازییەی لە جەنگە ساردەکەی ئەمجارەدا چین جەمسەرێکی نوێیە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سایبەر دەشێ جەنگەکە قووڵ بکاتەوە.

> "پەیماننامەی (I.N.F) دەستی ئەمریکای بەستووە لەوەی بتوانێ ململانێی تەکنەلۆژیای مووشەکی لەگەڵ چین بکات"

## ● پەیماننامەکە چییە؟

پەیماننامەی هێزی ئەتۆمیی مامناوەند ناسراو بە (I.N.F) بەرهەمی ململانێ و جەنگی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی جارانە کە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت سەرکردایەتییان دەکرد. کاتێک لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو سیستەمی مووشەکیی (SS 200)ی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا جێگیر کرد کە توانای هەڵگرتنی سێ کڵاوەی ئەتۆمی هەبوو، ئەمریکا لە بەرامبەردا سیستەمی مووشەکیی (Pershing II)ی لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا جێگیر کرد.

ساڵی 1987 لە واشنتن، ڕۆناڵد ڕەیگان، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا و میخایل گۆرباچۆف، سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت پەیماننامەیەکیان واژۆ کرد کە تێیدا بەکارهێنانی هەموو چەکێکی مەودای مامناوەند (لە 500 کیلۆمەترەوە بۆ 5500 کیلۆمەتر) قەدەغە کرا، هەردوو وڵات دەبوو ئەو جۆرە چەکانە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەوروپا بکشێننەوە. ئەوکات ئەورووپییەکان دەیانزانی کە کیشوەرەکەیان دەکرێ ببێتە مەیدانی ململانێی چەکی ئەتۆمیی ئەمریکا و سۆڤیەت.

دوو تایبەتمەندی لە پەیماننامەکەدا هەن کە هاندەرن بۆ ئەوەی ئەمریکا لێی بکشێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە چین لەو پەیماننامەیەدا لایەن نییە، هەر بۆیەش بە دەستێکی کراوەوە دەتوانێ پەرە بە سیستەمی مووشەکیی ئەتۆمی بدات. تایبەتمەندیی دووەمیشیان ئەوەیە پەیماننامەکە تەنیا ئەو چەکانە دەگرێتەوە کە بنکەی هاویشتنیان لەسەر وشکانییە و ئەو چەکە ئەتۆمییانە ناگرێتەوە کە لەسەر کەشتی یان لە فڕۆکەدا جێگیرکراون.

## ● کێشەی ترەمپ چینە نەک ڕووسیا

هەفتەی ڕابردوو، جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی سەرۆکی ئەمریکا، لە ڕووسیا لەگەڵ بەرپرسانی باڵای مۆسکۆ کۆبووەوە، لە کۆنفرانسێکی میدیاییشدا ڕایگەیاند: ئەمریکا پێیوایە ڕووسیا پەیماننامەکە پێشێل دەکات".

بەڵام ئەوە جاری یەکەم نییە ڕووسیا بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکە دەزانێ. ئیدارەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکاش لە ساڵی 2014 ڕووسیای بەوە تۆمەتبار کرد کە چەک و سیستەمی مووشەکیی قەدەغەکراو ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا دەکات و ئەوەش دەکرێ هەڕەشەی ئەمنیی گەورە لەسەر ئەوروپا دروست بکات.

بۆڵتن پێیوایە پەیماننامەی (I.N.F) ماوەکەی بەسەر چووە "چونکە واقیعێکی ستراتیژیی نوێ هاتووەتە ئاراوە. ئەم پەیماننامەیە پەیوەندی بە سیستەمی مووشەکیی دوو جەمسەرەوە هەبوو، لە کاتێکدا ئێمە لە جیهانێکداین کە چەندین جەمسەر خاوەنی مووشەکی بالستیکن، لەوانەش چین، کۆریای باکوور و ئێران".

هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ کشانەوە لە پەیماننامەکە (کە هێشتا یەکلا نەبووەتەوە)، ڕەهەندێکی جیۆپۆلیتیکیشی هەیە. چین کە بەشێک لە پەیماننامەکە نییە، لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا ژمارەیەک سیستەمی مووشەکی دروستکردووە کە هەڕەشە لەسەر جموجۆڵی بازرگانی لە دەریای چین دروست دەکات. ئەو بنکە مووشەکییانە بازنەی نفووزی چین لە زەریای هێمنیشیان فراوان کردووە. پەیماننامەی (I.N.F) دەستی ئەمریکای بەستووە لەوەی بتوانێ لەو ناوچەیە ململانێی تەکنەلۆژیای مووشەکی لەگەڵ چیندا بکات.

ئێلبریج کۆڵبی، بەڕێوەبەری پرۆگرامی بەرگری لە ناوەندی ئاسایشی نوێی ئەمریکا، لەمبارەوە بە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی گوت: "دامەزراوە سەربازییەکانی چین لەو ناوچەیە لە ئاستێکی ئەوەندە گەورە و پێشکەوتوودان کە پێویستە هەموو گوللەکانمان بەکار بهێنین، بۆ ئەوەی بەرەنگاریان ببینەوە".

جۆن بۆڵتن کە پاڵپشتی سەرەکیی ئەو هەنگاوەیە، لە ساڵی 2011ەوە داوا لە ئیدارەکانی ئەمریکا دەکات لەو پەیماننامەیە دەربچن، هۆکاری ئەوەشی بۆ پێشکەوتنی سەربازی و مووشەکیی چین دەگەڕاندەوە. ئەو کات بۆڵتن جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەمریکا دوو ڕێگەی لەبەردەمە: یەکەمیان ئەوەیە ژمارەی ئەندامانی پەیماننامەکە زیاد بکرێ و هەموو ئەو وڵاتانە لەخۆبگرێ کە خاوەن پیشەسازیی سیستەمی مووشەکین، دووەمیشیان بە تەواوەتی لە پەیماننامەکە دەربچێ و هەوڵی پەرەپێدانی سیستەمی هێرشبەر و بەرگریی مووشەکی خۆی بدات.

## ● ئەوروپا نیگەرانە

ئەورووپییەکان پەیماننامەکەی 1987 بە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی کۆنترۆڵی چەکی ئەتۆمی و پاراستنی ئاسایشی ئەوروپا دەزانن، بۆیەش نیگەرانن لەوەی هەڵوەشانەوەی پەیماننامەکە ململانێیەکی نوێی چەکی ئەتۆمی بهێنێتە ئاراوە و جارێکی دیکە ئەوروپا ببێتەوە بنکەی چەکە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا. لە



هەفتەی داهاتوو ئەمریکا گەمارۆ دەخاتە سەر شادەماری ئابووریی ئێران

### پلانی هەیە هاوکاریی دارایی پێشکەش بە 20 ملیۆن کەمدەرامەتی وڵاتەکەی بکات

# ئێران خۆی بۆ سزاکانی ئەمریکا ئامادە دەکات

ڕووداو – هەولێر

هەفتەی داهاتوو گەڕی دووەمی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران دەکەوێتە کار کە ئەمجارەیان شادەماری ئابووریی ئێران، واتە کەرتی نەوت، دەکاتە ئامانج، بەڵام ئێران لە ئێستاوە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی گرتووەتەبەر کە بۆ سووککردنی باری سزاکان لەسەر چینی هەژاری وڵات پەیڕەویان دەکات. بەشێک لەو هەڵمەتە پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی نزیکەی 31 ملیۆن کەسەوە هەیە کە بە ڕێژەی جیاواز بە چینی هەژاری کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدرێن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، حکومەتی ئێران پلانێکی داناوە کە لە بەشێکیدا هاریکاریی دارایی پێشکەش بە 20 ملیۆن دانیشتووی کەمدەرامەتی وڵاتەکە (واتە 25%ی دانیشتووان) دەکات. لە بەشێکی دیکەی پلانەکەشدا هەنگاوی تایبەت بۆ هاوکاریی 11 ملیۆن دانیشتووی دیکەی ئێران دەهاوێژرێ کە بە هەژارترین توێژی کۆمەڵگا دادەنرێن.

ئەمریکا لە مانگی ئایاری ئەمساڵەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1 کشاوەتەوە، بەشێک لە سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە مانگی ئابەوە دەستیان پێکردووە کە ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی، پیشەسازی ئۆتۆمبێل و کانزاکانیان دەگرتەوە.

بڕیارە لە ڕۆژی پێنجی تشرینی دووەمی ئەمساڵ گەڕی دووەمی سزاکان دەست بە جێبەجێکردنیان بکرێن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئابووریی ئێران تەنانەت پێش دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە و گەڕانەوەی سزاکانی مانگی ئاب بە دەست دابەزینی بەهای دراو و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانەوە دەیناڵاند و نرخی کەلوپەل لە چەند مانگی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە.

سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی (IMF) لە ڕاپۆرتێکی مانگی تشرینی یەکەمدا پێشبینی دەکات ئابووریی ئێران بە ڕێژەی 3.6٪ لە چاو ساڵی پێشتر دابەزێ. لە ڕاپۆرتی مانگی نیسانی هەمان ڕێکخراودا پێشبینی کرابوو ئابووریی ئێران لە 2019 بە ڕێژەی 4٪ گەشە بکات. بەگوێرەی ڕاپۆرتی (IMF) هەڵاوسانی ئابووریی ئێران لە ساڵی 2018 نزیک 30٪ە. نرخی دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر ڕیاڵی ئێرانی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو مانگی تشرینی یەکەم سێ بەرامبەر بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 138 هەزار ڕیاڵی ئێرانی.

هەوڵەکانی حکومەتی تاران بۆ یارمەتیدانی توێژی کەمدەرامەت و هەژاری ئێران دوای ئەوە دێت کە لە دوایین مانگی ساڵی ڕابردووەوە ژمارەیەک خۆپیشاندان لە تاران و ناوچە جیاجیاکانی ئێران سەریانهەڵداوە کە هەرچەندە بە زەبری بەکارهێنانی هێز بێدەنگکراون، بەڵام هۆکارەکانی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە.

سزاکانی ئەمریکا و خۆپیشاندانەکان کابینەی حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێرانیشیان لەرزاند. لە مانگی ئابی ئەمساڵ پەرلەمان لێپرسینەوەیان لە وەزیرانی ئابووری و کاری ئێران کرد، بە گوتەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی ئێران ئەو دوو وەزارەتە نەیانتوانیوە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کاریگەرییەکانی سزا ئەتۆمییەکاندا بکەن. ڕوحانی خۆیشی لە مانگی تەمووزی ئەمساڵ سەرۆکی بانکی ناوەندیی ئێرانی لەسەر کار لادا.

ڕۆژی یەکشەممەی هەفتەی ڕابردوو، سەرۆککۆماری ئێران فەرهاد دێژپەسەندی وەکو وەزیری نوێی ئابووری و دارایی ئێران ناساند، لەگەڵ ئەویشدا سێ وەزیری نوێی بۆ وەزارەتەکانی کار، پیشەسازی و ڕێگاوبان داناوە. دێژپەسەند مامۆستای ئابووری و سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی پەرەپێدانی ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێرانە. شارەزایان پێیانوایە ڕووخسارە نوێیەکان گەنجتر و تێکنۆکراتترن. شرۆڤەکارێکی نزیک لە ڕیفۆرمخوازەکان بە ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی ڕاگەیاندووە :"ئەمە بەو مانایە نییە کە حکومەت خەریکە تەواو بۆ سزاکان ئامادە دەبێ، بەڵام دەکرێ بڵێین بەرەو سەقامگیری زیاتر هەنگاو دەنێ، چونکە ئەو بەرپرسە نوێیانە باشتر گوێ بۆ سەرۆککۆمار دەگرن".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (جورناڵ)ی ئەمریکی، پلانی حکومەتی ئێران بۆ هاریکاریکردنی کەمدەرامات و هەژاران فراوانکردنەوەی تۆڕی پشتیوانییە داراییەکانی حکومەت لە خۆدەگرێ، حکومەت ڕایگەیاندووە دەیەوێ یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە داهاتی مانگانەیان لە خوار 3 ملیۆن تومەنە. پشتیوانییە داراییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر پێداویستییە خۆراکییەکانی وەکو برنج، نان و گۆشت دەبن.

ئێران مێژوویەکی دوورودرێژی سیستەمی پشتیوانی دارایی هاووڵاتیانی هەیە، نموونەی ئەمەش بۆ سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق دەگەڕێتەوە، کاتێک بەهۆی شەڕ و ئابلۆقەکانەوە هاوردەی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی. حکومەتەکەی مەحموود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆککۆماری پێشووی ئێران، بەشێکی زۆر لەو پشتیوانە داراییانەی هەڵگرت و لە بری ئەوە پارەیەکی مانگانەی بۆ هەر هاووڵاتییەکی ئێران بڕییەوە، کە بڕەکەی 44.5 هەزار تمەن بوو کە ئێستا تەنیا 3.5 دۆلاری ئەمریکی دەکات.

بەگوێرەی داتا فەرمییەکان، نرخی نان و دانەوێڵەکان لەچاو ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 17٪ لە ناوچە شارییەکان بەرزبوونەتەوە، نرخی هێلکە و شیرەمەنیش بە ڕێژەی 28٪ لە چاو ساڵی 2017 هەڵکشاوە. میوە و سەوزەوات زیاترین بەرزبوونەوەی نرخیان لەناوچە شارییەکان بەخۆوە بینیوە و بە ڕێژەی 85٪ گرانتر بوونە. پشتیوانیی دارایی بارگرانییەکی زۆر لەسەر سندوقەکانی حکومەت دروستدەکەن، دیاریش نییە حکومەت دەتوانێ لەو دۆخە ئابوورییەی ئێستا ئەو میکانیزمە وەکو پشتیوانێک بۆ خەڵکی هەژاری ئێران بەکاربهێنێ یان نا.

مانگی ئاب، حکومەتی ئێران دادگایەکی تایبەتی بۆ تاوانە ئابوورییەکان پێکهێنا، دادگاکە لەسەر داوای ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە داراییەکان دامەزراوە. مانگی ڕابردووش ئەو دادگایە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ سێ کەس دەرکرد. خەڵکی سەر شەقام گومانیان هەیە هەوڵەکانی ئەمدواییەی حکومەت بتوانێ گوشارە ئابوورییەکانی سەر خەڵک کەمبکاتەوە. هاووڵاتییەک لە بازاڕی دراوی تاران بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ "بڕوا ناکەم ئەم ڕێوشوێنانە لە درێژخایەندا ئاکامێکی ئەوتۆیان لێبکەوێتەوە".



# عێراق و یەمەن: گۆڕەپانی نوێی ململانێی ئێران-ئیسرائیل



ڕووداو – هەولێر

یەمەن و عێراق بە پێچەوانەی سووریاوە هیچ مەترسییەکی هەنووکەیی لەسەر ئاسایشی ئیسرائیل دروستناکەن، بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی (ستراتفۆر)، نزیکبوونەوەی ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو و هەنگاوە درێژخایەنەکانی ئێران لە عێراق لە بواری مووشەکی بالستیکی، دەکرێ ململانێکانی تاران و تەلەڤیف بۆ یەمەن و عێراق درێژ بکاتەوە، هەرچەندە ململانێکان لە هەرکام لەو دوو وڵاتە ئاکامی جیاوازیان بۆ ئیسرائیل و ئێرانیش لێدەکەوێتەوە.

لە چوار دەیەی ڕابردوودا، ململانێی ئیسرائیل و ئێران لە ناوچەی ناسراو بە شام چڕبووەتەوە کە سووریا، لوبنان و فەلەستین لەخۆدەگرێ، بەڵام فراوانبوونی بازنەی نفووزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاڵۆزیی بێوێنەی پەیوەندیی زلهێزەکانی کەنداو لەگەڵ ئێران دەرفەتێکی نوێی بۆ ئیسرائیل هێناوەتە ئاراوە، تاوەکو شەڕ و ململانێکان بۆ ناوچەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگوازێتەوە.

## ■ لێدان لە عێراق ئاسان نابێ

لە کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵ، ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی لەسەر زاری بەرپرسانی عێراقی و ئێرانی ئاشکرای کرد تاران مووشەکی بالستیکی بە میلیشیا شیعەکانی عێراق داوە کە دواتر بەرپرسانی باڵای ئەمنی و سەربازی عێراق و ئێران ڕەتیانکردەوە. بەڵام هەر ئەم هەواڵە زەنگی مەترسییەک بوو بۆ ئیسرائیلییەکان کە دەشێ ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی لەناوچەیەکی دوور لە سنوورەکانی خۆشیانەوە بکەوێتە مەترسییەوە.

ڕاپۆرتەکەی ناوەندی (ستراتفۆر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەرچەند ئیسرائیل مێژوویەکی دوورودرێژی لێدان لە دوژمنە دوورەدەستەکانی هەیە "بەڵام هەر هەنگاوێکی سەربازیی ئیسرائیل لەدژی عێراق پەیوەندییەکانی ئەمریکا و حکومەتی عێراق تووشی تاقیکردنەوەی گەورە دەکات و دواجاریش لە بەرژەوەندی تاران تەواو دەبێت، چونکە حکومەتی ئێران لە دۆخی ئاوادا بە ئاسانی دەتوانێ هەستی دژەئەمریکی و دژەئیسرائیلی لە عێراق بەکاربهێنێ".

ئێستا ئێران ژمارەیەکی زۆر مووشەکی لە لوبنان و سووریا هەیە کە ئامانجی ڕاستەقینەیان دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و لادانی دەوڵەتی جوو نییە، بەڵکو کۆنتڕۆڵکردنی هەنگاو و سیاسەتەکانی داهاتووی ئەمریکا و ئیسرائیل لەهەمبەر ئێرانە، واتە ئەمریکا و ئیسرائیل پێش ئەوەی پلان بۆ لێدان لە ئێران و بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابڕێژن، دەبێ بیر لە مەترسیی ئەو سیستەمە مووشەکییانە لەسەر تەلەڤیف و ئورشەلیم بکەنەوە.

ئیسرائیل لە دوو ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر بنکەی مووشەکی ئێران لە سووریای کردووەتەوە ئامانج، ناوەندی (ستراتفۆر) پێیوایە ئیسرائیل دەشێ هەمان سیاسەت لە عێراقیش بگرێتەبەر، بەڵام پێش ئەوەی دەست بۆ ئەم بژارەیە بەرن ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەستی دیپلۆماتیک، سیاسی و سەربازی دەبنەوە، چونکە لە بارودۆخێکی ئاوهادا ئەگەر ئەمریکا نەتوانێ کاردانەوەی مانادار هەبێ، ئەوە سیاسەتکارانی عێراق گومان لەسەر ڕۆڵی ئەمریکا وەکو زامنکاری سەروەریی خاکی عێراق دروستدەکەن.

حکومەتی عێراق لە ساڵی 2003ەوە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی لایەن و پێکهاتە سیاسی و قەومییەکان دادەمەزرێ، بۆیەش ناوەندە ئەمریکییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە مووشەکی و سەربازییەکانی ئێران لە عێراق دەتوانێ مەترسی هەڵوەشانەوەی حکومەت و سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی لە عێراقیش دروستبکات کە لە درێژخایەندا دەکرێ بۆ قەیرانی ئەمنیش بگۆڕێ.

ڕووداو
ژمارە ( 527 ) - دووشەممە 2018/10/29




پەیماننامەی هێزی ئەتۆمیی مامناوەند بەرهەمی ململانێکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بوو

# ــەگەڵ رووسیا دەکشێتەوە

چوارچێوەی پەیماننامەکەی واشنتندا، لە سێ ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی پەیماننامەکەدا 2692 چەک و سیستەمی مووشەکی لە ئەورووپا لادران کە 846یان ئەمریکی و 1846یان رووسی بوون.

ژمارەیەک بەرپرسی ئەورووپا و ناتۆ پشتڕاستی دەکەنەوە کە رووسیا پەیماننامەکە پێشێل دەکات. یەنس ستۆڵتنبێرگ، ئەمینداری گشتیی ناتۆ، رۆژی چوارشەممەی رابردوو رەخنەی لە رووسیا گرت کە بەهۆی پێشێلکاریەکانییەوە ئەمریکای هانداوە لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە، جەختی لەوەش کردەوە کە "جارێ دەبێ کاریگەرییەکانی لەسەر هاوپەیمانان ناتۆ و ئاسایشی خۆمان هەڵسەنگێنین". ستۆڵتنبێرگ بە دووری زانی بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی داهاتووی رووسیا، هاوپەیمانان چەکی ئەتۆمی زیاتر لە ئەورووپا دابنێن.

ئەوە جاری یەکەم نییە بڕیارەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرئێشە بۆ ئەورووپییەکان دروست دەکات، بەڵام هەنگاوەکەی ئەمجارەی هۆشدارییەکیشی بۆ ئەورووپییەکان تێدایە: ئەمریکا خەریکە هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی لە پێناو هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ئاسیا دەخاتە مەترسییەوە و نفووزی ئەمریکا لە زەریای ئارام پێش نفووزی ئەمریکا لە ناوچەی ئەتڵەنتیک دەکەوێ.

هەنگاوەکەی ئیدارەی ترەمپ بۆ کشانەوە لە پەیماننامەی (I.N.F) ، ناتۆ ناچار دەکات سیستەمی بەرگریی خۆی لە ئەورووپا بەهێزتر بکات، بەڵام نیگەرانی دانیشتووانی ئەورووپا لە پەرەسەندنی پیشەسازیی ئەتۆمی سەربازیی دەکرێ ئەو هەنگاوانە هێواشتر بکاتەوە، تەنانەت دەکرێ هەندێک لە وڵاتان ناچار بکات خۆیان لەو هەوڵەی هاوپەیمانێتییەکە بدزنەوە، لەوێشەوە دەرگای ناکۆکیی نوێ لە ناتۆدا بکرێتەوە، ئەمەش شتێکە رووسیا زیاتر لە هەموو لایەنێک چاوەڕێیەتی.

هەفتەی پێشوو هایکۆ ماس، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا رایگەیاند: "ئەورووپا هەموو هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئەوەی واشنتن و مۆسکۆ جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر مێزی دیالۆگ". ئەڵمانیا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە زۆرترین نیگەرانی بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکە هەیە. بڕیارە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ، فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا و هاوتا ئەمریکییەکەی لە پەراوێزی یادکردنەوەی سەدەمین ساڵیادی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کۆببنەوە و چەک و سیستەمی مووشەکیی و ئەتۆمی یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە دەبێ.



هەر هەنگاوێکی سەربازیی ئیسرائیل لە دژی عێراق، بە قازانجی ئێران تەواو دەبێ

# شەڕی سارد دەستپێدەکاتەوە؟




رەفعەت سەلیمی


دۆمینۆی کشانەوەی دۆناڵد ترەمپ لە پەیمانە نێودەوڵەتییەکان لەم چەند رۆژەدا بەوێ گەیشتووە کە هەڕەشەی کشانەوە لە پەیمانی قەدەغەکردن و لەناوبردنی مووشەکی ئەتۆمیی مامناوەند (INF) دەکات. ئەم پەیمانە لە 8ی دیسامبەری 1987 لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی رۆناڵد رەیگان و یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بە سەرۆکایەتی میخاییل گۆرباچۆف لە واشنتن واژۆ کراوە و پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، رووسیاش وەک سەرەکیترین میراتگری یەکێتیی سۆڤیەت واژۆی لەسەر کرد و دوای پەسەندکردنی لەلایەن سێناتی ئامریکاوە، لە یەکی حوزەیرانی 1988 ـەوە چووەتە بواری جێبەجێکردن. ئەم پەیمانە هەموو مووشەکە ئەتۆمی و ئاساییە کورتهاوێژ و مامناوەندەکانی لە مەودای 500 تا 5500 کیلۆمەتری بە سەکۆکانی هاوێشتنیانەوە لەناوبرد.

## ◄ گرنگیی پەیمانەکە لەچیدا بوو؟

ئەم پەیمانە هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە واشنتن و مۆسکۆ وەعدیان دا خاوەنداری و بەرهەمهێنان و تاقیکردنەوەی مووشەکی کرووزی زەمین بە زەمین بە توانای بڕینی 500 تا 5500 کیلۆمەتر راگرن. هەر بەهۆی ئەم پەیمانەوە تا ساڵی 1991 لەلایەن هەردوو وڵاتەوە 2692 مووشەک لەناوبران. هەرچەند ئەم پەیمانە مووشەکە دەریاییەکانی لەخۆنەدەگرت، بەڵام زیاتر لە 30 ساڵە وەک کۆڵەکەیەکی گەورەی ئاسایشی جیهان ناوزەد دەکرێت، چونکە کۆتایی بەو قەیرانە هێنا کە بەهۆی جێگیرکردنی مووشەکی SS200ی هەڵگری کڵاوەی ئەتۆمی لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، کە دەیتوانی پایتەختە رۆژئاواییەکان بکاتە ئامانج، هاتبووە ئاراوە. هەر ئەم پەیمانە بووە پلاتفۆرمێک بۆ واژۆکردنی پەیمانی (ستارت یەک). بەپێی ئەم پەیمانە کە ساڵی 2010 لەلایەن ئامریکا و رووسیاوە واژۆ کراوە و تا ساڵی 2021 بەرکارە، هەردوو وڵات بەڵێنیان داوە ژمارەی کڵاوە ئەتۆمییە ستراتیژییەکانیان لە 1550دانە تێپەڕ نەبێت و دوو وڵاتەکە دەتوانن لە 2021 ـ دا کە ماوەی رێککەوتننامەکە بەسەر دەچێت، لەسەر درێژکردنەوەی رێکبکەون. پەیمانی قەدەغەکردن و لەناوبردنی مووشەکی ئەتۆمیی مامناوەند (INF) هێندەی کە بۆ ئاسایشی ئامریکا و رووسیا گرنگە، چەند ئەوەندەش بۆ ئاسایشی جیهان و بەتایبەت بۆ ئاسایشی کیشوەری ئەورووپا گرنگە. هەربۆیە دوو وڵاتی گرنگی ئەورووپا: فەرەنسا و ئاڵمانیا، دوای گوتەکانی ترەمپ سەبارەت بە کشانەوەی لەو پەیمانە، نیگەرانیی توندیان دەربڕی. ئۆڵریک دیمێر گوتەبێژی حکومەتی ئاڵمانیا رایگەیاند کە کشانەوەی ئامریکا لە INF بەرپرسانی ئاڵمانیای بەتەواوی بێهیوا کردووە و گوتیشی، پاشهاتەکانی ئەو بڕیارەی ئامریکا لەنێوان هەموو ئەندامانی ناتۆدا تاوتوێ دەکرێت. لەبیرمان نەچێت کە واژۆکردنی ئەم پەیمانە یەکێکە لە گرنگترین هەنگاوە کردەییەکانی کۆتاییهێنان بە شەڕی سارد. بەکوردی و بەکورتی دەتوانین بڵێین جیهان بەم پەیمانەوە جێگایەکی ئەمنترە.

## ◄ پاساوی ئامریکا بۆ کشانەوە لە رێککەوتنەکە

ئەمریکای ترەمپ دەڵێت رووسیا بەردەوام رێککەوتنەکە پێشێل دەکات و پەرە بە بەرنامەی مووشەکە بالستیکەکانی دەدات. هەروەها رەخنە لە ئیدارەی ئۆباماش دەگرێت کە بۆچی لەمەڕ پێشێلکردنی پەیمانەکە لەلایەن رووسیاوە بێدەنگ بووە و لە رێککەوتنەکە نەکشاوەتەوە. ئەمەش لەحاڵێکدایە کە ئۆباماش ئاماژەی بە پێشێلکردنی ئەم پەیمانە لەلایەن رووسیاوە دابوو، بەڵام رایگەیاندبوو کە لەبەر مەترسیی سەرهەڵدانەوەی کێبڕکێی بەرهەمهێنانی چەک، نایانەوێ لەو پەیمانە بکشێنەوە و دۆخەکە ئاڵۆزتر بکەن. ترەمپ لە قسەکانیدا ئاماژەیەکی بە کۆماری چین و بەتایبەت چالاکییە سەربازییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی مووشەک و چەکی ئەتۆمیش کردووە. ئەو بە ئاماژە بە بودجەی زەبەلاحی سەربازیی وڵاتەکەی، دەڵێت بەو هەموو پارەیەوە بۆ دەبێ ئێمە لە بواری مووشەکیدا لە چین و رووسیا دوابکەوین. دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیردرێت کە ئەمە زیاتر لەوەی پرۆژەی خودی ترەمپ بێت، پرۆژەی کەسانی دەورووبەریەتی، لەوانە جۆن بۆڵتنی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. بۆڵتن چەند ساڵ بەر لە ئێستا چەندین گوتاری لەسەر کەموکورییەکانی ئەم پەیمانە و پێشێلکارییەکانی رووسیا و پێویستیی پێداچوونەوەی نووسیبوو.

## ◄ گرنگترین پاشهاتەکانی کشانەوەی ئەمریکا لە پەیمانەکە

– نزیکترین پاشهاتی هەڵوەشانەوەی پەیمانەکە ئەوەیە کە پێدەچێت رووسیاش لە بەرانبەردا لە پەیمانی (ستارت یەک) بکشێتەوە، یان لانیکەم لە 2021 ـ دا قایل بە درێژکردنەوەی نەبێت کە ئەمە بۆخۆی مەترسییەکی ئێجگار گەورەترە و پێشبڕکێی چەکی ئەتۆمی لە نێوان رووسیا و ئەمریکادا توندتر دەکات.

– قەڵەقی و ڕاڕاییەک لەنێو ئەندامانی ناتۆ و وڵاتە ئەورووپییەکاندا دروست دەکات و ئەم پرسیارەیان لەلا قوت دەکاتەوە کە ئەمریکا چەندە هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو و شیاوی پشتپێبەستنە؟

– هەموو هەوڵەکانی سەلەفەکانی ترەمپ بۆ رێگرتن لە پەرەسەندنی چەکی ئەتۆمی پووچەڵ دەکاتەوە.

## ◄ چی روودەدات؟

دوو سیناریۆ بۆ ئەم جووڵەیەی ترەمپ وێنا دەکرێت: یان ئەوەتا ئامانجی راستەقینەی ئەمریکا پەلکێشکردنی چینە بۆ نێو رێککەوتنەکە و کەواشبێ قسەکانی ترەمپ تەنیا فشەیەکی سیاسییە بۆ ئەوەی کە لەژێر گوشاردا رووسیا ملکەچی پێداچوونەوە بە رێککەوتنەکەدا بکات و پاشان جگە لە توانای ئەمریکا، توانای رووسیاش بخرێتەگەڕ بۆ پەلکێشکردنی چین بۆ نێو رێککەوتنەکە. یانیش گوشاری بۆڵتن و هاوقەرداشە راستڕەوەکانی چۆکیان بە ترەمپ داداوە و وایان لێکردووە هەر بەراست بەنیازی کشانەوە لە رێککەوتنەکە بێت کە بەبڕوای من ئەم ئەگەرە لەوەی یەکەم لاوازترە. هەربۆیە باوەڕم وایە ئەگەر شەڕی سارد لەگەڵ سۆڤیەت لەسەر تەوەری جیاوازی و ناکۆکیی ئایدیۆلۆژی هاتەئاراوە، ئەوا ئێستا ئەمریکا هەرچەند بەباشی ئاگای لەوەیە کە توانای سەربازیی رووسیا گەیشتووەتە قۆناغێکی بێگەڕانەوە، بەڵام رووسیا نە لەباری ئایدیۆلۆژی و نە لەباری ئابوورییەوە بە رکابەری خۆی نازانێت. سەبارەت بە چین رەوشەکە جیاوازە. شەڕی سارد لەگەڵ چین دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت: ئایدیۆلۆژیا+ ئابووری و چین نەک هەر وەک سیستەمی سیاسی گەورەترین نوێنەری کۆمۆنیزمە لە جیهاندا، بەڵکوو دوای ئەمریکا دووەم بەهێزترین ئابووریی جیهانیشە. هەر ئەم توانا ئابوورییە بەهێزەشە کە وایکردووە ئەمریکا بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکشانی بودجەی سەربازیی چین لەم 10 ساڵەی ئەخیردا، بیر لەوە بکاتەوە کە تا کاتی لەبەردەست ماوە رێگری بکات لە بوونی چین بە هێزێکی سەربازیی وەک رووسیا و نەهێڵێت توانا سەربازییەکەی بگاتە قۆناغێکی بێ گەڕانەوە و جڵەوی لەدەست دەربچێت.



## ■ یەمەن.. خاڵی نزیکتربوونەوەی ئیسرائیل و سعوودیە

لە نیو سەدەی رابردوودا دۆزی فەڵەستین هۆکاری سەرەکی دوورکەوتنەوەی ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو بە سەرکردایەتی سعوودیە بووە، بەڵام لە دەیە و نیوی رابردوودا هەردوولا فراوانبوونەوەی پانتایی نفووزی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەکو مەترسییەکی هاوبەش دەبینن. شەڕی نێوخۆی یەمەن و بزووتنەوەی حووسییەکانی ئەو وڵاتە کە ئێران پشتگیرییان دەکات گۆڕەپانێکی نوێی بۆ نزیکبوونەوەی شانشینەکانی کەنداو و ئیسرائیل رەخساندووە. ساڵانە 15 ملیار دۆلار بازرگانی حکومەتی ئیسرائیل لە رێگەی گەرووی باب ئەلمەندبەوە دەکرێ. پێشتر بنیامین نتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، هۆشداری دابوو ئەگەر مەترسیی لەسەر کاروانی بازرگانیی ئیسرائیل دروستبکرێ، وڵاتەکەی لاری نییە لەوەی بنکە و بارەگاکانی حووسییەکانی یەمەن بکاتە ئامانج، بەڵام ناوەندی (ستراتفۆر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیسرائیل بژارەی دیکەی لەبەر دەستە بۆ ئەوەی بەرپەرچی حووسییەکان و یەمەن لە ئێران بداتەوە.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، حکومەتی ئیسرائیل دەتوانێ لە بواری ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری و تەکنەلۆژیای گواستنەوە یارمەتی شەڕی چوار ساڵەی سعوودیە لە یەمەن بدات، بە تایبەتیش لە کاتێکدا ئەمریکا بە وریاییەوە هاوکاریی سعوودیە و هاوپەیمانەکانی لە شەڕی یەمەن دەکات، دوای ئەوەی وێنەی کارەساتە مرۆییەکانی یەمەن لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، هەروەها دوای کوژرانی جەمال خاشوقچی لە کۆنسوڵخانەی سعوودیە لە ئیستەنبوڵ ئەگەری ئەوە هەیە پەیوەندییە سەربازی و هەواڵگرییەکانی سعوودیە و ئەمریکا لە شەڕی یەمەن لاواز ببن.

راپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، شەڕی یەمەن، بەپێچەوانەی عێراق، دەتوانێ زەمینەی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی سعوودیە و ئیسرائیل برەخسێنێ، بێ ئەوەی سەرئێشەیەکی ئەوتۆ بۆ ئیدارەی ئەمریکی دروستبکات، هەرچەند راپۆرتەکە بەدووری نازانێ لە ئەگەری بەهێزتربوونی ململانێکانی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو، تەلەڤیف پەنا بۆ سەرکێشی گەورە بەرێ، تەنانەت ئەگەر ئەو سەرکێشییە زیان بە بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانەکانیشی بگەیەنێ. لە چەند دەیەی رابردوودا ئیسرائیل زیاتر تەماشاکەری رووداو و گۆڕانکارییە ئەمنی و سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە، هەوڵە راستەوخۆ و گەورەکانی زیاتر لە وڵات و ناوچە دراوسێکانی خۆی بووە، بەڵام ناوەندی (ستراتفۆر) پێیوایە گەورەبوونەوەی بازنەی دەسەڵاتی ئێران دەبێتە هۆی ئەوەی واشنتن، ریاز و ئەبوزەبی داوای رۆڵی چالاکتر لە ئیسرائیل بکەن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# حکومەتی نیمچەفراوان

بۆ ئەم وتارە دەمویست ئەگەر هەبووایە، سوودم لە توێژینەوەیەکی زانستی وەربگرتایە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی. ئێمە لە 26 ساڵی ڕابردوودا چەند شێوازێکی حوکمڕانیمان تاقیکردووەتەوە و سەرکەوتوو نەبووین: حکومەتی پەنجا بە پەنجا، حکومەتی ئەمری واقیع و حکومەتی بنکەفراوان. هەریەک لەم شێوازانەی پێکهێنانی حکومەت لایەنی باش و خراپی هەبووە، بەڵام هیچ توێژینەوەیەکی زانستیانەی بەراوردکاریمان نییە تا بزانین کام شێوازەیان لەوانی تر باشتر بووە، یان بزانین کامیان بۆ چ قۆناغێک گونجاوە.

بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا نەڕۆیشتووین ئەگەر یەکەم کابینەی حکومەتی کوردستان، بنکەفراوان بووایە شەڕی براکوژی ڕوویدەدا؟ وڵات دەبوو بە دوو ئیدارە و دوو زۆنی سیاسی؟ ئەگەر هەر لە بنەڕەتەوە یەکەم کابینە ئەم دوو هێزە یەکێکیان ئۆپۆزسیۆن بووایە و ئەویدی دەسەڵات، ڕووداوەکانی ڕابردوو بەو جۆرە دەبوون؟ باوەڕم وایە ئەگەر پێکهێنانی حکومەت بەجۆرێکی دیکە بووایە لەو مۆدێلانەی پەیڕەومان کردوون، واقیعی کوردستانیش بەم جۆرەی ئێستا نەدەبوو.

حکومەتی پەنجا بە پەنجای پارتی و یەکێتی ماوەیەکی کەم بڕی کرد و بووە سەرەتایەکی مەترسیدار بۆ دابەشبوونی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت جوگرافیای کوردستانیش. ئێستا دوای بیست ساڵ لە بەرقەراربوونی ئاشتیش، هێشتا لێکەوتە خراپەکانی ئەو شێوازە لە حوکمڕانی، وەک هەڕەشەیەک بەسەر سەرمانەوە ئامادەیە.

لە قۆناغی شەڕی ناوخۆ و تا پرۆسەی تێکەڵکردنەوە، لە هەردوو زۆنی سیاسی سەوز و زەرد، مۆدێلێکی تری حوکمڕانی تاقیکرایەوە کە بە سەردەمی دوو ئیدارەیی ناسراوە. لەم قۆناغەدا دوو حکومەت هەبوو، لە هەر زۆنێکدا حیزبی زاڵ هەژموونی بەسەر تەواوی جومگەکانی حوکمڕانیدا گرتبوو، هەردوولا بە رووکەش و بۆ ململانێی زۆنەکەی دیکە چەند حیزبێکی بە قەبارە بچووکیان خستبووە ناو کابینەی حکومەتەوە، بەڵام حکومەتی جیاجیای پارتی و یەکێتی بوو. دوای یەکگرتنەوەش ئەم مۆدێلە بە یەکگرتوویی و تا دوا مۆدێل کە حکومەتی بنکەفراوان بوو، تاقیکرایەوە. بەڵام هەر لەژێر هەژموونی دوو ئیدارەیی پارتی و یەکێتیدا بوو.

جۆرێکی دیکە لە حوکمڕانی کە تاقیمان نەکردووەتەوە، ئەوەیە هێزێکیان دەسەڵات بێ و هێزەکەی تر ئۆپۆزسیۆن. بەڵام گرفت ئەوەیە ئەم دوو هێزە سیاسییەی چارەنووسی کوردستانیان وابەستەی خۆیان کردووە، هیچیان مل نادەن بۆ قبوڵکردنی حوکمی ئەوی تریان، ئەگینا ڕەنگە بۆ دۆخێکی وەک ئێستای کوردستان پێویستیی قۆناغەکە ئەوەبێت یەکیان بۆ چوار ساڵ ببێتە ئۆپۆزسیۆن و چاودێر بەسەر ڕکابەرەکەیەوە. بێگومان ئەمە ڕوونادات، وەک خۆیان دەڵێن تەنانەت ئەگەر یەک کورسیشیان هەبێت. کەواتا چی بکرێت بۆ ئەوەی لە هەلومەرج و دۆخێکی سیاسی وەک ئێستادا حکومەتێک پێکبێت لانیکەم یارمەتیدەر نەبێت بۆ تۆخکردنەوەی ڕەنگی دوو ئیدارەیی.

ئەوەی ئێستا وەک دەرئەنجامی هەڵبژاردن دەکرێت ببێتە بنەمای پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەت، بە ڕەچاوکردنی ئەو واقیعە تاڵەی کە کوردستانی مەحکومی حوکم و شەراکەتی پارتی و یەکێتی کردووە، ئەوەیە کە ڕێگە نەدرێت تەنیا ئەم دوو هێزە حکومەت پێکبهێنن. هەرچەندە بەپێی یاسا و ڕێکار و عورفی سیاسی دەتوانن ئەوە بکەن، بەڵام پێویستە لایەنەکانی تری براوەی هەڵبژاردن ئەوە لەبەرچاو بگرن کە بەشدارینەکردنیان لە حکومەت جارێکی تر کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی پەنجا بەپەنجا. چونکە لەناو هەردوو حیزبەکە ئاراستەی زاڵ ئەوەیە کە زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ یەکدی دەکەن و هەر چرکەساتێک بە پێویستی بزانن، هاوشێوەی نەوتەکان کوردستان دابەش دەکەنەوە. بەتایبەتی ئێستا هەست بە مەترسییەکی لەو شێوەیە دەکرێت کە بەغدا پێویستی بەوەیە هەرێم بەو ئاراستەیە پاڵ بنێت. مەترسی لەسەر قەوارەی دەستووریی کوردستان هەیە، مەبەستیانە کورد خۆی یارمەتیدەر بێت لە خۆشکردنی زەمینەی نەهێشتنی قەوارە دەستوورییەکەی، تا بەغدا بتوانێ بە ئاسانی دەستوور بگۆڕێت. بۆیە پێویستە هێزە سیاسییەکانی دیکە، ئەوانەی هەست بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەن، ئەمە لەبەرچاو بگرن کە جێهێشتنی حکومەت بۆ ئەو دوو هێزە بەتەنها، خزمەتکردنە بە خۆشکردنی زەمینەی ئەو مەترسییە. دەبێ لە دەرەوەی پارتی و یەکێتی هێزی سێیەم زامنی بەیەکگرتوویی مانەوەی کوردستان بکات، ئەمەش تەنیا بە بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێت. واتا پێویستە ئەمجارە حکومەت نە دووقۆڵی بێت و نە بنکەفراوان، بەڵکوو پێویستە نیمچەفراوان بێت، یەکێتی و پارتی و گۆڕان پێکهێنەری سەرەکی بن.

هەرچەندە گۆڕان تا ئێستا ئەو مەیلەی دەرنەبڕیوە بۆ بەشداری لە پێکهێنانی حکومەت، بەڵام پێدەچێ مەیلێک هەبێت کە تەنیا یەکێتی و پارتی پێکەوە بچنە حکومەتەوە و خەڵکانێکیش لەناو یەکێتی پێیانوایە ئەگەر بەو جۆرە بێت، یەکێتی زیاتر لە قورسایی و پێگەی خۆی دەدرێتێ و دەبێتەوە بە حوکمڕانی نیوەی کوردستان. بەڵام ئەمە مەترسیدارە و کوردستان بەرەو لێکترازان دەبات. چونکە لە حاڵێکی وادا تەنیا یەکگرتنێکی ڕووکەشانە دەبێت، هەرلایە و هێزی تایبەت بەخۆی، ئاسایشی تایبەت بەخۆی، ئیدارەی تایبەت بەخۆی هەیە و حکومەتی یەکگرتوو دەبێتە شتێکی ڕووکەش. جگە لەو مەترسیانە، بۆ ناوچەکانی سلێمانیش ئەم شێوازەی پێکهێنانی حکومەت کێشەیە، چونکە ئەو هێزانەی تری وەک گۆڕان و کۆمەڵ کە لە ئیدارەی لۆکاڵی بەشدارن، ئەگەر ببنە ئۆپۆزسیۆن، ناتوانرێت ئەو هاوسەنگیە ڕابگیرێت لە ئیدارەی لۆکاڵی بەشدار و لە ئیدارەی کوردستان تەریک بن، ئەوکات سەرئێشەی جۆراوجۆر لە ناوچەکانی سلێمانی سەرهەڵدەدات.

دۆخێکی تری تایبەتی کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، ئەوەیە کە ئێستا پارتی بە دەنگەکانی خۆی و کۆتاکان دەتوانێ لە پەرلەمان هەر یاسایەکی بوێ تێیپەڕێنێ، سەرۆکی حکومەتیش لای پارتییە. یەکێتی لە زۆرنی سەوز دەبێتە واجیهەی دەسەڵات و سەرئێشەی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوە، لە هەولێریش دەبێتە بەشدارێکی لاواز و ناکارا. بەڵام ئەگەر یەکێتی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەرگرێت کە بەهۆی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم ئێستا سەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتی زۆری هەیە، هەروەها بە هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، کوردستان دەبێتە سیستەمێکی پەرلەمانی و لە حاڵێکی وادا سەرۆکی پەرلەمان پێگەی بەهێزتر دەبێت لە خولەکانی پێشووتر.

ئەگەر یەکێتی چاوی لەوە بێت قورسایی خۆی بخاتەوە سەر ئەوەی کە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران وەربگرێت، بە دوور نازانرێت پارتی ئەوکات سەرۆکی پەرلەمان بداتەوە بە گۆڕان. لەچەند مانگی ڕابردوودا بینیمان گۆڕان و پارتی لەسەر چەند پرسێکی گرنگ هەماهەنگی زۆر لەنێوانیان هەبوو، بۆیە ئەوە بەدوور نازانرێت بتوانن لەسەر زۆر پرسی دیکە بۆ داهاتوو ڕێکبکەون، بەڵام ئەگەر یەکێتی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێت، بەحوکمی ئەوەی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان ژێرخانی ئیدارەی یەکێتین، ئەگەر جێگری سەرۆک وەزیران لە گۆڕانیش بێت، پارتی و گۆڕان ناچار دەبن دوو جێگر بۆ سەرۆک وەزیران دابنێن. ئەوکات یەکێتی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ناوچەکانی سلێمانی بەشدار دەبێت و ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سەرۆکایەتیکردنی پەرلەمانیشەوە دەبێتە شەریکی دەسەڵات لەگەڵ پارتی.



ئازاد وەڵەدبەگی

# پارتی و یەکێتی: لە قۆناغی زێڕینەوە بۆ زیوین

شیکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕەفتاری تاکی دەنگدەر هەیە، ئەمەش بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵناسیی هەڵبژاردن دادەنرێت. بەراوردکردنی ئەنجامەکانی خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1992 لەگەڵ خولی پێنجەم لە ساڵی 2018 ، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە خول لە دوای خول، ڕێژەی سەدیی دەنگەکانی پارتی و یەکێتی ڕووی لە دابەزین کردووە. گریمانەی ئێمە لەم وتارەدا ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی لە قۆناغی زێڕینی تەمەنی خۆیانەوە بەرەو قۆناغی زیوینی تەمەنیان هەنگاو دەنێن و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جەماوەری خۆیان لەدەست دەدەن و بەرەو داکشان دەچن. بۆ ئەم مەبەستەش، پشت بە ئەنجامە فەرمییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەبەستین کە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بڵاوکراوەتەوە.

هەڵبەت بۆ ئەنجامەکانی ساڵی 1992 پشت بەو داتایە دەبەستین کە لەلایەن لیژنەیەکی دادوەریی تایبەت بڵاوکراوەتەوە کە ئەوکات سەرپەرشتیی هەڵبژاردنیان کردووە.

ئەگەر سەیرێکی ئەنجامەکانی خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1992 بکەین، دەبینین کۆی بەشداربووانی پرۆسەی هەڵبژاردن (971953) کەس بووە، لەو ژمارەیە پارتی دیموکراتی کوردستان توانی (437889) دەنگ، واتە 45.05%ی دەنگی بەشداربووان ببات. لە بەرامبەردا، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان توانی (423833) دەنگ، واتە 43.60%ی کۆی دەنگی بەشداربووان ببات. بەداخەوە، هیچ ئامارێک سەبارەت بە کۆی دانیشتووانی هەرێم و ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەبووە لە ساڵی 1992، لەبەردەستدا نییە، هەتا بتوانین زیاتر شیکاری بۆ ڕێژەی دەنگەکانی هەردوولا بە گوێرەی کۆی دانیشتووان و ژمارەی دەنگدەران بکەین. پارتی و یەکێتی ئەوکات توانییان پێکەوە 88.65%ی کۆی دەنگی بەشداربووان بەدەست بهێنن. ئەمەش بە قۆناغی زێڕینی تەمەنی ئەوان دادەنرێت کە بەهۆیەوە هەردوولا توانییان ببنە هێزی براوە و باڵادەستی هەرێمی کوردستان و فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتە بکەن.

ئەگەر سەیرێکی ئەنجامەکانی دوا خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (خولی پێنجەم) بکەین، دەبینین کە ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم، واتە ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە (3085461) کەسن، کە لەم ژمارەیە (1845979) کەس بەشدارییان لەم خولەی هەڵبژاردندا کردووە. پارتی توانی (688070) دەنگ بەدەست بهێنێ، ئەگەر ئەم ژمارەیە بکەینە زمانی ڕێژە، دەبینن دەنگەکانی پارتی بە گوێرەی ژمارەی بەشداربووان دەکاتە 37.27% و بە گوێرەی ژمارەی دەنگدەران دەبێتە 22.30% و، بەپێی کۆی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان (کە بەپێی ماڵپەڕی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان 5200000 کەسە)، ڕێژەکە دەبێتە 13.23%، واتە تەنیا 13.23%ی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەنگیان بە پارتی داوە.

هەروا لەم خولەدا، کۆی دەنگەکانی یەکێتی (319912) دەنگ بوون کە بە گوێرەی ژمارەی بەشداربووان دەکاتە 17.33% و بە گوێرەی ژمارەی دەنگدەران دەبێتە 10.36% و بە گوێرەی کۆی دانیشتووانی هەرێم دەکاتە 6.15%، واتە تەنیا 6.15% ی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەنگیان بە یەکێتی داوە. بەم پێیە بێت، دۆخی یەکێتی زۆر لە دۆخی پارتی خراپترە.

بەم جۆرە، بەپێی ئەنجامەکانی خولی پێنجەم دەردەکەوێت، کە پارتی و یەکێتی بەگوێرەی کۆی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان تەنیا دەنگی 19.38%ی خەڵکی هەرێمی کورستانیان بەدەستهێناوە. لە هەمان کاتدا، هەردوولا بە گوێرەی ژمارەی دەنگدەران 32.66%ی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان دەنگیان پێداون. ئەگەر بەگوێرەی ژمارەی بەشداربووانی هەڵبژاردن وەریبگرین، دەبینین هەردوو حیزب تەنیا 54.6%ی بەشداربووانی هەڵبژاردن دەنگیان پێداون. ئەگەر کۆی ڕێژەی دەنگە بەدەستهاتووەکانی پارتی و یەکێتی بە گوێرەی ژمارەی بەشداربووانی هەڵبژاردنی ساڵی 1992 و 2018 لە پاڵ یەکتر دابنێین، دەبینین ڕێژەی دەنگەکانی پارتی و یەکێتی پێکەوە 34.05% دابەزیوە.

کۆی ئەم ئامار و دەرئەنجام و شیکاریانە، دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین، پارتی و یەکێتی کە لە ساڵی 1992 بەگوێرەی ژمارە و ڕێژەی دەنگەکانیان لە لووتکەی دەسەڵاتی هەرێمدا بوون و لە چەرخی زێڕینی تەمەنی خۆیاندا بوون، ئێستا وا بەرەبەرە خەریکە باڵادەستیی جەماوەریی خۆیان لەدەست دەدەن و، گەیشتوونەتە چەرخی زیوینی تەمەنی خۆیان. ئەمە ئەگەر بێت و هیچ تانەیەکمان لەسەر ئەنجامە فەرمییەکان نەبێت دۆخەکە بەو جۆرەیە، بەڵام ئەگەر ئەو داتا و ئەنجامە فەرمییانە خەوش هەڵبگرن، ئەوە بێگومان دۆخەکە لەوە ترسناکترە کە باسمان لێوە کرد.

شیکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەم و خولەکانی دواتریش ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ڕەفتاری دەنگدەری کوردستانی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرەتا لەسەر بنەمای تیۆری شوناسی حیزبی بووە و زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئەو بنەمایە دەنگیان داوە. ئەوەی جێی سەرنجە، ماوەیەکی زەمەنیی درێژی خایاند (1992-2018)، هەتا بەرەبەرە گۆڕان لە ئاراستەی دەنگدەری کوردستانیدا هاتەئاراوە. ئەنجامەکان و ڕێژەی بەرزی بایکۆت لە دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ڕەفتاری هەڵبژاردنی تاکی کوردستانی خەریکە بەرەبەرە چوارچێوەی تیۆریی شوناسی حیزبی بەجێدەهێڵێت و بەرەو قۆناغی تیۆریی عەقڵانی لە تیۆرییەکانی ڕەفتارناسیی هەڵبژاردن هەنگاو دەنێت.

قۆناغی عەقڵانی لە تیۆرییەکانی ڕەفتارناسیی هەڵبژاردن ئەو قۆناغەیە کە دەنگدەر بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری و خوێندەواری، بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە کاریگەرییە حیزبییەکان و هەست و سۆز و پێگەی کۆمەڵایەتی دەنگ دەدات. لەم قۆناغەدا، دەنگدان کردارێکە کە لەسەر بنەمای لێکدانەوەی عەقڵانی و قازانج و زیانی تاکەکەسی بنیات دەنرێت و، دەنگدەر بە دوای سێ جۆر بەرژەوەندیی ئابووری، سیاسی و ڕۆشنبیریدا دەگەڕێت. ڕەفتاری هەڵبژاردنی دەنگدەران لەلایەکەوە دەرئەنجامی دۆخی ڕەفتاری و کەسایەتیی تاکە و لەلایەکی ترەوە کاردانەوەیە بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی باڵادەست لە کۆمەڵگە. هەروا بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکانیشدا، دەکرێت بە جۆرێک لە ڕەفتاری عەقڵانی دەنگدەر دابنرێت کە بەوپێیە دەنگدەر بەم ڕەفتارەی خۆی پەیام و سیگناڵی خۆی هەیە بۆ دەسەڵاتداران. پێدەچێت بەشێک لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، بەم ڕەفتارە عەقڵانییەوە و پشتکردن لە حیزبەکان (چ دەسەڵات و چ ئۆپۆزیسیۆن) بەو جۆرە پەیامی خۆیان بە گوێی لایەنە سیاسییەکان و بە تایبەت لایەنە دەسەڵاتدارەکانی وڵات گەیاندبێت. بە عەقڵانیبوونی ئاراستەی ڕەفتاریی دەنگدەرانی کوردستان، جگە لە پشت هەڵکردن لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و زیانمەندبوونی ئەوان، زیانی زیاتری بۆ پارتە دەسەڵاتدارەکان بووە و، بووەتە هۆی دوورکەوتنەوەی خەڵک لە پارتی و یەکێتی و کۆتاییهێنان بە قۆناغی زێڕینی ئەو جووت حیزبە دەسەڵاتدارە.



د. نەوزاد هێتوتی

# حکومەتەکەی عەبدولمەهدی دەستوور جێبەجێ دەکات؟

لە کاتی پێکهێنانی هەر حکومەتێکی نوێدا لە بەغدا، لە سەردەمی جەعفەرییەوە تاوەکو عەبادی و ئێستاش عادل عەبدولمەهدی، هەمیشە لە سەرەتادا گەشبینییەک بە لایەنە کوردییەکانەوە دیار بووە کە گوایە سەرۆکوەزیران دۆستی کوردە، کەسێکی میانڕەوە و پەیوەندی باشی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد هەیە، بۆیە حکومەتەکەی پابەندی دەستوور و شەراکەت دەبێت و ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی کورد دەگرێت. بەڵام ئەو گەشبینییە زۆری نەخایاندووە و زوو پێچەوانە بووەتەوە. بەرپرسانی بەغدا، دوای گەیشتن بە دەسەڵات هەموو هەوڵەکانی خۆیان بۆ پەراوێزخستنی کورد خستووەتە گەڕ و بە پاساوی فرەجۆر، خۆیان لە دۆزینەوەی چارەسەری ڕاستەقینە بۆ پرسە گرنگ و هەستیارەکانی مەلەفەکانی وەکو پێشمەرگە، نەوت و گاز، گەڕانەوە بۆ تەوافوق ، هاوسەنگی و هاوبەشی و ڕێزگرتن لە پرەنسیپەکانی سیستمی فیدراڵی و دیموکراسی، دزیوەتەوە. تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی کەسانی وەک عەبادی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان بدەن.

پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە، بۆچی دەسەڵاتدارانی بەغدا حەساسیەتیان بەرامبەر دەستوور هەیە؟ بۆچی پابەند نین و نابن بە شەراکەت و تەوافوقی ڕاستەقینە لە عێراقدا؟ بۆچی ڕێگە نادرێت وەک خۆی سیستمی ڕاست و دروستی فیدراڵی و دیموکراسی لە عێراقدا جێبەجێ ببێت؟ بۆچی زۆربەی دۆستەکانی کورد هەر کە بوونە دەسەڵاتدار لە کورد هەڵدەگەڕێنەوە؟ هۆکار چییە پێکهاتەی شیعە کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ کورد دەستووریان داڕشت و پەسەندیان کرد، ئێستا پشتیان تێکردووە؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمجارە عادل عەبدولمەهدی پابەندی دەستوور بێت و ڕێز لە مافەکانی کورد بگرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی عێراقی نوێ و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی کە ئەوکات هاوکێشە و موعادەلاتی سیاسی لە بەرژەوەندی باڵادەستیی پێکهاتەی شیعەدا نەبوو، پێگە و دەسەڵاتیان لاواز بوو. هەر بۆیە لە ساڵی 2005 بە تەواوی پاڵپشتی دابەشکردنی دەسەڵات بوون و لەگەڵ ئەوە بوون کە دەسەڵاتەکان لە ناوەند چڕ نەبنەوە. بەتایبەتی ئەوکات ئێران و شیعەکان ترسێکی گەورەیان هەبوو لەوەی کە ئەمریکییەکان حکومەتێکی هاوشێوەی ڕژێمی پێشوو لە بەغدا دروست بکەن و ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی و ئایندەیان. بە تایبەتیش دوای 2003، بەرپرسانی ئەمریکی هەموو هەوڵێکیان بە ئاراستەی دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز، سێکولەر، دیموکراسی و دژە تایفی چڕکردبووەوە. ئەمریکییەکان زیاتر پاڵپشتی ئەو بۆچوونەیان دەکرد کە دەبێت زۆربەی دەسەڵاتە گرنگ و هەستیارەکان لە بەغدا کۆبکرێنەوە و عێراق بکرێتە ناوەندێکی بەهێز بۆ دژایەتیکردنی ئێران.

بێگومان ئەم سیاسەتەی ئەمریکا ترسێکی گەورەی لای پارتە ئیسلامییە شیعییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی لە ئێرانەوە نزیکن، دروستکردبوو کە ئەمجارەش دەرفەت و دەسەڵاتیان لەدەست دەربچێت. بەتایبەتی ئەگەر بەرنامە و سیاسەتی ئەمریکا لە دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز و سێکولەر لە بەغدا سەری بگرتایە کە دیموکراتخواز و ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی لەخۆدەگرت، هێزە ئیسلامییە شیعییەکان تووشی شکستی گەورە دەبوون، بۆیە ئێران و شیعەکان لە ڕێگەی گەمەیەکی تایفییەوە هەوڵی شکستپێهێنانی پرۆژەی ئەمریکایان دا. بەتایبەت وەک گوتمان ئەوکات ئێران ترسیان لە سێ شت هەبوو: یەکەم دروستبوونی حکومەتێکی بەهێز لە بەغدا کە سەر بە ئەمریکا بێت. دووەم ئەو حکومەتە لایەنی نەتەوەیی و عەلمانیەتی بەسەردا زاڵ بێت. سێیەم عێراق بکرێتە بنکەیەک بۆ لێدانی ئێران.

بۆیە لەو قۆناغەدا عەرەبە شیعەکان بە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی ئێران مەبەستیان بوو کە حکومەتێکی لاواز دروستبکرێت و دەسەڵاتەکانی ناوەند زۆر سنووردار و بەرتەسک بکرێن. ئەمەش ئەو خاڵە هاوبەشە بوو کە لەگەڵ خواست و داواکارییەکانی کورد یەکیدەگرتەوە. بۆیە کورد و عەرەبە شیعەکان دەستوورێکیان داڕشت کە وەک چاودێران دەڵێن، عێراق تەنیا بەناو مایەوە و بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکانی درانە هەرێمەکان. تەنانەت ئەوکات بە پاڵپشتیی ئێران و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، بیرۆکەی دروستکردنی هەرێمێکی شیعە لەئارادا بوو، بۆ ئەوەی بە لایەنی کەمەوە دەسەڵاتێکی وەک ئێران لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق دروست بکرێت.

بەڵام دوای ئەوەی شیعە توانییان لەڕێی گەمەی زۆرینە و کارتی تایفییەوە پێگەی خۆیان لە پرۆسەی سیاسیدا بەهێز بکەن و دەست بەسەر زۆربەی جومگە هەستیارەکانی دەسەڵاتی سیاسی، سەربازی و یاساییدا بگرن و فەشەل بە سیاسەتەکانی ئەمریکا بهێنن، ئیدی ئاراستەی سیاسەتەکانیان لە هەمبەر دەستوور و سەرجەم پرۆسەی سیاسی گۆڕا و کەوتنە ڕخنەگرتن لە دەستوور، گوایە لە بارودۆخێکی نالەباردا نووسراوە و دەبێت دەستکاری و هەموار بکرێت. ئەم قۆناغە زیاتر لەسەردەمی نووری مالیکی دەستیپێکرد، بە تایبەتی دوای ساڵی 2008. ئیدی لەوکاتەوە عەرەبە شیعەکان کەوتنە دژایەتیکردن و پێشێلکردنی دەستوور، دەستبەسەرداگرتنی پرۆسەی سیاسی، پاوانکردنەوەی دەسەڵات، پەراوێزخستنی کورد و سوننە و پشتکردنە شەراکەت، تەوافوق و هاوسەنگی کە عێراقی نوێی لەسەر دامەزرابوو.

ئێستاش شیعە بە پاڵپشتیی ڕاستەخۆی ئێران و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی تایفیی خۆیانەوە دەڕواننە عێراق، دەستوور و پرۆسەی سیاسی و هەر لەو ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەن. ئەوان ئێستا لە ڕووی سیاسی، سەربازی، یاسایی و ئابوورییەوە دەسەڵاتی ڕەهایان هەیە، بۆیە ئامادە نین لەگەڵ کورد و عەرەبی سوننە دابەشی بکەن. ئەوان ئامادە نین پابەندی دەستوورێک بن کە زیان لە پێگە و دەسەڵاتیان دەدات. ئەمە هیچ پەیوەندی بە کەسایەتی سەرۆکوەزیرانەوە نییە. هاتنی سەرۆکوەزیرانێکی نوێ و ڕۆیشتنی سەرۆکوەزیری کۆن هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. نابێت وا تێبگەین مادام عادل عەبدولمەهدی کەسێکی میانڕەوە و دۆستی کوردە، ئیدی دونیا دەبێتە شامی شەریف. ڕاستە لە هەندێ ئاستدا دەتوانێت هەندێ کاری باش بکات و پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا ئاسایی بکاتەوە، بەڵام لە مەسەلە و پرسە ستراتیژییەکاندا، عادل عەبدولمەهدی زۆر بە زەحمەت دەتوانێت خۆی لە بازنەی شیعەگەرایی و پاراستنی پێگە و بەرژەوەندییان لابدات. بۆیە سەبارەت بە دەستووریش، هەر بەو ئەندازەیە پابەند دەبێت کە خزمەتی باڵادەستیی پێکهاتەکەی بکات. لێرەشدا، مەسەلەی پراکتیزەکردن و نەکردنی دەستوور ڕەنگە لە پێشینەی ئەرکەکانی عادل عەبدولمەهدی نەبێت، چونکە ئەمە پەیوەندی بە میزاجی کەسێکی دیاریکراوەوە نییە وەک هەندێ کەس سەیری دەکەن، ئەم بابەتە زۆرتر ڕەهەند و ئەجێندایەکی سیاسی گەورەتری ناوخۆیی و هەرێمی هەیە و سەرۆکوەزیرانیش هەر لەو چوارچێوەیەدا گەمە و سیاسەت دەکات. بە کورتی تاوەکو هەژموونی هێزە شیعییەکانی سەر بە ئێران بەهێز بێ و دەسەڵاتیان هەبێت، بە هیچ شێوەیەک چاوەڕێی پراکتیزەکردنی ڕاست و دروستی دەستوور مەبن، مەگەر هاوکێشەیەکی سیاسیی نوێ بێتە ئاراوە و پێکهاتەی شیعە لە ترسی لەدەستچوونی دەسەڵاتیان، پابەندی دەستوور بن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# یەکێتی زۆری دۆڕاندووە و هێشتاش ماویەتی

## 1

ئامانجی سەرەکیی پێداگریی سەرۆک بارزانی لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماریدا، درێژەپێدەری ئامانجەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو لە ئەیلولی پارساڵ، کە ئەویش بریتی بوو لە پابەندکردنی دامەزراوەکانی بەغدا بە جێبەجێکردنی دەستوور. ئەگەرنا لە خولەکانی رابردووشدا و تەنانەت ئەمجارەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتیوانی ئەوە بوون کە خودی سەرۆک یان جێگرەکەی ئەو پۆستە وەربگرن. بەڵام ئەنجامدەرانی 16ی ئۆکتۆبەر، پتر لەوەی خزمەتیان بە یەکێتی کردبێت، هێندەی دیکە ماڵی یەکێتییان وێران کرد. رۆژی سوێندخواردنی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی، یەکێتی بۆ وەرگرتنی وەزارەتێک دەپاڕایەوە، تەنها ناوی وەزارەت بێت! وەڵامەکەی عەبدولمەهدی ئەوە بوو، برۆن رەزامەندیی سەرۆک بارزانی وەربگرن!

ئەوە جیا لەوەی کە لەناو هۆڵی پەرلەمان هیچ حیسابێکیان بۆ سەرۆککۆمار نەکرد و بەخێرهاتنیان نەکرد!

دوایین پێشنیازی پارتی بۆ یەکێتی لە رۆژی 2ی ئۆکتۆبەردا ئەوە بوو کە لە بەرامبەر پۆستی سەرۆککۆماریدا ( ئەگەر پێش ئەوە بە تەوافوق لەگەڵ بارزانیدا کردبایان رەنگبێ بگەیشتبانایە نەتیجەش) هەموو پۆستەکانی بەغدا بدرێنە یەکێتی و، تەنانەت لە کوردستانیش دوو ساڵ سەرۆکایەتی حکومەتیان پێ بدرێت. قەبوڵنەکردنی ئەو تەکلیفەی پارتی ئەمڕۆ یەکێتی بە دەردێکی وا بردووە کە لەڕووی سیاسییەوە خۆی ئەتک کردووە. یەکێتی لە هەموو پرۆسەی سیاسی لە بەغدا تا ئێستا پۆستی سەرۆککۆماری دەستکەوتووە (ئەویش بۆ کەسێک کە پار ئەو دەمانە لێیان جیابووەوە و حزبێکی دیکەی دانا) و ئۆفیسێکی ئیشکردن بۆ پاڤڵ، لاهور و ئاراس کە لەوێ خەڵک ببینن و مامەڵەی بازرگانیی خۆیان بەڕێوەبەرن. هەموو شانازییەکەش ئەوەیە کە گوایە بەربژێرەکەی بارزانییان شکست داوە! ئەوان نازانن کە دکتۆر بەرهەم بەس پێویستی بەوە هەبوو حزبێک لە پەرلەمان پشتیوانیی بکات، ئەگەرنا دەمێک بوو ئەوە بڕابووەوە کە دەبێتە سەرۆککۆمار. خۆ ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی مانگی پێنج، شەش حەوت کورسی هێنابایە قەت رووی لە یەکێتی نەدەکردەوە. بۆچی پێش هەڵبژاردن تەکلیفی ئەوانی بۆ پۆستی سکرتێری گشتیی یەکێتی و بەربژێری سەرۆککۆمار قەبوڵ نەکرد؟! کە کەمێکی دیکە گەورە بوون تێیدەگەن! لەوەش تێدەگەن کە ئەگەر کەسێک لە بەغدا سەرۆک بارزانیی لەپشت نەبێ، چی پێدەکرێت. شکاندنی دڵی بارزانی باجەکەی قورسە، مالیکی و عەبادیش شاهیدن.

## نیو جەلالییەکان

## 2

جەلالییەکان لە رابردوودا ناکۆکیی خۆیان لەگەڵ بارزانیی باوکدا کردە کێشەیەکی قووڵی سیاسی، ئیقلیمی و کۆمەڵایەتی. لەو پێناوەشدا پەنایان بۆ هەموو رێکارێک برد. لە کۆتاییدا مودیری مەدرەسەکە ئیستیقالەی دا و پەشیمانیی خۆی لەو دابڕانە دەربڕی. ئەو جیلەی تازە کەوتوونەتە بازاڕەوە، سەرۆک بارزانییان لێ بووە بە مەلا مستەفا و خۆشیان لێ بووە بە تاڵەبانی و برایم ئەحمەد! بەو جیاوازییەی کە لەناو خۆیاندا ئەگەر پێشتر رۆڵیان دابەش کردبێت، ئەمجارەیان بەناوی خزمایەتی و برایەتی خەریکی ملشکاندنی یەکترین. دوایین پێشنیازی پارتی لە بەغدا لە بەرامبەر کشانەوەی بەربژێری یەکێتی (سەربارى ئەوەی کە دیار بوو پارتی بەتەنها سەرووی چل کورسی هێناوە)، دوو ساڵ سەرۆکایەتیی حکومەتی بۆ قوباد تاڵەبانی گەرەنتی دەکرد، بەڵام کێشمەکێشی ناو نیوجەلالییەکان و بەرگرتن بە هەڵکشانی قوباد لەناو جەماوەری یەکێتیدا وایکرد کە کۆسرەت رەسوڵیش قەناعەتی بێت و، رێککەوتنەکە لە رێگەی ئەوەوە رەت بکەنەوە. لەو بەینەشدا خۆیان پیاوچاک بکەن. (لاهور و پاڤڵ) هیچیان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە قوباد تاڵەبانی لە رێگەی هەڵبژاردنەوە ئەو پێگە جەماوەرییەی بۆ درووست بێت. چونکە یەکێتی حەیای هەموو کاندیدەکانی خۆی برد (کەسیان دەنگی تەواوی نەهێناوە و بە دەنگەکانی سەرۆکی لیست دەچنە پەرلەمان)، بەس لە پێناوی ئەوەی کە قوباد زۆرترین دەنگ بهێنێت.

ئێستا شۆی لاهور و پاڤڵ کۆتایی هاتووە و نۆرەی پارتییە کە حکومەت پێکبێنێت. پارتی داناوە هەر چۆنێک بێت گۆڕانیش لە حکومەتدا بەشدار بێت کە لەو حاڵەتەدا سەرۆکی حکومەت دوو جێگری دەبێت و یەکێتی جێگرێکی بەردەکەوێ. ئەو دوو زاتە کە نەیانهێشت قوباد تاڵەبانی دووساڵ سەرۆکی حکومەت بێت، دەبێ تۆڵەی ئەوە بکەنەوە کە قەناعەت بە پارتی بکرێت سەرۆکی حکومەت یەک جێگری هەبێت، ئەویش بۆ رازیکردنی دڵی مامی بچووک، ئەگەرنا دەبێ بچێت ببێ بە سەرۆکی پەرلەمان. بۆیە دوور نییە لە پێناوی ئەوەی سەرۆکی حکومەت یەک جێگری هەبێت، هەموو پۆستە گرنگەکانی کوردستانیش تەسلیمی پارتی بکەن.

## بەرهەمی سازان و بەرهەمی ترازان

## 3

تا ئەو کاتەی تاڵەبانی لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە پشتیوانیی تەواوی لێدەکرا، هەم تاڵەبانی لە بەغدا سەنگینتر بوو، هەمیش هەولێر ناوەندی بڕیاری سیاسیی وڵاتی بەناو عێراق بوو. کە لە 2012 ەوە ترازان لە روانگای ستراتیژیی هەردووکیان روویدا، پۆستەکەی بەغدا بایەخی نەما، بەڵام هەولێر و بارزانی هەر مان. دیمەنی گەڕانەوەی سەرۆککۆمار بۆ سلێمانی (کە پارتی ناوی ناوە نوێنەرایەتیی یەکێتی لە بەغدا!) گوزارشتە لەو ترازانە قووڵەی کە روویداوە. ئەڵبەتە لە سیاسەتدا هیچ شتێک مەحاڵ نییە و، ناشکرێ هەتا سەر پارتی بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ سەرۆککۆماردا بکات، بەڵام تەنانەت ئەگەر مامەڵەشی لەگەڵدا بکات و پشتیوانیی لێ نەکات، دیسان پێگەکە قیمەتی نییە. رێگای خۆدزینەوە لە ئابڵوقەی پارتی، بە وڵاتانی دەوروبەر و سەفقەی ژێر بەژێر دەستەبەر نابێت. پەیامەکە زۆر روونە، چ لەبارەی کەرکووک و چ لەبارەی پەکەکە، بەڵێنەکان هەمووی لەسەر مێزی پارتین و، هیچ موئامەرەیەکی ئیقلیمیش (بە چاوساغیی خیانەتکاران)، لە 16ی ئۆکتۆبەر گەورەتر نییە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کێ کەرکووک بگەڕێنێتەوە؟

یەکێتی بەلایەوە گرنگە بە هەر نرخێک بێت، کورد بەو جۆرەی بۆ ئەو حیزبە باشە بگەڕێتەوە کەرکوک، ئەمەشە وایکردووە ئەمجارە مەسەلەی کەرکووک ببێتە گرێکوێرەیەک کە لەجیاتی ئەوەی بە دەست بیکەینەوە، ناچاربین بە ددان هەوڵی کردنەوەی بدەین. کاتێکیش دەڵێم بە هەر نرخێک بێت، مانای ئەوەیە کە یەکێتی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووک تا بەڵێنی زیندووکردنەوەی بیرۆکەیەکی کۆنی مام جەلالیش رۆیشتووە کە پێیوابوو دەکرێ شارەکە لەسەر بنەمای دابەشکردنی یەکسانی کارگێڕی (سێ لەسەت بۆ هەر پێکهاتەیەک) بەڕێوە ببرێت. ئەمەش دۆڕانێکی گەورەیە بە بەراورد بەو نەخشە کارگێڕییە تا کە بەر لە شازدەی ئۆکتۆبەر لە کەرکووک هەبوو، بەڵکو بەراورد بەوەش کە پێش هاتنی داعش هەبوو و بەوشێوەیە بوو: کورد 26 کورسی و تورکمان 9 کورسی و عەرەبیش 6 کورسییان لە ئەنجوومەنی پارێزگادا هەبوو. جگە لەوەش پارێزگار و قائیمقامی کەرکووک و سەرۆکی کاتیی ئەنجوومەنی پارێزگاش کورد بوون.

پاش شازدەی ئۆکتۆبەر، کورد هاتە سەر ئەوەی دڵی بە گوتەبێژی پۆلیس و هەندێک پۆستی بچووکی دیکە خۆش بێت. دروست ئەوکاتەی هەندێک کەس لە یەکێتی داوایان دەکرد کورد بێنەوە و لە شۆڕجە و شوێنەکانی دیکە دۆڵمە بخۆن و دەستێک دۆمینە بکەن، پارتی بڕیاری بایکۆتکردنی بەشداریی لە ئیدارەی کەرکووک و دواتر لە هەڵبژاردنیش لەو پارێزگایەدا دا، بەڵام نایەکگرتوویی هەڵوێستی لایەنە کوردییەکان و دروستکردنی لیستێکی لاواز بەناوی ئەلوەتەن (نیشتمان)، کوردی بە لاوازی و زەلیلی و بە رازیبوون بە واقیعی داگیرکاری ناردەوە کەرکووک. ئەمەش دەنگدەری کوردی کەرکووکی ناچار کرد دیسان دەنگ بداتەوە بە یەکێتی کە ئێستا یەکێتی ئەمەی لێ بووەتە وێنەی راستەقینەی قەبارەی خۆی لە کەرکووک و لەسەر ئەو بنەمایەش داوای پارێزگار دەکاتەوە.

ئێستا کە لایەنەکانی کوردستان، لەپێش هەمووشیانەوە پارتی، روویان لە بەغدا کردووەتەوە و لە پەرلەمان و حکومەتدا بەشدارن، واقیعێکی نوێ هاتووەتە پێشەوە. ئەو واقیعە نوێیەش دەرفەتێکی تێدادەبینرێت تا هیچ نەبێت دۆخی کەرکووک و ناوچە لەدەستدراوەکان- کە خۆشباوەڕەکان ناویان لێناون ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان- بگەڕێندرێنەوە بۆ دۆخێکی نزیک لە پێش هاتنی داعش. بەڵام ئەمە بە موساوەمەکردن لەسەر ئەو دەستکەوتانەی پێشتر لە کەرکووک هەمانبوون و سەلمێندراون، ناکرێت. بەوەش ناکرێت کە وەک سەرۆکی بەرەی تورکمانی باسی دەکات، هەندێک بەرپرسی یەکێتی لە بەغدا بەڵێنی نەگەڕانەوەی یەکجاریی پێشمەرگە و دروستکردنی فیرقەی هاوبەشی سوپای عێراق، کە تێیدا هەموو پێکهاتەکانی کەرکووکی بەیەکسانی تێدابن، بە تورکمان و عەرەب بدەن.

ئەوەی لە شازدەی ئۆکتۆبەردا دۆڕێندرا پێناچێ جارێ بگەڕێتەوە، بەڵام دەکرێ بەشێکی بەوە قەرەبوو بکرێتەوە کە دۆسیەی کەرکووک لەنێوان پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکەشدا تێکەڵی دۆسیەی سەرۆکایەتیی کۆمار و پێکهێنانی حکومەتەکانی عێراق و کوردستان و دابەشکردنی پۆست و پایەکانی ئەوێ نەکرێ. واتە دەکرێ لەو شتانەی دیکەدا لەسەر پۆست و دەستکەوت و شێوازی بەشداری ناکۆکیش هەبێ و رێکنەکەوتنیش ببێ، بەڵام کەرکووک پێویستی بەوەیە رێککەوتنێکی جیاوازی لەسەر بکرێت. رەنگە رێککەوتنێکی ئاوا بتوانێ فریای ئەوە بکەوێت کە رێگە نەدات یەکێتی لەپێناوی وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگار، لە بەخشینی پۆست و پێگە هەستیارەکانی دیکەی نێو کەرکووکدا کە هی کوردن نەک حیزبێک، رۆڵی حاتەمی تەی ببینێت.



مەجید نیزامەدین گلی*
بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# شکستە گەورەکەی ئەمریکا و دەرفەتێکی زێڕین بۆ کورد

ئێران لە بەغدا بردییەوە. ئەمریکا و بریت مەکگۆرک شەڕی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیان دۆڕاند. بەڵام ئەمە مەرج نییە دەرئەنجامی خراپی هەبێت بۆ هەرێمی کوردستان.

ئەم شکستەی ئەمریکا دەکرێت بکرێتە دەرفەت، نەک وەکو شکستەکانی پێشووی ئەمریکا لە عێراق کورد باجەکەی بدات.

لەشەڕی داعشدا، هەزاران رۆڵەی کورد بوونە قوربانیی هەڵەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2011. بێگومان ئەوە تاکە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش نەبوو، بەڵام ئەگەر ئەمریکا بەو شێوەیە لە عێراق نەکشایەتەوە و واشنتن بەو شێوەیە پشتگیریی بەهێزبوونی نووری مالیکی نەکردایە، زۆر زەحمەتتر دەبوو داعش لە گرووپێکی چەکدارەوە ببێتە دەوڵەتێک کە هەڕەشە لە وجودی هەرێمی کوردستان بکات. ئێستا ئەمریکا جارێکی دیکە شکستی هێنا. برێت مەکگۆرک وایزانی هۆکاری سەرکەوتنی ئێران لە عێراق ئەوەیە کە تاران وا دەردەکەوێت لە پێناوی هاوپەیمانەکانی لە ماڵی شیعی ئامادەیە [ئەگەر پێویست بوو] بە هەموو شێوەیەک دژایەتی کورد و لایەنە سوننییەکان بکات. لە کاتێکدا هۆکارە راستەقینەکەی سەرکەوتنی تاران ئەوەیە کە سەلماندوویەتی پشت لە هاوپەیمانی خۆی ناکات و دوژمنەکانیشی لەبیرناکات. پشتگیریکردنی مەکگۆرک بۆ عەبادی لە دژی کورد لە کەرکوک و چاوپۆشی لە کۆمەڵکوژیی عەرەبی سوننە لەشەڕی داعشدا سوودی بۆ ئەمریکا نەبوو. ئەمریکا شکستی هێنا و ئەمجارە نابێت کورد باجەکەی بدات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەکرێت ئەمە بکرێتە دەرفەتێک.

ئەمریکا ئێستا پێویستی بە عێراقێکە زۆر کەمتر لە جاران مامەڵەی نەوت و بازرگانی لەگەڵ ئێران بکات، یان هەر نەیکات. عادل عەبدولمەهدیش حەیدەر عەبادی نییە. عەبادی بە رێککەوتنێکی ئەمریکی- ئێرانی بووە سەرۆک وەزیرانی عێراقێک کە بێ پشتگیریی ئەمریکا داعش دەگەیشتە پایتەختەکەی. عادل عەبدولمەهدی یەکەمین سەرۆک وەزیرانی عێراقی دوای سەدام حوسێنە کە بێ پشتگیری راستەقینەی ئەمریکا بووە سەرۆک وەزیرانی عێراق. ئەگەر عەبدولمەهدی یەک هەنگاو بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا بهاوێژێت، دە هەنگاوی بۆ ئێرانە. لەوانەیە لەم ماوەیە موجامەلەیەکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بکات بۆ پەسەندکردنی ژمارەیەک وەزیری دیکە لە پەرلەمان (کە لەوەشدا باوەڕناکەم پێویستی بە مەکگۆرک بێت) و هەروەها زیادکردنی داهاتی عێراق لە رێگای پەلەکردن لە زیادکردنی رێژەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک، بەڵام وەکو دیپلۆماتکارێکی ئەمریکی (کە لە ساڵانی 2003-2004 و 2014-2016 لە عێراق بووە و باش شارەزای وردەکارییەکانە) بە منی گوت، عەبدولمەهدی لە دژی ئەمریکا نییە،

بەڵام زیاتر متمانەی بە پشتگیریی ئێرانە. نەک هەر عەبدولمەهدی، بەڵکو زۆربەی نوخبەی سیاسی عێراقی متمانەیان بە تارانە کە وەکو ئەمریکای ساڵی 2011 لە ناکاو خواحافیزی ناکات و سولەیمانی وەکو مەکگۆرک نییە و ناهێڵێت لاشەی هاوپەیمانەکانی لە کەرکووک بە ئەبرامز بشێلرێت.

راستە عەبدولمەهدی بەردەوام دەبێت لە هەوڵی رازیکردنی ئەمریکییەکان، چونکە عێراق لە زۆر لایەنی ئەمنی و ئابووری و دیپلۆماسییەوە پێویستی بە ئەمریکایە. بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئەمریکا لە عێراقی دەوێت، زۆر زەحمەتە بە عەبدولمەهدی جێبەجێ بکرێت. لەبەر ئەوە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە واشنتن و بەرەی دژە ئێران روو لە هەولێر بکەن و ئۆفەری باش پێشکەش بکەن. لەوانەیە لە قۆناغێکدا ئەمریکا بە ئەندازەی سەردەمی شەڕی داعش و شەڕی عێراقی 2003 پێویستی بە هەولێر بێت. ئەمجارە پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئامادە بن بە پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی دیکەوە و بیریان نەچێت کە بۆ

یەکەمینجار لە دوای رووخانی سەدام حوسێنەوە، هاوکێشەی نێودەوڵەتی لە عێراق گۆڕاوە. قۆناغی داهاتوو گەڕانەوە نییە بۆ سەردەمی پێش شەڕی داعش. ئەو سەردەمەی کە ئێران و ئەمریکا جۆرە لێکتێگەیشتنێکیان هەبوو دەربارەی بابەتە سەرەکییەکان لە عێراق و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەیانتوانی بە سیاسەتی "پاراستنی بالانس" لە نێوان تاران و واشنتن بەرژەوەندییەکانیان پێشبخەن. ئەم سیاسەتی "پاراستنی بالانس"ە لە عێراقی عادل عەبدولمەهدیدا کاریگەری نابێت. لەمەودوا ئەو هەڵوێستانە زیاتر دەبێت کە مەحاڵ دەبێت لە یەک کاتدا واشنتن و ریاز و تاران و ئەنقەرە رازی بکەیت و تەنها بە بڕیارنەدان خۆت قورتار بکەیت. جگە لەوە من سیاسەتی "پاراستنی بالانس" لە نێوان لایەنە نێودەوڵەتییەکان بە جۆرە تەمبەڵییەک دەبینم لە سیاسەتکردندا. هێزی سیاسیی سەرکەوتوو هەردەم پێویستە خاوەن پلانی کۆنکریتی و دەستپێشخەر بێت بۆ قۆستنەوەی دەرفەت و کەمکردنەوەی زیانی هەڕەشەکان.



زریان رۆژهەڵاتی
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# عادل عەبدولمەهدی وەک فەرماندەی پێشمەرگە!

یەکێک لە بەندەکانی کارنامە 121لاپەڕەییەکەی سەرۆکوەزیری نوێی عێراق ئەوەیە کە حەشدی شەعبی و پێشمەرگە و باقی هێزەکانی دیکە لەژێر رکێفی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکاندا بن. هاوشێوەی عەبادی، عەبدولمەهدیش خوازیارە پێشمەرگە فەرمانی ئەو جێبەجێ بکات. ئەمە تەنها یەکێک لەو تەگەرانەیە کە دەشێ حکوومەتی نوێی عێراق بۆ کوردی دروستبکات و بیانوویەکە بۆ شیکردنەوەی بەشێ لە تەگەرەکانی ئەو کارنامەیەی کە بڕیارە حکوومەتی نوێی عیراق لەسەری بڕوات. کارنامەکە بایەخێکی زۆری بە ئامرازەکانی سەختەهێز داوە و ئەمەش دەتوانێت نیشانەی درێژەکێشانی روانگەی کۆنی چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێی هێزەوە بێت. هەروەهادەتوانێت ئاماژەیەکیش بێت بۆ مەیلی مەرکەزگەرایی لەو کارنامەیە کە لەگەڵ "دەق و رۆحی" دەستووردا ناگونجێت و بەڵێنی جێبەجێکردنیشی داوە!

لە دیباچەی دەستووری عیراقدا زۆر بە روونی باسی ئەوە کراوە کە "پابەندبوون بەدەستوور، یەکێتی ئازادانەی گەل و خاک و سەروەریی عێراق دەپارێزێت." بەڵام لەکارنامەکەی عادل عەبدولمەهدیدا دوو رێکاری دیکە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق باسکراون کە ئەوانیش گەشەپێدانی هێزە چەکدارەکانی عێراق و وەزارەتی دەرەوەیە!

لە بەشی دووەمی کارنامەکەدا هاتووە:" حکوومەت سوورە لەسەر بنیاتنان و گەشەپێدانی هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە سەروەریی عێراق بکەن و یەکپارچەیی خاکەکەی بپارێزن..."ئەمەئەگەر بۆ تەهدیدێکی دەرەوە بێت رەنگە بابەتێکی ئاسایی بێت، بەڵام ئەگەر بۆ دژایەتیکردنی لایەنێکی ناوخۆیی وەکوو کورد بێت، پێچەوانەی دەستووری عێراقە کە بەکارهێنانی هێزی سوپایی لە کێشە ناوخۆییەکاندا قەدەخە کردووە. لە بەندی چوارەمی هەمان بەشدا باسی بەرنامەی وەزارەتی دەرەوە دەکات بۆ ئەوەی یەکپارچەیی عێراق بەهێز بکات! ئەمەش بیرخەرەوەی ئەو رێککەوتنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانەن کە هەمووجارێک دەوڵەتی عێراق بۆ سەرکوتکردنی خواستی کورد بەکاریهێناون. ئەمانە لە مێژوودا گەلێکجار تاقیکراونەتەوە، توانیویانە کورد سەرکوت بکەن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە پرسی کورد بسڕنەوە.

لە هەمان بەشدا باسی پەنابەرانی سیاسی و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتان دەکات و جەخت لەوە دەکات کە رێگا نادات ئەو هێزانە لە خاکی عێراقەوە هێرش بکەنە سەر وڵاتانی دیکە. ئەمەش دەتوانێت ئاماژەیەک بێت بۆ پەکەکە و گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کورد لە هەرێمی کوردستان. بە گوێرەی ئەوە بێت حکوومەتی عیراق کار بۆ توندوتۆڵکردنی سنوورەکان و دژایەتیکردنی ئەو گرووپانە دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن ئەمە دەکات؟ ئایا لەڕێی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەوە ئەم کارە دەکات یان خۆی هێز دەنێرێت؟ لە هەردوو حاڵەتەکەشدا تەگەرەیەکی گەورەی سیاسی- ئەمنی بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات.

لە بەندی "أ"ی هەمان بەشدا کە تایبەتە بە شەڕی دژی تیرۆر، دوای ناوهێنانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و هێزی پێشمەرگە، وەک ئەو هێزانەی کە بەرەنگاری تیرۆر دەبنەوە، باس لە سووربوونی حکوومەت بۆ رێگرتن لە دامەزراندنی هەرجۆرە هێزێکی چەکداری لە دەرەوی چوارچێوەی دەوڵەت دەکات. هەروەها جەخت لە ملکەچبوونی هەموو ئەو هێزانە بۆ فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان دەکات. ئالێرەدا گرفتێک هەیە سەبارەت بەوەی کە چۆنچۆنی عەبدولمەهدی دەیەوێ ئەو ویستەی عەبادی بۆ ملکەچکردنی پێشمەرگە بۆ فەرمانەکانی فەرماندەی گشتی سوپا بێنێتەدی لەکاتێکدا کە حکوومەتی عێراق بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانی خۆی سەبارەت بە پێشمەرگە جێبەجێ نەکردووە. بەڵام کێشەکە لە دێڕەکانی دواتردایە کە باس لە هاوکاریکردن لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی دراوسێ و دەوڵەتانی دۆست دەکات بەپێی رێککەوتنی دوو لایەنە، "بۆ ئەوەی هەموو هێزەکان ملکەچی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان بن و...." واتا حکوومەتی عێراقی زۆر بە راشکاوی باس لە پەلکێشکردنی دەوڵەتانی دراوسێ و دەوڵەتانی دۆست بۆ کێشەیەکی ناوخۆیی دەکات. ئەوەش لەکاتێکدایە کە دەستوور رێگەچارەی دیکەی داناوە.

کارنامەکەی حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی گرنگییەکی زۆری بە بابەتە ئەمنی و سەربازییەکان داوە و وادیارە کە بەهێزبوونی عێراق لەڕێی هێزی سەختەوە وەک دروستکردنی هێز و گەشەپێدانی هێزە چەکدارەکان و... تاد دەبینێت. لە شەش بەندی تایبەت بە وەزارەتی بەرگریدا سیانیان بۆ کاری بە پەلە دەستنیشانکراوە و کارێکی وەزارەتی پیشەسازیشی بە گەشەپێدانی پیشەسازی سەربازی داناوە. ئەمیش وەک عەبادی ئەولەویەتی بە بەهێزکردنی عێراق لە رێی سەختەهێزەوە داوە. ئالێرەوە عەبدولمەهدی وەک تەواوکاری عەبادی دەردەکەوێت نەک شتێکی جیاواز! هەر لە یەکەم بڕگەکانی کارنامەکەیەوە، لە رێی دەستەواژەکانی وەک "دەوڵەتی ئیتیحادیی یەکپارچە"، "سەروەریی نیزام و یاسا و..." ئەولەویەتی بە بەبابەتە سیاسی- ئەمنی و سەربازییەکان داوە و بابەتەکانی تایبەت بە دابینکردنی خزمەتگوزاری و گەشەپێدانی ئابووری و بازرگانی و...تاد لە دواوە داناوە و تەنانەت بابەتەکانی پەیوەست بە خزمەتگوزاری و گەشەپێدانی مرۆیی و کۆمەڵگای لەکۆتایی بەرنامەکەیدا جێکردووەتەوە.

سەرەڕای بەکارهێنانی دەستەواژەی "جێبەجێکردنی دەستوور بە رۆح و بە دەق" چاوەڕوان دەکرێت عەبدولمەهدی زیاتر لە دەستوور، بەپێی واقیعی سیاسی عێراق و دۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان تەعامول بکات. لەوانەیە ئەوەش تەعریفکردنی پەیوەندییەکان بێت بەپێی هێز نەک یاسا و دەستوور! واتا ئەگەر هەرێمی کوردستان بەهێز بوو، مامەڵەیەک دەبێت و ئەگەر لاوازیش بوو مامەڵەیەکی دیکە دەبێت.

ستراتیژی هەرەڕاست بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە دۆخی سیاسەتی ناوخۆ گلێر بکاتەوە و بەکردەوە هەنگاو بۆ کوردستانێکی بەهێز بنێت. دۆخی پۆست ریفراندۆم دەریخست کە بەهێزبوونی کوردستان لەڕێی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان و هێزی سەختەوە ئاستەنگی گەورەی لەبەردەمدایە. هێزی سەربازیی کوردی یەک نییە و گەلێک گرفتی جەنگاوەریی هەیە. رەنگە کورد شەڕکەری ئازا بن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە شەڕزانی باش بن! هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی نێودەوڵەتی بەهێزی نییە هەتا پشتی پێ قایم بێت و بەرگەی گوشارەکانی بەغدا بگرێت. دەتوانێت بمێنێتەوە بەڵام بە لاوازی! کەوابوو چار چییە؟

باشتروایە هەرێمی کوردستان پێچەوانەی بەغدا کە مەیلی بۆ سەختەهێز دەچێت، روو لە هێزی نەرم بکات و بەوجۆرە پێگەی خۆی قایم بکات. چارەسەرکردنی کێشەکانی سیاسەتی ناوخۆ و رێکردنەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنێکی پەرلەمانی کە چاودێریی حکوومەت بکات، لەگەڵ پێکەوەنانی حکوومەتێکی بەهێز کە مەیلی چاکسازیی هەبێت، هەنگاوی سەرەتان. گرنگیدان بە گەشەپێدانی ئابووری کوردستان و دوورکەوتنەوە لە پشتبەستن بە نەوت، گەشەپێدانی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی گەشتیاری و بەهێزکردنی پێگەی هایدرۆهەژموونی کورد لە عێراق و...تاد، دەتوانێت کوردستان بکاتە جەمسەرێکی هێز لە عێراق. شەڕی چەکداری و نەوت نەیانتوانی پێگەی کوردستان لە جیۆپۆلیتیکی ناوخۆیی عێراق زۆر بەهێز بکەن، بەڵام رەنگە هێزی نەرم بتوانێت ئەو کارە بکات!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## فیلمی بەرەو ئازادی ڕەژڤانی گریاند

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







